

36

پارادیمی ڕەخنە و ڕەخنەدان...




22

مووچەخۆر لە بەردەم سێدارەی دەروونیی...



13

دەکرێ شەنگال ببێتە خاڵی وەرچەرخانی باشور؟



29

داگیرکاری مۆدێرن مەترسیدارترە...

# چیبکەین کە 2017 لە بێ ئومێدیدا نەخنکێنین


# ئازادیی کۆمەڵگە

Azadî Komelge

○ گۆڤارێکی سیاسیی، هزریی، جڤاکی مانگانەیە

Political, Intellectual and Social monthly Magazine.

ژمـــارە 13


سـاڵی دووەم

کانونی دووەم٢٠١٧

بەفرانبار٢٧١٦




## "ناوەندە پەروەردەییەکان بوونەتە تەڵی دڕکاوی"



## لە سەرنووسەرەوە

# دوای ٢٠١٦ی پڕ قەیران، لە ٢٠١٧ چی بکەین؟

ساڵی ٢٠١٦ ساڵێکی پڕ قەیران و ئاڵۆزیمان تێپەڕاند؛ دیارترینیان شەڕی داعش، ناکۆکیەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، نارەزایەتی بەردەوامی مامۆستایان و بەشەکانی تری کۆمەڵگە لەبەرامبەر نەبوونی مووچە و سیستەمی پاشکەوتی مووچە. بەو پێیە فەشەلی سیستەمی سیاسی و ئیداری لە هەرێمی کوردستان لەترۆپکیدا خۆی نواند، سەلمێندرا کە ئەو سیستەم و مۆدێلە بەهیچ شێوەیەك چارەسەری پێنیە. ئەوەی زۆرتر هاوڵاتیانی رووبەڕووی سەختی ژیان کردۆتەوە بێ گومان نەبوونی مووچەیە، حکومەت و پارتەکانی دەسەڵات دەیانگوت پارە نیە!!

ئەو سیستەمەی لە هەرێمی کوردستان لە قەیراندایە، لەبنەڕەتدا لە عێراق ساڵی ٢٠٠٣ هەڵوەشایەوە، بووە سەرەتایەک بۆ هەرەسی گەورەتر کە لە وڵاتانی عەرەبی لە ساڵی ٢٠١١ دۆمینەئاسا هەرەسی بە دوادا هات. ئەوەی ئەمڕۆ لەقەیراندایە لە هەرێمی کوردستاندا سیستەمە، نەك نەبوونی پارە.

سیستەمی هەرێمی کوردستان تا ئێستا خۆی یەکلانەکردۆتەوە، یان مۆدێلێکی تایبەت بەخۆی لەسیستەمی بەڕێوەبردن دیارنەکردووە. هەم مۆدێل و سیستەمی سەردەمی بەعس بۆ پارتی سیاسی و شێوازی حوکمڕانی پەیڕەو دەکرێت، هەمیش لەژوور ڕا زهنیەت و سیستەمی لیبرالیزم کە ئایدیۆلۆژیای سەرمایەداریە دەسەپێنرێت. لە لایەکی تر زهنیەتی حیزبگەرایی و پاوانخوازی و خێڵەکی وەها پەیڕەو دەکرێت کە کەمتر نیە لە زهنیەت و سیستەمی سەدەکانی ناوەڕاست.

تاکە سەرەوەری کە شانازی پێوەدەکەین لە ساڵی ٢٠١٦ ئەویش بەرخودانی گەریلا و پێشمەرگەیە لە شەنگال و سنوری پارێزگای موسڵ و کەرکوك. خەڵکی ئێزیدی پارتێکی نوێیان بۆخۆیان راگەیاند. کچە ئێزیدی ئازادکراوی دەستی داعش نادیە موراد ناونیشانی بالیۆزی نیازپاکی لە نەتەوەیەکگرتووەکان و خەڵاتی ساخارۆفی پێبەخشرا.

گۆڤاری ئازادی کۆمەڵگە ساڵێك تەمەنی پڕکردەوە. لە ساڵێکدا لەگەڵ ژمارەیەکی ئەزمونی توانرا ١٢ ژمارە بخرێتە بەردەستی خوێنەران و گۆڤارێك بەناوەڕۆکێکی تایبەت بەخۆی بخاتە ناو کتێبخانەی کوردی. بڵاوبوونەوەی گۆڤارەکەمان لە زاخۆوە تا خانەقین هەنگاوێکی جۆشهێنەرە بۆ ستافەکەمان.هەمانکات نوسەر و رۆشنبیرانی دەرەوەی وڵاتیش گۆڤارەکەیان وەک سەکۆیەک بینی بۆگەیاندنی بیرو بۆچوونیان بە خوێنەران. ئازادی کۆمەڵگە لەدوای وەرگرتنی را و سەرەنج و تێبینی خوێنەرو ستافەکەی بڕیاری داوە بەدیزاین و ناوەڕۆك و پاشکۆ و بابەتی دەوڵەمەندتر بەردەوامبێ لە دەرچوونی.

ئەگەر لەپەنجەرەی ساڵی ٢٠١٦ سەیری ساڵی ٢٠١٧ بکەین، بێگومانم رەشبین دەبین، پێمان وایە کە چیدیکە ناکرێ خۆمانبە دەسەڵات و مۆدێلی سیاسەتی دەسەڵاتەوە سەرقاڵ بکەین. سەردەم سەردەمی گەلان و خۆرێکخستنی کۆمەڵگەیە لەسەر بنەمای هێزی خۆیی. دەسەڵاتی سیاسی لەناو قەیرانێکی قوڵدا ئەتلێتەوە و نیازی نیە پرسەکانی هەرێم چارەسەربکات. ساڵی ٢٠١٦ نەک هەر قەیرانی نەوت چارەسەر نەکرا، بەڵکو ئاشکرا بوو کە نەک هەر نەوت کە سامانێکی گشتیە، بەڵکو بیرە نەوتەکانیش فرۆشراوە کە ئەمە خۆی لە خۆی دا تاڵانی و ناپاکیەکی نیشتمانیە و شایەنی لێپرسینەوە و بە دادگا گەیاندنی ئەنجامدەرانێتی. لە بەردەوامی ئەم قەیرانەدا هەم بە سیاسەتی فرۆشتنی نەوت و بە تاڵان و قۆرخکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان کۆمەلگە دەکەوێتەوە نێو بەرداشی هەڵوێستی تاکرەوانەی حکومەتی هەرێم و هەڵوێستی سزادەرانەی حکومەتی بەغدا. چەمك و شێوازی کاری حیزبگەرایی و بنەماڵەگەرێتی، کۆمەڵگەی لەدیالۆگ و دانوستاندنی نێوان حیزبەکان بێ هیوا کردووە، وێڕای بانگەشەی بەردەوامی دانوسان هەموو کەس دەزانێت ئیرادەی بڕیاردان بۆ چارەسەری لاوازە، لایەنەکانی دەسەڵات حسابیان لەسەر باڵادەستی حیزبی و هەژموون و قۆرخکاری ئابوری زیاترە.

پرسیاری سەرەکی؛ چیبکەین بۆ ئەوەی ساڵی ٢٠١٧ لەنێو بێ ئومێدیدا نەمانخنکێنێ، چۆن رێگا لەوانە بگرین کە جاڕی شەڕ دەدەن لەسەر شەنگال، چۆن هێزەکان ملکەچی کۆنگرەی نەتەوەیی بکەین، چۆن رێکەوتنە نەوتیەکان بکرێنماڵی هاوڵاتیان، چۆن سامانی دزراوی خەڵك کە لەژێر زەمینەکان و لەبانکەکانی دەرەوەن بگەڕێندرێنەوە و کێشەی ئابوری و نەبوونی مووچە چارەسەرکەین، لەپێناو سەربەخۆیمان لە سیاسەت و ئابوری وژیانێکی بەشکۆ چۆن لە داگیرکەری تورکیا لەباشوریش رزگارمان دەبێت؟

واتا ئەگەر بەشێکی کەم لەچارەنوسمان لەدەستی دەسەڵات و لایەنە سیاسیەکان دابێ، بێگومان بەشی گەورەمان لەدەست خۆماندایە، بۆیە لەهەموو سەردەمێکیش کۆمەڵگە سەنگی مەحەکە بۆیەکلاکردنەوەی ئاڵۆزی و قەیرانەکان.

# Azadî Komelge




13

# ئازادیی کۆمەڵگە


گۆڤارێکی سیاسیی، هزریی، جڤاکی مانگانەیە

**خاوەنی ئیمتیاز**
**محەمەد کیانی عەبدولرەحمان (د.محەمەد کیانی)**

**سەرنووسەر**
**گۆران عەلی حەسەن ( گۆران پێنجوێنی)**

**دەستەی نووسەران**
**د. سالار باسیرە**
**سەردار ستار**
**بەیان عەلی**
**نەجیبە قەرەداخی**
**کامەران گوڵپی**
**کوردۆ شوانی**

**راوێژکاری یاسایی**
**پارێزەر هیلال ئیبراهیم**



پەیوەندییەکان لەرێگەی سەرنووسەرەوە دەبن
07702227274
07501539197
goran.a.hesen@hotmail.com
www.komelge.com
www.facebook.com\ Azadi Komelge




چاپ: چاپخانەی بەهەست
تیراژ: 1000 دانە
نرخ: 1500 دینار



18



25



43



47



33



51




ناونیشان: نوسینگەی سەرەکی: کوردستان - سلێمانی - گەڕەکی ئاشتی - باخی سەعید بەگ

# کریارا خواندنێ ل باشورێ کوردستانێ

ئازادیی کۆمەڵگە

چاوپێکەوتن: ئازادی کۆمەڵگە



کامیران محەمەد نەبی مستەفا( د.کامەران بەرواری)

د.کامیران بەرواری مامۆستا لە زانینگها دهوکێ و جێگرێ سەرۆکێ بۆردێ ئەکادیمیا هزر و سیاسەتە دیموکراتی ژ هەڤدیتنەکدا ژبۆ گۆڤارا ئازادی کۆمەڵگە ژئالیا خوەندن ل باشوری کوردستان و سا ئاخفی: ل باشورێ کوردستانێ، هەموو کەم و کوری و هەموو لایێن ژیانێ گرێدای ئێکن. ل باشور شۆڕەشەکا بێ هزر، بێ فەلسەفە، بێ ئایدیۆلۆژیا و بێ ستراتیژی هاتە کرن.

**ئازادی کۆمەڵگە: سیستەما خوەندنا مە چارچوڤەیا وێ لسەربنەمایەکێ ڕەخنەگرانە نەهاتییە ئاڤاکرن، ئەرێ ئەڤە نەهۆکارە بۆڤێ کۆد ناڤەندێن ئەکادیمی و جڤاکا مەدا تاکەکێ نیگەتیڤ وبێ بەرهەم دروست ببیت؟**

د.کامیران بەرواری: ل باشورێ کوردستانێ، هەموو کەم و کوری و هەموو لایێن ژیانێ گرێدای ئێکن. ل باشور شۆڕەشەکا بێ هزر، بێ فەلسەفە، بێ ئایدیۆلۆژیا و بێ ستراتیژی هاتە کرن. دڤێ سەدسالا چۆییدا کورد نەشیان ببنە خودان سەرکردایەتییەکا نەتەوی، نیشتمانی، دیموکراسی و پێشکەفتن خواز. ژبەرڤان هوکاران پشتی رزگاربونا بەشەك ژئاخا باشورێ کوردستانێ ل بهارا (١٩٩١)ێ و پشتی هلبژارتنێن (١٩٩٢) و دامەزراندنا حکومەت و پەرلەمانێ کوردستانێ تەڤ پارتییێن دەستهلاتدار نکارین ژهوشمەندییا (زهنییەتا) خوە یا گوندی، هوزگەرایی، حزب گەرایی و کەس پەرستی رزگاربن. حکومەت و هەموو سازی ب هەمان هوشمەندییا کەڤن ئاڤاکرن. ژبەرڤێ راستیێ ل باشور تشتەك نینە ب ناڤێ سیستەم و ستراتیژ. وەزارەتا خاندنا بلند و وەزارەتا پەروەردەیا هەرێما کوردستانێ ژی سیستەمەکا بێ سیستەم هەیە. پەروەردە و فێرکرن لسەربنەمایەکێ زانستی و هەڤچەرخ و شارستانی نەهاتینە ئاڤاکرن. ئەڤ سیستەمێ هەیی یێ بێ سیستەم و بێ ستراتیژی تێکەلکرنەکا بێ سەروبەرو نەزانستی یە ژسیستەمێ رژێما بەعس و سیستەمێ تورکیا و سیستەمێ سویدی و بریتانی و ئەمریکی..هتد. ژبلی ڤێ ل جهێ سیستەم و ستراتیژییا پەروەردەیی پەروەردە لسەربنەمایێ گێول و مەڕەقا کەسی و حزبی برێڤە دچیت و هەتا نها شێوازەکێ خوەرست و رەسەن و ستراتیژی وەرنەگرتیە. ئارمانج ژپرۆسێسا پەروەردێ ب گشتی ئاڤا کرنا کەسایەتیا مرۆڤێ کوردستانی نینە چ ژلایێ پەروەردەیی یان زانستی ڤە لەورا هەتا نها ئەوتاکێ بەرهەمدارو کارا نەهاتیە ئاڤاکرن.

**ئازادی کۆمەڵگە: بۆچی ناڤەندێن خوەندنا مە و ب تایبەت خوەندنا باڵا میتۆدەك نینە بۆتێگەهاندنا تاك و جییەك دناڤدا نینە بۆبەرهەمداری و داهێنانێ؟**

د.کامیران بەرواری: د بنەرەتدا (دەستهەلاتا حیزبی) یا باشور باوەری ب هزر و فەلسەفە و زانستێ نینە. نەبەس مرۆڤێ ئەکادیمی و زانا و ڕەوشەنبیر ژبۆ وێ گرنگ نینە، بەلکو ئەو دژی هەموو رەنگە پێشڤەچونەکا سیاسی و پەروەردەیی یە.

ژبەرڤێ ئەوگرنگیێ نادەتە خوەندنا باڵا و کەسایەتی یێن خودان توانایێن زانستی و شارەزا. دەستهەلاتێ دڤێت ئەوهەموزانا وئەکادیمی وبکەڤنە دخزمەتا هژمارەك مرۆڤێن نەخوەندەوارو حیزبی دا، ژبەر ڤێ تاکێ زانا و ڕەوشەنبیرو وەڵات پارێزو ئەکادیمی نەشیایە ڕۆلێ خوە د ئاڤاکرنا ڤی وەلاتیدا وەکو پێدڤی ب بینیت و ببیتە تاکەکێ بەرهەمدار. هەتا ئەگەرمرۆڤێن داهێنەرژی هەبن داهێنانێن وان دهێنە ونداکرن وپشت گوهە هاڤێتن! هەتا نها (حیزب) هەمو ناڤەندێن خاندنا باڵا بڕێڤە دبەن دبەن ووەکوپرۆژەیێن ئابوری بوتاك وحیزب زانکۆدهێن ئاڤاکرن وبڕێڤەبرن.

**ئازادی کۆمەڵگە: بۆچی ناڤەندێن خوەندنا باڵا «بیرکرن» و«تێگەهێ» بەرهەم نائینیت وڕۆڵ د پرسێن سیاسی وجڤاکیدا نینە؟**

د.کامیران بەرواری: چونکول ڤی وەڵاتی تشتەك ژ(هزر وبیر) بێ بهاتر نینە!! دەستهەلاتا ڤی وەڵاتی هەرهزرەکا تازە و پێشکەفتی وجودا ب مەترسی ل سەر خوە دزانیت. ژبەرڤێ ئەڤە (٢٦) سالە ل باشور وەنەکریە هزر وفەلسەفە و ئایدیولۆژیایەك کوردی – کوردستانی یا هەڤچەرخ وشارستانی دروست ببیت و مرۆڤێ کورد ژی ببیت خودانێ هزرا خوە یا تایبەت هەتا نها تاکێ باشوری ب ئەقلێ تورکی، عەرەبی، فارسی وڕۆژاڤایی هزر دکەت. کەواتە ناوەندێن خوەندنا باشور هزر بەرهەم نەئینایە ونەشیاینە رۆل د پرسێن سیاسی وجڤاکیدا ببینن.

**ئازادی کۆمەڵگە: ناڤەندێن خوەندنا مە بۆچی نە ل ملێ ئابۆریدا تاکەکێ بەرهەمهێنەردروست دکەت، نە ل ڕۆیێ هزری وئەکادیمی تاکەکێ دروست دکەت کوخوەدیێ کەسایەتیا سەربخوە بیت؟**

د.کامیران بەرواری: ژبەرکۆ دبنەڕەتدا هیچ پڕۆژەیەکێ نیشتمانی وشارستانی (مەدەنی) وستراتیژی یێ نەتەوی د سەرێ دەستهلاتا باشور دا نینە، ژبەرڤێ ئەو ناهێلن تاکەکێ کوردستانی یێ ئازاد و دیموکرات وخودان کەسایەتییەك سەربەخۆدروست ببیت. چونکوتشتێ دەستهلات ژێ دترسیت ئەوتاکێ ئەکادیمی وزانا ورەوشەنبیروسیاسی یە یێ خودان کەسایەتی وبەرهەم هێن وسەربەخۆ. دڤێت ناڤەندێن خاندنێ هەموو لسەر هەرئاستەکێ لژێرفەرمانا کەس وحزبی دابن وبەردەوام وەکوکارگایەکێ مرۆڤێن خوەندەوارێن نەزان بەرهەم بینن. ئەرێ (پایەنامەیێن بلند) هەنە لێ ب تنێ ئەو کەس جی د دام ودەزگایێن گرنگ دا دبینن یێن کەسایەتیا وان ل ئاستەکێ کێمدا بن ل بەرامبەرکاربدەستان ودەستهلاتێ.

> **د بنه ڕه تدا تێکدانا ره وشا باشور ب زانابون و به رنامه هاتن کرن**

**ئازادی کۆمەڵگە: پڕسا پێشخستنا (کەرتێ تایبەت) ل پڕۆسەیا خوەندنێ ل باخچێ ساڤایان بگرە بۆتا زانکۆیێ، ئەرێ جڤاکێ تووشی پارچەبۆنێ ناکەت؟**

د.کامیران بەرواری: بەلێ سەداسەد پرسا کەرتێ تایبەت یێ خوەندنا ل باشور ب هەموو قۆناخێن خوەڤە پڕمەترسیدارە! ژلایەکیڤە هەردینەك، هەرمەزهەبەك، هەرملەتەك ل باشور وەکۆخوە پەروەردە ددەت. ژلایێ دیڤە دەستێ هەموو دەولەتێن هەرێمی وجیهانی هاتیە دناڤ پرۆسێسا پەروەردەیا باشور دا. هەروەلاتەك هەر دەزگایەکا ئەولەکاری لگۆر حەزا خوە ل هەرقۆناخەکێ پەروەردە ددەت زارۆکی. ژبلی ڤێ دابەشبونا مەترسیداردناڤ جڤاکێ باشوریدا خوەندن وپرۆسێسا وێ بگشتی ل باشور ود هەموو قوناخاندا بۆیە پرسەکا بازرگانی وبەس!! واتە خوەندن وخوەندنگەهـ وزانکۆبوینە پرۆژەیێن کەسی وحیزبی (دکان وسوپەرمارکێت) یێن کۆکەسەك لایەنەك هەست ب مەترسیداریا ڤێ بکەت. ب باوەرا مە ئەڤە مەترسیدارترین مەترسییە لسەرپێشەڕۆژا گەلێ باشورێ کوردستانێ.

**ئازادی کۆمەڵگە: نەبۆنا موچەیان وخزمەتگوزاریان بۆمامۆستایان و نەبۆنا خزمەتگوزاریا خوەندنگەهان و ناوەندێن خوەندنێ، چ کارتێکرنەك هەیە بۆسەربەرەڤ پێشڤە برنا خوەندنێ؟**

د.کامیران بەرواری: د بنەڕەتدا تێکدانا رەوشا باشور ژپەککەتنا پەرلەمانی و حکومەتێ بگرە، هەتا تێکدانا هەمو خزمەتگوزاریان وتێکدانا پرۆسێسا خوەندن وپەروەردەیێ هەموب زانابون وبەرنامە ونەخشەیەکێ پێش وەخت ئامادە کری هاتن کرن. چونکو ئەڤ هەمو تێکدانا رەوشا سیاسی، ئابوری، جڤاکی، پەروەردەیی ب دیتنا هندەك لایێن سیاسی تەمەنێ وان یێ دەستهلاتداریێ درێژ دکەت!! د هەمان دەمدا ئەول رۆژێ ب ملیونان دۆلاران مفادارن، چونکو هەرچی داهاتێ ڤی وەلاتی هەیە ژبۆچەند کەس و چەند حزبان دچیت وبێ ئاگاهی یا هیچ دەزگایەکا نەتەوی ونیشتمانی ورەوا یا ڤی وەلاتی. هەلبەت کاریگەرییەکا زۆرنەرینی یا بێ موچەیێ لسەرخوەندنێ هەیە. هەروەسا ئەوخزمەتا پێدڤی ژبۆهیچ



وینەی خویندکارانی زانکۆ، بەهەڵدانی کڵاوەکانیان دڵخۆشی خۆیان دەردەبڕن

دەزگایەکا خوەندنێ و پەروەردێ ناهێت کرن. ژبەرڤێ نە تنێ هەر خوەندن و زانین پێشڤە ناچن، بەلکو گەلەك پاش ژی کەفتن. رۆژانە ب دەهان قوتابی دەست ژ خوەندنێ بەردەن، مامۆستا و دکتۆر و زانایێن ڤی وەلاتی دەست ژکار دکێشن و دچنە دەرڤەی وەلات.

**ئازادی کۆمەڵگە: خوەندەکار دنێڤبەرا بزاڤ و چاڤەڕێکرن و پەیام و سۆزێن دەستهەلاتێ دا ماینە، چ بهێتە کرن بۆڤێ کو پرۆسەیا خوەندنێ ب سەرکەفتیانە برێڤە بچیت؟ ئەرێ پرۆژەیەك ژلایێ وەڤە هەیە د ڤی بارێ دا؟**

د.کامیران بەرواری: دڤێت ئەو براستی بهێت زانین، نابیت کەس چاڤەڕێی سوزێن دەستهلاتا باشور بیت! چونکو ئەڤێ دەستهەلاتێ هیچ رۆژەکێ بەڵێنەکا خوە ژبۆ هیچ کەسەکێ بجه نەئینایە. لەورا نابیت خوەندەکار چاڤەڕێی هیچ سۆز و پەیمان و بەڵێنەکێ بن. چونکو ئەڤ دەستهلات ب گشتی حەزدکەت ئەڤ هەموو مللەتە ڤەگەڕیتە قۆناخا سەردەمێ چاخێن ناڤین و هەموو نەزان و نەخوەندەوار بن، هەتا کۆبکارن زۆر ب ئاسانی دەستهەلاتا خوە ب سەروی گەلێ برسی و نەزان دا ب چەسپینن. پرۆسێسا خوەندنێ دێ ل وی دەمی یا سەرکەفتی و زانستی بیت دەما فەلسەفەك تازە ژبۆ پەروەردێ بهێت دانین. دەما پرۆژەیەکێ ستراتیژی یێ سیاسی، جڤاکی، دەستهلاتداری ژبۆ باشور بهێت ئەرێ کرن، دەما باشور دەستورەك هەبیت. دەما دامودەزگایێن (شەرعی) ڕەوا ل باشور هەبن، دەما هندەك هەلبژارتن راست و دروست و رەوا بهێنە کرن، دەما هەمو دەستهلات سەربەخۆ ببن، د ڤی واریدا مە وەکو (ئەکادیمی یا سیاسی و هزرا دیموکراسی) پرۆژە ژبۆ باشور ب گشتی و ژبۆ پرۆسێسا پەروەردێ و دیموکراسی کرنێ هەنە. لێ هەتا رەوش ل باشور ژ هەموو لایانڤە نەهێت ئاسایی کرن، هەتا گەل نەبیت خودان بڕیار و ئیرادە، هەتا یاسا نەبیتە سەروەر، هەتا یەکێتی یا نەتەوی و بەرژەوەندی یێن بالا یێن ڤی مللەتی لبەرچاڤ نەهێن گرتن، هەتا پارتیێن سیاسی دەست ژ دەستهەلاتا خوە یا نە (شەرعی) ڕەوا و نە یاسایی بەرنەدەن و دەست ژ سەرداهاتێ گەل هلنەگرن، هیچ گۆڕانکارییەك ل ڤی وەلاتی روو نادەت و چ پرۆژە ژی د سەرکەفتی نابن، چونکو دەستهەلات ب خوە رێگرە ژبۆ هەرکارەکێ نیشتمانی، نەتەوی.


# مامۆستایەکی زانکۆ: بەرپرس هەبوایە خوێندن نەدەکەوتە بەر هەڕەشە

ئازادیی کۆمەڵگە

ئا: ئاسۆ جەوهەر

**مامۆستایەکی زانکۆ رایدەگەیەنێت: پەککەوتنی پرۆسەی خوێندن، تێهەڵکێشە لەگەڵ ئەوکەنارخستنەی زانکۆ و ناوەندە مەعریفییەکان. جەختش دەکاتەوە: پارادایمی سیستەمی خوێندن، لە روانگەیەکی رەخنەگرانە و داهێنەرانەوە بونیاد نەنراوە.**

«پێوستە لە پرۆسەی خوێنندنا سێ کۆڵەکەی (پرۆگرامی خوێندن، خوێندکار، مامۆستا)هەبێت، جگە لەوەش کەش وزەمینەیەکی گونجاو هەبێت، هەتا ئەم سێ کۆڵەکەیە بەیەکەوە پەیوەست بکات. ئێستا لەهەرێمی کوردستاندا، ئەگەر بایکۆتیش بشکێت، هێشتا ئەو زەمینەیە نییە.»



**عەبدورەحمان ئەحمەد وەهاب**، لە پەرتووکی»مەلەی دژە رەوت، پەروەردە لە روانگەیەکی رەخنەگرانەوە»، دەنووسێت:»لە خۆگرتنی روانگەی رەخنەگرانە بۆ پرۆسەی پەووەردە، سەری لە گۆڕینی ئەوپارادایمەوە دەردەچێت کە دەستگاکانی پەروەدەو ئەکادیمیای لەسەر لەگەڵ وردو درشتی کایە پەروەردەییەکاندا دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو دنیابینی و میتۆد و بنەمایانە بیرکردنەوەمانیان لە چوارچێوەگرتووە بخەینە ژێرپرسیارەوە و، هەروا وەک بابەتی سەلمێنراو لۆجیکی و براوە وەریان نەگرین. بۆیە بۆ ئەوەی بتوانین گۆڕانکاری لەو پارادایمەدا بکەیەن کە لەڕێیەوە پرۆسەی پەروەردە دەبینین،

> **تیۆری پێداگۆجی بەواتای فەلسەفە، زانست، هونەر، میتۆد، تیۆری و کرداری پەروەردە و فێرکردن دێت**

پێوستە پەروەردەکار و مامۆستایان و سیاسەتوان و کەسانی پسپۆڕ و لایەنە پەیوەندیدارەکانی نێو کۆمەڵگە، پێداچوونەوەی سەرەکی و بناخەیی بەتێڕوانین و بروا و تێگەیشتنیاندا بکەن، لەبارەی سروشت و مەبەست و ئامانجەکانی پرۆسەی پەروەردەوە.»

عەبدورەحمان ئەحمەد، ئەوە دەخاتە رووکە ناوەندەپەروەردەیی وئەکادیمییەکانی هەرێم، چالاکیی فیکری و فەلسەفی ناوەندە پەروەردەیی و ئەکادیمییەکان لە هەرێمی کوردستاندا بوونەتە تەلی دڕکاوی بۆ چالاکیی فەلسەفی و فیکری، بەتایبەتی فیکر و فەلسەفەی پەروەردە. پەیوەستکردنی فەلسەفە و تیۆری و بیر بەئەنجامدان و کردارەوە لە کایە پەروەردەیی و ئەکادیمییەکانی هەرێمی کوردستان دا بەگشتیی، بەتایبەتی لە ناوەندەکانی خوێندندا هێندە شتێکی نامۆیە، کە ناڕاست نییە گەر بوترێت لە پەراوێزیشدا جێگای نە بووەتەوە.»

ئەو نووسەرە ئەوەش دەخاتەڕوو، کە پرۆسەی خوێندن هۆکارێکە بۆ ئەوەی لە رووی کلتوریی و ئابووریی وکۆمەڵایەتی ژیانی مرۆڤ بگۆڕێت: پێشخستینی کلتوری نێو پۆل و ناوەندەکانی خوێندن بەشێوەیەکبێت تا پشتگیری لەوفێرخوزانە بکات، کە لە رووی کلتور و ئابوورییەوە پەراوێز خراون. هەروەها پەروەردە و فێربوون پرۆسەیەک بێت فێرخوازان، بەتوانا بکات تا باری کۆمەڵایەتی نالەباری خۆیان بگۆڕن و گیرۆدەی چەقبەستن و تەسلیم بوونی کۆمەڵایەتی نەبن.

عەبدورەحمان ئەحمەد، هێما بۆ ئەوە دەکات کە تیۆری پێداگۆجی رەخنەگرانە لە سیستەمی خوێندنی هەرێمی کوردستاندا هەبێت و جەخت دەکاتەوە: گۆشەنیگای تیۆری پێداگۆجی بەواتای فەلسەفە، زانست، هونەر، میتۆد، تیۆری و کرداری پەروەردە و فێرکردن دێت. پێداگۆجی

ڕەخنەگرانە، لەسەربنەمای ئاشکراکردن و بریتییە لە پرۆسەی کۆنترۆڵکردنی کایە و مامەڵە کۆمەڵایەتییەکانی گرۆو کەرتە پەراوێزخراوەکانی نێو کۆمەڵگە لەلایەن سەرکردە و دەسەڵاتە مەعنەوی و مەعریفی و ئەکادیمییەکانەوە بەقازانجی دەسەڵاتداران. بۆیە پێداگۆجی ڕەخنەگرانە کارلەسەرڕوونکردنەوەی ناعەدالەتی وئەو مامەڵە وهەڵوێستە هەژموونداارانە دەکات کە بەسوودی دەسەڵاتدارانە. لەمەشەوە کاری پێداگۆجی وڕەخنەگرانە دەبێتە ئاشکراکردنی ئەوپەیوەندییە بەهێزەی لەنێوان سیاسەت وئابووری وکلتور و پرۆسەی پەروەردە وفێرکردندا هەیە.



**حەیدەرناسیح**، مامۆستای زانکۆ، ڕەخنە لەسیستەمی خوێندنی زانکۆیی دەگرێت رایدەگەیەنێت، کە پارادایمی پرۆسەی خوێندنی ئێمە لەسەربنەمایەکی ڕەخنەگرانە و داهێنەرانە بونیاد نەنراوە و بە ئازادی کۆمەڵگەی ڕاگەیاند: پارادایمی سیستەمی خوێندن و پەروەردە، کە دروست دەتوانین بڵێین لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە و داهێنەرانەوە بونیاد نەنراوە، بەڵکو وەکو ترادیسیۆنی زانستی سەیرکراوە.

حەیدەرناسیح، مامۆستای بەشی ئینگلیزی – زانکۆی چەرموو، لەوەشدوا کە «زانکۆ و ناوەندە زانستی و پەروەردەیی و ئەکادیمیەکانی ئێمە، هەرگیز نەبوون بە پشکێکی کاریگەرلە پرۆسەی پێشخستنی زانست و بەرزکردنەوەی



ئاستی پەروەردەیی تاک. بەڵکوزیاتر شوێنێک بوون بۆ پیادەکردنی ترادیسیۆنی زانستی، واتا؛ پرۆسەی خوێندن و پەروەردە بەگشتیی، بوون بە بەشێکی دانەبڕاو لەوترادیسیۆنەی کە چەمکی خوێنەواریی تەنها وەکو پێداویستییەکی سەرەتایی ژیانی (گشت) پێناسە دەکات، نەک وەکو پرۆسەیەکی مەعریفی کە تاکی پەروەردەکراو وپڕچەک بە زانست بەرهەم بهێنێتە نێو کۆمەڵگەوە. یەکێکی تر لە هۆکارەکان، بەبڕوای من، بەدرێژایی مێژووکۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی ناجێگیر بووە، خاوەن کیان نەبووە، بۆیە بەردەوام بیرمان لە بابەتە کاتییەکان زیاتر کردوەتەوە وەک لە پرۆژەی درێژخایەن و پلانی دوورمەودا، چونکە پرۆسەی پەروەردەکردنی تاک و پێخستنی زانستی ڕێگایەکی دوور و درێژە و، بەرهەمەکەی لە داهاتویەکی دووردا بەدەست دێت.»

وتیشی: هۆکارگەلێکی زۆر هەن، لە پشت ئەوڕاستییەی کە زانکۆ و ناوەندە مەعریفییەکان، لەسەرهەردوو ئاستی گشتیی و تاکدا، بێ ڕۆڵ و پاسیف کراون و زۆر بەدەگمەن جوڵانەوەی داهێنەرانەی تێدا ئەنجام دەدرێت، لەوانەش بەسیاسیی کردنی زانکۆ، وەک سەرجەم کایەکانی تری کۆمەڵگە. بەتایبەتی لە ٢٥ ساڵی حوکمڕانی خۆماڵییدا. گومان لەوەدا نییە کە پێشتر زانکۆکان لەڕووی ژمارەوە زۆر لە ئێستا کەمتربوون، بەڵام کوالیتی خوێندن و ئەوکاریگەرییەی کە دروستیان دەکرد، چەند جارانی ئێستا زیاتربوون. زانکۆکان لە ئێستادا، بەزۆری بوون بە بەشێکی ڕاستەوخۆ وناڕاستەوخۆی پرۆسەی پارە پەیداکردن، هێواش هێواش دەکەونە ژێر سێبەری سەرمایەدارییەوە، کە بەبڕوای من ئەو قۆناخە بۆنەتەوەیەکی بێ کیانی بێ دەوڵەت زۆر مەترسیدارە.

ئاماژە بەوەشدەکات: یەکێکی تر لە هۆکارەکان بریتییە لەوەی، زانکۆ هەرگیز لەلایەن دەسەڵاتەوە وەکو ناوەندی بەرهەمهێنەری زانست و داهێنان سەیرنەکراوە، بۆیە بەشێوەیەکی ئەوتۆ گرنگی پێنەدراوە و زۆرجار لەڕووی کادیری زانستی و تەنانەت لەڕووی لۆجیستیکیشەوە کەموکوڕی ئێجگار زۆری تێدا بەدیکراوە و پشتگوێ خراوە. تا ئەو ڕادەیەی کۆی پرۆسەکە پاسیف

**ئەم بێ ڕۆڵکردنە بەڕوونی دەگاتە ئەو کەسانەی لە زانکۆ و ناوەندە زانستییەکان کار دەکەن**

کراوە. کاتێکیش ئەم بێ ڕۆڵکردنە بەڕوونی دەگاتە ئەوکەسانەی لە زانکۆ و ناوەندە زانستییەکان کار دەکەن (مامۆستا و فێرخواز)، ئەمەش دیسان دەبێتە هۆی ساردبوونەوەیان وتەنانەت ئەگەر پەرۆشییەکیش پێشتر هەبوبێت، ئەوا لەباردەبرێت. بەداخەوە، ئێمە کاتێک ناوەندی زانست و پەروەردە لە سروشتیبوون دادەبڕین، ئەوبەدیلەی جێگەی ئەمە دەگرێتەوە، بریتییە لەو بێسەروبەرییەی لەسەرئاستی زانستی و پەروەردەیی تاک لە ئێستادا دەبینرێت

و پاشانیش دەرژێتە نێو کۆمەڵگەوە، لێرەشەوە لە داهاتویەکی دووردا، کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی لە سەرخان و ژێرخانی ئەو کۆمەڵگەیەدا رەنگ دەداتەوە.

ناوبراو، جەختدەکاتەوە: لە وڵاتی ئێمە، تا ئێستا لە گرنگی و پێگەی ناوەندە زانستی و ئەکادیمییەکان تێنەگەیشتووین، شوێنی نەکەوتووین، لەکاتێکدا هەنووکە لەزۆربەی وڵاتانی پێشکەوتووی خاوەن ئەزموون، زۆربەی کایەکانی ژیانی مرۆڤ بە زانستی و ئەکادیمی کراون، بەپێچەوانەوە لە وڵاتی ئێمە هیچ پێگەیەکی بۆ دانانادرێت، دەرەنجامەکانی ئەمەش زۆر بەروونی، لە بواری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا رەنگی داوەتەوە.

ئەو مامۆستایەی زانکۆی چەرموو، درێژەیپێداو وتی: بایکۆت و پەککەوتنی پرۆسەی خوێندن تێهەڵکێشە لەگەڵ ئەو کەنارخستنەی زانکۆ و ناوەندە پەروەردەیی و مەعریفییەکان، ئەگەرچی بایکۆت وەک سادەترین هەڵویستی مەدەنی، مافی ستاف و مامۆستایانی ئەو ناوەندانەیە، بەڵام لە بنەرەتدا، ئەوە دەسەڵاتە کە بێباکانە دەستی بۆ قووتی ژیانی خەڵکانی ئەکادیمی و زانستی بردووە، بەهیچ شێوازێکیش ئامادەنییە گوێ بۆ داخوازییە رەواکانیان بگرێت. هەمووان دەزانین، زانست لە دوای پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانی مرۆڤ دێت، داهێنان بەتاکێکی بێ کێشە و ئازاد دەکرێت، نەک سوکایەتی پێبکرێت و بگەڕێندرێتەوە بۆ سەردەمی دەرەبەگایەتی.

هێماش بۆ ئەوە دەکات کە «بێدەنگی و بێهەڵوێستی خوێندکارانی زانکۆ هەیە، لەسەر ئاستی خوێندکاروەکوتاک، هەروەها لەسەر ئاستی سەرجەم رێکخراوە خوێندکارییەکان. ئەمە پێمان دەڵێت کە تا ئێستا خوێندکار نیگەرانییەکی ئەوتۆی نییە لە پەککەوتنی دەوام، کە ئەمەش بێهیواییەکی ئێجگار گەورە نیشان دەدات، ئەوە روونەدەکاتەوە کە لایەنی زانستی لای خوێندکار زۆر گرنگ نییە، بەڵکو زیاتر لەوە بەڕێکردنی ساڵی خوێندنی بەلاوە گرنگە.»

حەیدەر ناسیح، مامۆستای زانکۆی چەرموو، ئەوەشی وت: گومانی تێدا نییە، زەرەرمەندی یەکەم لە بایکۆت و هەڵپەساردنی دەوام، خوێندکارانن، چ لەو رووەی کە مەترسی فەوتانی ساڵێکی خوێندنیان هەیە، یاخود لەو لایەنەی کە ئەگەر ئەمساڵی خوێندن دەستپێبکرێتەوە، ئەوا زیانێکی گەورە دەبێت لەسەر ئاستی زانستی و ئەکادیمی، بۆیە بەبڕوای من ئەبوو رێکخراوە خوێندکارییەکان لە هەژموونی

> **نەبوونی بنەمای رەخنەگرانە، لە سیستمی خوێندنی هەرێمی کوردستاندا، سیستمێکی هەڕەمەکییە**

حیزبی بێنە دەرەوە و رۆڵی خۆیان بگێڕن، شانبەشانی مامۆستاو ستافی زانکۆکان هەوڵبدەن بۆ گێڕانەوەی شکۆی زانست و زانکۆ، چونکە ئەمە گرەوێکە لەسەر ئاستی زانستی ئەوان دەکرێت، پێویستە بەپێی ئەو زیانەی بەریان دەکەوێت هەڵوێستان هەبێت. بەڵکو لێرەوە دەستیان هەبێت لە بونیادنانی دنیابینییەکی نوێ بۆ زانکۆو زانست، چیتر زانکۆ لە کایەکانی تری کۆمەڵگە دابڕاو نەکرێت و رۆڵ و کاریگەری خۆی هەبێت.



**ئاراز ئەحمەد محەمەد**، خوێندکاری ماستەر و نووسەری کتێبی «پەروەردە و زانکۆ: نەخشەڕێگایەکی گەوهەریی بۆ خودهۆشیاریی و دیموکراسیی و سەروەرێتیی» بە ئازادی کۆمەڵگەی وت : نەبوونی بنەمای رەخنەگرانە، لە سیستمی خوێندنی هەرێمی کوردستاندا، لەسەر ئاستی قوتابخانە و خوێندنگا و پەیمانگا و زانکۆکان، سیستمێکی هەڕەمەکیی و هاوردەکراوی دەستی دووەم یان سێیەمە، هەربۆیە دەتوانین بەڕاشکاوانە ئەو گەنگەشەیە پشتڕاستبکەینەوە کە بنەمای رەخنەگرانەی تێدا لەرزۆکە و نەمەییوە. چەندین هۆکاری جیاواز و لەهەمانکاتدا یەکانگیر بۆ نەبوونی کۆڵەکەیەکی پتەوی رەخنەگرانە هەن، لەوانەش:

یەکەم: هۆکاری سیاسیی کە بریتییە لە ململانێی قووڵی حیزبە سیاسییەکان و حکومڕان و کاربەدەستان بۆ گەیشتن بە ئەوپەڕی رادەی خۆشگوزەرانیی و کۆکردنەوەی زۆرترین داهاتی ئابووریی لە سەرچاوە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستانەوە، بەبێ گوێدانە هیچ بەهایەکی مرۆیی و ئەو بەرخۆدانە دیرۆکییەی کە بە هەزاران گیانی لە پێناودا بەختکراوە.

دووەم: بێمتمانەیی و لاوازی گیانی هاوکارییکردن و پووکانەوەی رۆحییەتی بەدەمەوەچوون و پاڵپشتیکردن لە هەموو دەزگا پەروەردەیی و ئەکادیمیی و زانستییەکاندا. بێمتمانەییەکە دەسەڵاتی سیاسیی چاندوویەتی

لەڕێگەی ئەو کادیر و مامۆستا و بەڕێوەبەر و بەڕێوەبەرگشتییە حیزبییانەوە کە سیستمە پەروەردەییەکەیان هەلاهەلا کردووە و دایانڕزاندووە. لاوازی گیانی هاوکاریکردنەکە لە چاندنی تۆوی دووبەرەکیی و پێکدادان و چەلەحانێی سیاسییە بۆ نێو کایە پەروەردەییەکە کە دواجار ئەمەش بۆ بەدەستهێنانی پۆستی کارگێڕیی وئیدارییە لە ڕێگەی موزایدەکردن بە خەباتی شاخ و شەرعییەتی شۆڕشگێڕیی وفرۆشتنەوەی مێژوو- مێژوویەک کە دەیان نیشانەی پرسیاری لەسەرە. پووکانەوەی ڕۆحییەتی پاڵپشتییکردنەکەش لە ئەو بێدادییەوە سەرچاوەی گرتووە کە توێژی مامۆستایان بە رادەیەکی ئێجگاربەرز لەلایەن حکوامڕانانەوە پەراوێزخراون و فەرامۆشکراون.

سێیەم: سەرباری هەموو ئەو سەرنجانەی سەرەوە، بە بۆچوونی من بنەڕەتیترین هۆکاربریتییە لە هاوردەکردنی پرۆگرامی وڵاتانی تربەتایبەت وڵاتە عەرەبییەکان و پاشان وەرگێڕانی پەرتوکەکان لە ئاستێکی زۆر نزمدا. واتە، وەزارەتی پەروەردە جیهانبینیی گەل و وڵات و جوگرافییایەکی تری هێناوە و بەزۆر سەپاندوویەتی لەکاتێکدا هەرێمی کوردستان هەموو سەرچاوە مرۆیی و مێژوویی و شارستانیی و کولتوریی و گەشتوگوزاریی و سروشتیی تێدایە و یەکێکە لە دەوڵەمەندترین هەرێمەکانی جیهان لە زۆربەی ئەو بوارانەدا. بە تێگەیشتنێکی تر، رەخنەی بونیادنەرانە لە بەرهەمی خۆماڵی رەسەنەوە سەرچاوە دەگرێت. ئێمە ئەو مادده دەستلێنەدراوە خاوەمان هەیە، بەڵام پەراوێزخراوە و کاری لەسەرنەکراوە. توانا مرۆییەکە هەیە، بەڵام کەنارگیرخراوە. سەرچاوە سروشتییەکە هەیە، بەڵام دەستیبەسەرداگیراوە و داهاتەکەی ناشەفاف و ناڕوونە.

بەدەیان شوێنەواری شارستانیی دێرین لە هەریمی کوردستاندا هەن، بەڵام نەپشکنراون. بەهەزاران شوێنی گەشتیاریی سروشتیی هەن، بەڵام یان داگیرکراون یان تەڵبەندکراون یان پشتگوێخراون.

تاکی کۆمەڵگەی کوردیی لە هەرێمی کوردستاندا تاکێکی پاسیڤ یان ون نییە «بەڵکو هەندێک بارودۆخی سیاسیی ناوخۆیی و دەرەکیی ڕێگای بۆ دەسەڵاتی سیاسیی خۆشکردووە بە ئارەزووی مەزاجی شەخسی خۆیان بێباک و کەمتەرخەم بن

ئەگەر وەزارەتی پەروەردە بەهەماهەنگیی لەگەڵ وەزارەتی گشتوکاڵدا نەتوانێت بۆنموونە لە دەشتی شارەزووردا توانای سەدان گەنج وەگەڕبخات و دەیان کارگەی وەبەرهێنان دابمەزرێنێت دوای بیست و پێنج ساڵ لە حکومڕانیی خۆجێی، ئیتر چۆن بتوانرێت هەڵسەنگاندن یان بنەمایەکی رەخنەگرانەی پتەوبونیادبنرێت!

ئارازئەحمەد، پێموایە تاکی کۆمەڵگەی کوردیی لە هەرێمی کوردستاندا تاکێکی پاسیڤ یان ون نییە «بەڵکو هەندێک بارودۆخی سیاسیی ناوخۆیی و دەرەکیی ڕێگای بۆ دەسەڵاتی سیاسیی خۆشکردووە بە ئارەزووی مەزاجی شەخسی خۆیان بێباک و کەمتەرخەم بن. هۆکارە ناوخۆییەکان خۆیان لە دابەشبوونی شارەکان بۆ سەرحیزبی سیاسیی و دروستبوونی دیواری سایکۆلۆجیی لە نێوان دانیشتوانی شارەکاندا دەبینێتەوە. بە مانایەکی تر، کۆمەڵگە و تاک یاخود قوتابخانە و خوێندنگا و زانکۆکان لێکترازاون و لە ئامانجی سەرەکیی خۆیان دوورخراونەتەوە. تاکی کۆمەڵگەی کوردی تا ئاستێک هۆشیارە، بەڵام قۆڵبەستکراوە. هۆشیارە بە ئەومانایەی جیاوازی نێوان تاریک و روون، بێدادیی و دادگەریی، خورافات و راستەقینە دەزانێت؛ کە پارتێکی سیاسیی دروشم و پڕوپاگەندەی هەڵبەستراو و بێبنەما دەفرۆشێتەوە، درکی پێدەکات. هەربۆیە، دەتوانم بڵێم تاک پاسیڤ نییە، بەڵکو تۆراوە و توڕەیە. بەڵام دەرفەتی خۆبەتاڵکردنەوەی ئەو توڕەبوونە حەشاردراوە و کەپتکراوە. کەپتبوونەکە بە مانای پاسیڤ بوون نایەت، بەڵکو جۆرێکە لە گرتنی سەری بورکانێک کە لە ئانوساتی پڕبوون و تەقینەوەدایە.»

وتیشی: لە هەرێمی کوردستاندا زۆر ئەستەمە کەرتی تایبەت و ئەهلیی پێشبکەوێت هەتاوەکو کێبڕکێی سیاسیی لە ناوەندە باڵاکانی خوێندن دوورنەخرێنەوە. نزیکەی پانزە زانکۆی ئەهلیی و بە سەدان پەیمانگا و قوتابخانەی ئەهلیی لە هەرێمی کوردستاندا هەن. بەڵام وەک دەبینرێت زۆرینەی زانکۆکان یان لەلایەن سیاسییەکانەوە خاوەندارێتیی دەکرێن یان لەلایەن کۆمپانیا و ڕێکخراوی سەر بەحیزبە سیاسییەکانەوە سەرپەرشتیی دەکرێن. قوتابخانە ئەهلییەکانیش بەڕێژەیەکی رەها تەنها «خواپێداو» و دەوڵەمەندەکان سوودی لێدەبینن. واتە، هەلی یەکسان فەراهەم نییە و پێشبڕکێکە تەنها زەنگینەکان لێی بەهرەمەند دەبن. لە دەرەنجامیشدا، هەروەک چۆن بازاڕو میدیا و ناوەندە ئەکادیمیی و فەرهەنگییەکە کۆنترۆڵکراوە، دەرفەتی دۆزینەوەی

هەلی کاروو وەگەڕخستنی تواناکانیش بۆ ئەو توێژەی کۆمەڵگەیە کە واستە و خزمخزمێنە و کرۆنیزم بەکاردەهێنێت.

ئاماژەی بەوەشکرد: دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سەرەکییترین ئەرک و بەرپرسیارێتیی وەزارەتی پەروەردەیە. بەڵام لە کۆی ئەزموونی خوێندکارو وانە وتنەوەم لە زۆرینەی ناوەندەکانی خوێندندا خزمەتگوزارییەکان لە ئاو و کارەبا، تاقیگە و هۆڵی چالاکیی، پەرتوک و پرۆگرام بەپێی پێویست نەبووە و هەمیشە کەموکورتییەک و زیاد لە بۆشاییەک ماوەتەوە. سەربارى ئەوەش، لە مانگی ٢-٢٠١٤ وە هەتاوەکو رۆژگاری ئەمڕۆ بەردەوام مووچەی مامۆستایان دوادەکەوێت و تەنانەت چوارمانگی کۆتایی ساڵی ٢٠١٥ ی مووچەی مامۆستایان هەتاوەکو ئێستا نەدراوە. ئەمەش بەردەوام کاریگەریی نەرێی و چەوت لەسەرگوزەران و باری دەروونی مامۆستایان دروستدەکات. کە مامۆستایەک سەرسفرەی خێزانەکەی گەرموگووڕ نەبێت، کە مامۆستایەک منداڵەکەی خۆی پۆشتە نەبێت، چۆن بتوانێت منداڵی خەڵکی ترفێربکات، لە کوێوە وزە بێنێت پەروەردەیەکی شیاو پێشکەش بکات؟

ئارازئەحمەد، راشیگەیاند: بەهۆی بارگرژی سیاسیی نێوان پارتە سیاسییەکان و قەیرانی ئابووریی و پاشەکشەی داهاتی تاک و کەمبوونەوەی هەل و دەرفەتی کارەوە، حەزو ئارەزوو بۆ رووکردنە ناوەندەکانی خوێندن بە شێوەیەکی سروشتی کەمیکردووە. دەسەڵاتی سیاسیی لە هەرێمی کوردستاندا رەنگە بۆ ماوەیەکی کاتیی بتوانێت بەڵێنەکانی جێبەجێ نەکات و رەنگە بتوانێت چەند ساڵێک بێدەربەستانە خۆی نمایش بکات و کایەی پەروەردە ئیهمال بکات، بەڵام ناتوانێت بەردەوامیی بە ئەو پرۆسەیە بدات، چونکە وەک کورد دەڵێت: پەتی زوڵم لە قایمیدا دەپچڕێت و کە جام پڕبوو لێیدەڕژێت و سەری بورکانی پڕبوو بە فرتوفێڵ و فرۆشتنەوەی خەبات و شەرعییەتی شۆڕشگێریی ناگیرێت.



وێنەی زانکۆی سلێمانی



**موحسین ئەدیب**، نووسەرو مامۆستای زانکۆ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: پێوستە لە پرۆسەی خوێندندا سێ کۆڵەکەی «پرۆگرامی خوێندن، خوێندکار، مامۆستا» هەبێت، جگە لەوەش پێویستە کەش و زەمینەیەکی گونجاو هەبێت، هەتا بتوانێت ئەم سێ کۆڵەکەیە بەیەکەوە پەیوەست بکات. ئەوەی ئێستا لەهەرێمی کوردستاندا هەیە ئەوزەمینەیە نییە، ئەگەربایکۆتیش بشکێت هێشتا ئەو زەمینەیە نییە، ئەوسێ کۆڵەکەیە بەیەکبگەیەنێت.

موحسین ئەدیب، نووسەرومامۆستای بەشی یاسا – زانکۆی هەڵەبجە وتی: ئەوە بەڵگە نەویستە پەککەوتن و فەوتانی ساڵێکی خوێندن، زیان بە خوێندکاران و کۆمەڵگەش دەگەیەنێت، ئەگەر ساڵێکی خوێندنیش فەوتا ئەوا تاوانباری یەکەم و کۆتایی دەسەڵاتی سیاسییە وکاربەدەستانی سیاسییە لەم وڵاتە، چونکە لەم وڵاتەدا بەرپرس نییە، بەڵکو لە راستیدا بەرپرس بوونی نییە و ئەوەی هەیە کاربەدەستە، چونکە ئەگەرلەراستیدا بەرپرس هەبوایە لەم وڵاتە، هەرگیز کارێکی ناکرد پرۆسەی خوێندن و پەروەردە و فێرکردن بکەوێتە بەرهەڕەشەیەکی گەورە. ئەگەرلەبەرامبەرئەم نابەرپرسارێتیەی کاربەدەستانی هەرێم، مامۆستایان، خوێندکاران، فەرمانبەران و چین و توێژە جیاوازەکان هەڵوێستیان نەبێت، ئەوا کۆی کۆمەڵگەی کوردیی رووبەڕووی هەڵدێرێکی زۆر مەترسیدار دەبێتەوە! ئێستا نەک هەر مامۆستا و خوێندکارو پرۆسەی پەروەردە رووبەڕووی مەترستی بووەتەوە، بەڵکو کۆمەڵگەی کوردیی و ئەو ئەزموونەی کەهەیە، لەلایەن ئەم کاربەدەستانەی هەرێمەوە رووبەڕووی هەڕەشەیەکی زۆر گەورە بووەتەوە!

ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات: لە هەر وڵاتێکدا کە خوێندن و خوێندواریی نەبوو، بێگومان دووشت هەیە: یەکەم ئەوەیە کۆمەڵگە دەبێتە دارستان و جەنگەڵ، هاوڵاتیان پەنا دەبەنە بەرتووندوتیژی، لێرەشەوە ئاسایشی نەتەوەیی و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی تێکدەچێت. کوردیش وەک نەتەوە بوون دەکەوێتە ژێر مەترسییەوە! لەڕستیدا ئەگەرپرۆسەی خوێند و خوێندواریی پەککی کەوت و نەبوو، ئەوا زۆرینەی کۆمەڵگە ناچار دەکرێت ببێتە کۆیلە. پرۆسەی خوێندن، کە لەلایەن کاربەدستانی هەرێمەوە خراوەتە بەر

مەترسییەکی گەورە، لێرەوە سەرچاوە دەگرێت. پرۆسەی خوێندن، تەنها هۆکارێک نییە بۆ پێگەیاندنی نەوەکانی داهاتوو، بەڵکو نیشانەیەکی کلتوری و ئابووری و دەروونی هەرکۆمەڵگەیەکە، کاتێک بەبێباکی کاربەدەستانی ئەم وڵاتە پرۆسەکە دەکەنە بەردەم مەترسییەکی گەورە، ئەوا نیشانەی ئەوەیە ئەم کاربەدەستانە بەتەنگ لایەنی کلتوری و ئابووری و دەروونی و سیاسیی و ئەخلاقی کۆمەڵگەیشەوە نایەن.

هەروەها خوێندکارانی زانکۆش، ئاماژە بە دۆخی خراپیی و پەککەوتنی پرۆسەی خوێندن دەکەن، بارزان خوێندکارێکی زانکۆیە پێیوایە»لەم وڵاتەی ئێمەدا خوێندن سودێکی ئەوتۆی نییە، بەڵام هەر چۆنێک بێت تاک رۆشنبیردەکات، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دەسەڵاتە دەیەوێت ئەو رۆشبیرییەی هەشە لەنێوی بەرێت.»



**بارزان ناسیح**، خوێندکاری بەشی زانستە رامیارییەکان- زانکۆی سلێمانی، بە ئازادی کۆمەڵگەی راگەیاند: راگرتنی پرۆسەی خوێندن، جگە لەدروستکردنی بەهانەیەک بۆ پەرەپێدانی دەسەڵات هچیتر نییە، لەبەرژەوەندی دەسەڵاتدایە لەبەرئەوەی ئەمڕۆ دەسەڵاتێکی تۆتالیتار حکوم دەکات، بەتەواویی واتاکانی هەوڵدەدات شانۆیەک دروست بکات و دەسەڵاتەکانی خۆی فراوان بکات و زیاتر بمێنێتەوە. ئەو خوێندکارەی زانکۆ جەختیکردەوە: بۆیە دەسەڵاتی تۆتالیتاری دەیەوێت ئەفسانە بەهەرم بهێنێت و گەنج بچەپێنێت و کۆمەڵگە دووربخاتەوە لە هەموو پرۆسەکانی بیرکردنەوە و خۆناسین و رزگاربوون.



**ئاوارە حسێن**، مامۆستای بەشی یاسا - زانکۆی هەڵەبجە، لەوبارەوە دەدوێت کە «ئەو بارودۆخەی دروست بوو، بەڕاستی خواستی مامۆستای تێدا نەبوو کە پەنای بردووەتە بەر بایکۆت، ئەمەش بۆ ئەوەی گۆڕانێک لە سەرچاوەی داهاتیدا بکات، کە بەبڕیارێکی چاوەڕوان نەکراوی نایاسایی حکومەت تواندرا، دەست ببڕێت بۆ سەرچاوەی داهاتی مامۆستا. بۆیە مامۆستایان، بۆ ئەوەی بتوانن بژین و باشترین زانست بە خوێندکارەکانیا بگەیەنن، پەیامە راستەقینەکەیان کە پەروەردەیە، بگەیەنن بەنەوەیەک، پەنایان بۆ بایکۆت برد.»

مامۆستا ئاوارە، بە ئازادی کۆمەڵگەی وت: لەو ناوەندانەی کە خوێندن بایکۆتە، نەتواندراوە وەک پێویست دەوام بکرێت و پرۆگرامی خوێندن و وانەکان بخوێندرێت. کاتێک پرۆگرامی خوێندن دواکەوت و نەخوێندرا، ئەوا خوێندکاران بێبەشدەبن، لەو زانستەی لەماوەی ئەو ساڵەدا کە پێوستە بخوێندرێت. بەتایبەت ئەو مامۆستایانەی کە دەیانەوێت زۆرترین زانیاری یاسایی و زانستی لە بوارەکەی خۆیاندا بگەیەنن بە خوێندکاران، بۆئەوەی بتوانن نەوەیەکی سەرکەوتوو و نەوەیەکی پڕزانست و زانیاری بۆ داهاتوو بەرهەم بهێنن.

**بەهۆی پەککەووتنی پرۆسەی خوێندن، بۆشاییەک بۆ خوێندکار دروست بووە و نیگەرانن لە دۆخەکە**

ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە خوێندکار بەگشتیی نەتوانن سودمەندبن لەو زانستەی لەماوەی ئەو ساڵەدا پێوستە بەدەستی بهێنن. ئەوکات دەبێتە هۆی ئەوەی کە خوێندکاران کاتێک کەدەردەچن و بڕوانامەیەک بەدەستدەهێنن، ئەو زانستەیان نییە، کە پێوستبووە لەماوەی ئەو ساڵەدا بیخوێنن و بێبەش بوون لێی.

ئاوارە حسێن، ئاماژەی بەوەشکرد: بەهۆی پەککەووتنی پرۆسەی خوێندن، بۆشاییەک بۆ خوێندکار دروست بووە و نیگەرانن لە دۆخەکە، هەندێک خێزانیش ڕووبەڕووی گرفتی کۆمەڵایەتی بوونەتەوە.

# دەکرێ شەنگال ببێتە خاڵی وەرچەرخانی باشور؟



ئازادیی کۆمەڵگە
سەردار ستار

هەرێمی شەنگالی زۆرینە لەجڤاکی ئێزیدیە، بەڵام بێگومان تێکەڵەشە لە نەتەوەو ئایین و ئایینزای جیاوازیش، لەگەڵ کوردی ئێزیدی، کوردی موسڵمانیش، لەگەڵ کورد، عەربی سوننە و شیعە، هەمانکات ئاشوری. دراوسێ تەلعەفەری زۆرینەی تورکمانی شیعە. شەنگال کە گەورەترین شارۆچکەی پارێزگای نەینەوایە، هەمانکات ناوچەیەکی شاخەوی و سەرسنوری رۆژئاوا نزیك لەباکوری کوردستانیشە. بەدرێژای تەمەنی شەنگال لەبەرکوردبوون و ئێزیدی بوونیان چەوساوەنەتەوەو تالان کراون و کۆمەڵکوژ کراون. لەبەر ئەوەشە دەتوانرێ بگوترێ کۆمەڵگەی ئێزیدی چەوساوەترین مرۆڤن لە رۆژهەڵاتی ناوین، ئەگەربەزمانی چینایەتیش پێوانەیان بکەین دەتوانین بڵێین ئێزیدییەکان تایەبەتمەندییەکانی پرۆلیتاریایان هەیە، چونکە هەموو تەمەنیان لەناو چەوسانەوەو زوڵم و زەحمەتی بووە. ئەوەی پێی دەگوترێ «فەرمان» لە مێژووی ئێزیدییەکان، ئەوە کۆمەڵکوژی و هۆلۆکۆست و ئەنفالەیە کە لەسەدەی رابردوو زۆرێك لەگەلان رووبەرووی بوونەتەوە، جیاواز ئەوانەی ئێزیدییەکان هەموو فەرمانەکانیان یان بەدەستی تورکە عەسمانییەکان بووە، یان ئەوەتا ئەوانی لەپشت بووە، نمونەی هەرە کۆتایی بەدەستی داعش و بەپشتیوانی تورکیا و دۆستەکانی لە ناوچەکە پێکهات. لەتێکۆشانی ئازادی گەلان، ئەڵقەی هەرە چەوساوە دەبێتە خاڵی وەرچەرخان و شۆڕش و گۆڕانکاری، لەباشوری



شەنگالییەکان لە فەرمانی ٧٣یەمیندا

کوردستانیش ئەمرۆ جڤاکی ئێزیدی بەهەموو پێوانەکان چەوساوەترین و مەزلومترین خەڵکن، گەورەترین غەدری سەردەمیش لەوان کراوە، بۆیە ئەتوانین لە وەرچەرخانی دیموکراتیانەی باشوری کوردستان، شەنگال و جڤاکی ئێزیدی وەك خاڵێکی بەهێز دەستنیشان بکەین.

• ئێزیدییەکان وەکو نەتەوە:

هیچ کەس و مێژوویەك ناتوانێ ئەوە بشارێتەوە کە ئێزیدیەکان بەرەچەڵەك ناچنەوە سەربابیرەو داپیرەی گرووپە سەرەتاییەکانی ئەو کۆمەڵانەی لەکۆتایدا بە نەتەوەیی کورد ناسران، هەرچەندە هەندێك لە ئێزیدیەکان بڵاوەی وڵاتانی قەفقاسیا و ئەرمەنستانیش بوونە و بەشێکیشیان لە ئەوروپان، بەڵام ئەوەی رەسەنایەتی ئێزیدییەکان دەسەلمێنێ وەك کورد، ئەویش زمانی پاکی کوردییە، هەموو ئێزیدیەکانی جیهان کوردی زمانی ئاینیانە، هەمانکات شێوازی جل و بەرگ و کلتور و هونەری کوردییە لای ئێزیدییەکان. لەلایەکیتریش ناوەندی ئێزیدییەکان شەنگالە وەك ئێزیدیخان بەناوی دەکەن، بەواتای مەڵبەندی ئێزیدییەکان دێت. شەنگالیش دەکەوێتە بەشی رۆژئاوای کوردستان، لەئێستاش دەکەوێتە سنوری باشور و رۆژئاوای کوردستان. داستانی عەدول و دروێشی عەبدیش باشترین ئاماژەیە بۆ رۆحی بەرخودانی ئێزیدییەکان و پاکیان لە عیشق و خۆشەویستی، هەمانکات پاراستن و رووبەڕووبوونەوەی داگیرکەروەك ئەرکێکی نیشتیمانی، ئەمەش سەلماندنی ئەو رۆحە بەرخودانەی کوردە

که بەدرێژای مێژووەوە هەیە. ڕژێمی بەعسی رووخاو زۆرترین هەوڵیدا تاکو ناسنامەی نەتەوایەتی کوردییان لێ بسڕێتەوە، بۆ ئەمەش بەشێوەیەکی چڕپڕۆسەی تەعریبی لەسەربەڕێوەبردبوون، ئێزیدییبوونی قبوڵ بوو، بەڵام کوردبوونی قبوڵ نەبوو، ئەمەش وای کردبوو هەندێك لە ئێزیدییەکان بڵێن ئێمە ئێزیدین، کوردنین!!. سەدام لەپڕۆسەکەی سەرکەوتونەبوو وەك چۆن لەسەرلەبەری پڕۆسەکەی فەشەلی هێنا و کۆتای بەخۆی و تەواوی پڕۆژەی دەوڵەت – نەتەوەیی بەعسیزمی سوننە مەزهەبی هات کە سەدەیەك بوو عێراق لەسەر دروست کرابوو، حوکمیشی دەکرد. داعش و هزری جیهادیستی عەرەبی شۆڤێنی، سونی کۆنەپەرست، کە لەلایەن تورکیا، سعودیە و قەتەر فودرابوون، هەمانکات نزیکەی سەدەیەکە بەناوی ئیسلامی سیاسیی ئیخوانی لەلایەن زلهێزەکانەوە پشتگیر دەکران و لەتورکیاش بەناوی ئەکەپە هێنرانە دەسەڵات، هەموو ئەوانە ئەرکێکیان پێ راسپێردرابوو، ئەویش سڕینەوەی رۆژهەڵاتی ناوین بوو لە نەتەوەو ئایین و باوەڕییە جیاوازەکان، لەسەرووی هەموویانەوە کوردی ئێزیدی، ئاشوری و کاکەیی و مرۆڤە ئازادیخوازەکان، خۆشبەختانە نەگەیشتن بە مەرامە گڵاوەکانیان.

- ئێزیدی وەك ئایین:

وەك دەزانرێت ئێزیدییەکان وەك ئایین ئاینێکی جیاوازیان هەیە، هەرچەندە لەسەری زۆر چەوساونەتەوە، بەڵام بەردەوام داکۆکیان لەناسنامەی ئایینی خۆیان کردوە. بەگوێرەی شێوازی باوەڕی و پێوانەکانی پەرستن و شوێن و پەرستگاکانیان و شێوازی ژیانیان، بێگومان دەتوانرێ وەك تیرە یان بەرماوەی ئاینی زەردەشتی بەناو بکرێن، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٣٠٠٠ هەزارساڵ بەر لەئەمڕۆ. زۆرترین هەڕەشەی لەناوچوون لەلایەن هێزە دەسەڵاتدارەکانی ئیسلامەوە لە ئێزیدییەکان کراوە، چ لەسەردەمی زیدی کوڕی مەعاویە، تا ئێستاش عەرەب ناوەکەیانی چەواشەکردوە پێیان دەڵێن»یەزیدی» واتا دەگەڕێنەوە بۆیەزیدی کوڕی مەعاویە، بەڵام بێگومان ئەوە هیچ پەیوەندی بەڕاستیەوە نییە، بەڵکو پارچەیەکە لە پڕۆسەی ئاسیمیلاسیۆن. بەهەمانشێوە ئەوەی بە زەبری چەك نەیتوانیوە لەگەڵیان بکرێت، بەتایبەت لەلایەن تورکە عوسمانییەکان لە ٤٠٠ ساڵی ئیمپراتۆریەتەکەیان، ئەوا هەوڵیاندا لەڕێگای ریفۆرم گۆڕانکاری لە ئایینی ئێزیدی دروست بکەن،

> **شەنگال لەژێر دەستی دەسەڵاتی پ د ك/ عێراق دابوو، لەگەڵ ئەوەی هێزو لایەنی تریش هەبوون**

هاتنی شێخ هادی، یان شێخ عودەی، هەمانکات دروست بوونی ریزبەندی و سیستمی هیرارشی لەنێو ئێزیدییەکان» شێخ، میر، فەقیر، مرید، قەوال....هتد» هەروەها دروست کردنی پەرستگاوناولێنانی ئیسلامیانە بەناوی حەج، سەفاو مەروا... هتد، کۆتایش گۆڕ و جل و بەرگ و شوێنی پەرستنی شێخ هادی بووەتە نەزرەگای هەرە سەرەکی ئێزیدییەکان، بەواتایەکیتر، شێخ هادی تەقلیدی پێغەمبەر محەمەدی کردوەتەوەو خۆی کردوەتە ناوەندی پەرستن و سازشی نێوان تاك و کۆمەڵی ئێزیدی»ڕێوڕەسمی پەرستگای لالەش وەك نمونە«. ناتوانین بڵێین ئێزیدییەکان لە رێگای شێخ هادی لە راستەهێڵی خۆیان دەرچوونە، بەڵام ناشتوانرێن بڵێین وەك خۆیان ماونەتەوە. ئەوەی لەئەمڕۆ گرنگە بۆ ئێزیدییەکان و شەنگالییەکان، ئەویش مانەوەیە بەناسنامەی نەتەوەیی و ئاینی خۆیان و پاراستنی ناسنامەکەیان.

- شەنگال هەرێمێکی لەبیرکراو:

تاساڵی ٢٠٠٣ شەنگال، بەهۆکاری سیاسەتی داگیرکەری عەرەبی بەعسی، لەژێر ستەمی چەوسانەوەو نکۆڵی کردن و توانەوە دابوو، بەهەموو شێوەیەکیش شەڕی لەناوبردنی ناسنامەی دەکرا، بەهەموو کەموکوڕیەکانەوە شەنگالییەکان بەرخودانیان کرد و لەسەر پێیان مانەوە، واتا ناسنامەی کوردبوون و ئێزیدیایەتیان پاراست، ئەگەر خوردەیەکیش هەبوون بەناوی «ئێمە ئێزیدین کورد نین»، ئەوانیش دوای ڕووداوەکانی ٢٠١٤ ئیدی دەنگیان بڕاو بوونە پارچەیەك لە دەستێوەردانی هێزی دەرەکی و نەیانتوانی هیچ رۆڵێکان هەبێ لە پاراستن و رووبەڕووبوونەوەی دوژمن.

لە٩/٤/ ٢٠٠٣ وە تا ٢٠١٤/٨/٣ شەنگال لەژێر دەستی دەسەڵاتی پ د ك/ عێراق دابوو، لەگەڵ ئەوەی هێزو لایەنی تریش هەبوون، بەڵام هەموو بەڕێوەبردن لەلایەن لقی پارتیەوە بەڕێوەدەچوو، بەبێ ئەوەی هیچ خزمەتگوزارییەك پێشکەش بکات، هەموو خەڵك دەڵێن پارتی تەنها شەنگال و ئێزیدی ویستون بۆ دەنگەکانیان، وەکوتر هیچی بۆ نەکردوون، لەلایەکیتریش ئیدارەی پارێزگای نەینەوا لە دوای ٢٠٠٣ وە نەك نەیتوانی خزمەت پێشکەش دەڤەری ئێزیدییەکان بکات، بەڵکو نەیتوانی بشیان پارێزێت، بێگومان راونان و کوشت و تاڵان کردنیان لەناو موسڵ، لە ٢٠٠٧/٨/١٤تیش کۆمەڵکوژی تل عوزێر و سیبا شێخ خدریش، کە زیاتر لەسەدان

شەهیدو بریندار لێکەوتەوە.

زهنیەتی پارتی، بێگومان زهنیەتێکی ئیسلامیی سونی، تەریقەتی نەقشەبەندی، چینی سەردەست و دەسەڵاتدارە، ئێزیدی و چینی خوارەوەی کورد و نەتەوەو ئایینە پەراوێزخراوەکان وەك کۆیلە و خزمەتکار سەیریان دەکات، بۆیە نابێ چینی سەردەست وخاوەن عەرش، خزمەتی رەش ورووتی ئێزیدی و شەنگال بکات، لەلایەکیتر لەلایەن زهنیەتی ئیسلامیی دەسەڵاتگەرا ئێزیدی شەیتان پەرست و کافر و موشریکن، بۆیە ناکرێ و نابێ موسڵمانێك خۆی بۆ بەکوشت بدات. لەگەڵ ئەوەی پارتییە موسڵمانەکان بەرگریان نەکرد ویان باوەڕیان بە بەرگری کردن نەبوو لەئێزیدییەکان، هەمانکات نەیانهێشتبوو پارتییە ئێزیدییەکانیش بەرگری لەخۆیان بکەن، ئەمەش وای کرد کە چەتەکانی داعش لەهێرشێکی چاوەڕوانکراو پەلاماری شەنگال بدەن و بەهەزاران مرۆڤی ئێزیدی کۆمەڵکوژ بکەن و هەزارانیشیان لێ ئەنفال وژینۆساید بکەن. بێگومان پارتی خۆی بەرگری لەشەنگال نەکرد، دەشیویست کەسیش بەرگری لەشەنگال نەکات، باوەڕم دیمەنی راکردنی هێزە پۆشتە و پەرداخەکەی پارتی»زێرەڤانی« چۆن بەهەموو هێزیانەوە، بەچەکی قورسیانەوە، تا دهۆك وبەشێکیشیان تا رۆژئاوا رایانکرد، ئەو خەندەکەی بە شۆڤەل و عەفارە هەڵیانکەندبوو بەدەست پڕیان دەکردەوە بۆ ئەوەی زووتر گیانی خۆیان رزگاربکەن. لەگەڵ ئەوەی باسی سیناریۆی جۆراو جۆر دەکرێت لەسەرراکرن و چۆڵکردن و رادەستکردن و هەڵهاتن و کشانەوەی هێزەکانی پارتیی لەشەنگال، بیانوو پاساویان هەرچی دەبێ کێشە نییە، بەڵکو لەوانەیە هەندێك لەپاساوەکانیا راستیش بێ، بەڵام ئەوان هێزی پاراستن و بەرگری شەنگال بوون، ناکرێ و نابێ بەرلەخەڵك ئەوان راکەن و سەنگەر بەجێبهێڵن.

• جینۆساید و بەرخودانی لەشەنگال:

لەگەڵ ئەوەی شەنگال وەك هەرێمێك دەرکەوت کە هیچ کەس ولایەنێك خاوەنداریەتی لێ ناکا و خەڵکەکەی بەشێوەیەکی هەرە تراژیدی دەبوونە خۆراکی گورگە هارەکانی داعش و هاوپەیمانەکانی، بێگومان بەکەوتنە شەنگالی ژێردەستی داعش، تەختی دەسەڵاتی هەولێر هەژا، زۆرجار دەسەڵاتدارانی هەولێر دەڵێن «ئەگەر ئێمە لە شەنگال رامان نەکردبوایە شەنگال و ئێزیدی بەجیهان نەدەناسران». یان خەریك بوون قارەمانی ساختە«موزیەف» دروست بکەن بەگریانی هەندێك پەرلەمانتار، یان بەفڕێدانی خۆراکی بەسەرچووی مۆڵەکانیان لەسەرچیای شەنگال، منداڵەکانیان پێ بکەنە فس فس پاڵەوان.

قارەمانە راستەقینەکانی بەرخودانی شەنگال سەربازی ونن، لەکاتی خۆیدا ئەرکی خۆیان جێبەجێدەکەن، ناوی ١٢ گەریلاکەی هەپەگە بەداخەوە لەلایەن راگەیاندنەکانی باشور ناناسێندران بەجەماوەر، چونکە راگەیاندنەکانی باشوریش زۆر هاوکارن بۆ دروستکردنی قارەمانی ساختە، نمونەش ئەوانەبوون کەچوون بۆ کۆشکی ئەلیزای فەرەنسا، یەکیان هێزەکەی لەشەنگال ویەکیشیان لە گوێڕ رایانکردبوو، دواتر فلیمی سینەمایان بەپارەی خەڵك لەسەردەرخستن. جیهانیش زانی کە قارەمانەکانی دەسەڵات ساختەن و فرمێسکەکانیان تیمساحین، بۆیە کچێکی رزگاربووی دەستی داعشی کردە بالیۆزی نیازپاکی «نادیە موراد»، هەمانکات شایستەی خەڵاتی ساڵی ساخارۆف بینرا.

قارەمانی رێگری کردن لەگەورەبوونی کارەساتەکە و دانانی سەنگەری بەرخودان لەچیای شەنگال، لەگەڵ خەڵکی وڵاتپارێزی شەنگال. دەکرێ بگوترێ نەوەکانی دروێشی عەبدی جارێکیتر هاتنەوە گۆڕەپانی تێکۆشان، ئەنجام بەڕاستیش ئەکادیمیایی سیاسیی و چەکداری دروێشی عەبدی لەسەرچیای شەنگال دروست بوو، ئیدی شەنگال لە هەرێمی تەسلیم بوون و راکردن و ترسنۆکی، بوو بەهەرێمی

> **رۆژ دوای رۆژ رۆحی بەرخودان زیاتر بەرەوپێشەوە چوو. ئەو ئیرادەیەیی لە چیایی شەنگال جێگیربوو**

بەرخودان و ئازادی و قارەمانیەتی. هەمانکات شەرڤانانی رۆژئاوا سەرەڕای گەورەترین هێرشی دوژمنیان لەسەربوو، دیسان ئەرکی نیشیمانیان جێبەجێکردو لەگەڵ رزگارکردنی دەیان هەزار ئێزیدی لەناو کارەسات، هەمانکات کەوتنە سەنگەری بەرگری و ئەزمونی رۆژئاوایان گواستەوە سەرچیایی شەنگال و فێریان کردن کەدەبێ ئێزیدیخان خاوەنی هێزی پاراستنی تایبەت بەخۆی بێ، کوڕان و کچانی ئێزیدی هاتنە لای یەکترو بەهاوکاری گەریلاکانی هەپەگە یەکینەکانی بەرخودانی شەنگال» یەبەشە«یان دروست کرد. سەرەڕای مانەوەیان زیاترلەشەش مانگ لە چەمبەری چەتەکانی داعش و پارتیی، بەڵام نەیانهێشت لاوازی لەسەنگەری بەرگری دروست بێ، رۆژ دوای رۆژ رۆحی بەرخودان زیاتر بەرەوپێشەوە چوو. ئەو ئیرادەیەیی لە چیایی شەنگال جێگیربوو، بڕیاریدا ئیتر مێژووی ٢٠١٤/٨/٣ بەبێتە

خاڵی وەرچەرخان، ئیتر جارێکیتر نەبێتەوە کۆیلەیی دەستی ناوەندگەرایی عەرەبی سونی نەینەوەو کەرستەی گەمەی خۆ پەڤدانی دەسەڵاتی هەولێر و دهۆك بن.

> **بەڕێز ئۆجالان لەپەیامێکدا لەزیندان وتی: شەنگال بپارێزن و لەگەڵ ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بکەونە پەیوەندی**

بۆیەش بوێرانە بڕیاریاندا بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنی خۆبەڕێوەبردنی شەنگال، شەنگالییەکان ئیتر خۆیان خۆیان بەڕێوەدەبەن، بێگومان خۆیشیان خزمەتی خۆیان دەکەن، قائیمقامەکەی مەنفای شەنگال تەنها دەتوانێ لە راکردن پێشەنگ بێ، لەخزمەت بۆ شەنگال بووەتە بوکەڵەی دەستی ئەوانەی شەنگالیان جێهێشت بۆ دوژمن. مرۆڤە ژێردەست و کۆیلە و چەوساوەو بێ ئومێد لە ئازادی و رزگاریی، ئیدی بوونە خاوەنی بڕیاری خۆبەڕێوەبردنی مەڵبەندی ئێزیدیان، چیتر ئێزیدییەکان لەسەرئایین ونەتەوە ناچەوسێنەوە، بەڵکو بەشانازیەوە خاکی ئێزیدیخان و شەنگالی پیرۆز دەپارێزن و خزمەت دەکەن و ژیانێکی شەرەفمەندانە دوور لەدەستدرێژی چەتەو بەکرێگیراوان، بەحورمەتەوە بەڕێوەدەبن، بۆیە باشترین و جوانترین و بەهێزترین و سادەترین و بەئیرادەترین بڕیار و شێوازی بەڕێوەبردن، خۆبەڕێوەبردنی دیموکراتیانەیە لەسەربنەمای کۆنفیدراڵی دیموکراتی، ئیدی شەنگال بێ خاوەن نییە، ئیدی شەنگال بێ بەڕێوەبەرو بێ سەرپەرشت نییە، ئێزیدییەکان خاوەنی خۆیانن.

- کەس وەك ئۆجالان خەمی شەنگالی نەبوو:

لە وڵاتانی ئەوروپا و قەفقاسیا و رۆژئاواو باکوری کوردستان، بەڕێز ئۆجالان زۆرترین هەوڵی بەڕێکخستنکردنی جڤاکی ئێزیدی داوە، بۆ ئەمەش لەئەوروپا سیستەمی ماڵی ئێزیدیانی پێشخست، بەهەمانشێوە لە قەفقاسیاش دوای هەڵوەشانەوەی سۆڤیەت خاوەندارێتی لێکردن و لەدەوری یەکتری کۆکردنەوە، لەباکور و رۆژئاواش لەسەرەتای دەستپێکردنی شۆڕش ئێزیدییەکان جێ پەنجەیان دیاربووە، لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٥ی تورکیاش دوو کەسایەتی ئێزیدی ژنێك و پیاوێك لەسەرلیستی هەدەپە چوونە پەرلەمانی تورکیا « فەلەکناس یوجا و عەلی تەمەر»، بەهەمانشێوە لەناو خۆبەڕێوەبردنی دیموکراتیانەی شەنگالیش لەسەربنەمایەکی تایبەت خۆیان ڕێکخستوەو لەهەردوو رووی ئایینی و نەتەوەیی کاروبارەکانیان بەڕێوەدەبن.

لەساڵی ٢٠٠٧ بەرلە ماوەیەکی کورت کە تەقینەوەکەی تل عوزێر و سیبا شێخ خدر بێ، بەڕێز ئۆجالان لەپەیامێکدا لەزیندان وتی: شەنگال بپارێزن و لەگەڵ ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بکەونە پەیوەندی بۆ ئەوەی گرەنتی پاراستنی شەنگال بکرێ»، بەڵام پەیامەکەی بەڕێزیان جێبەجێ نەکرا، بەهەمان شێوە دوای هێرشەکانی چەتەکانی داعش بۆسەررۆژئاواو دواتر داگیرکردنی موسڵ، بەڕێز ئۆجالان لە نیسانی ٢٠١٤ پرسیاری ئەوەی کرد: لە سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان، «چیکراوە بۆپاراستنی شەنگال، چۆن شەنگال بپارێزرێت، لەهەوڵی داگیرکردن و کۆمەڵکوژکردنی شۆڕش چی دەکات؟؟» لەسەر ئەو بنەمایە بەئاگاداری بەڕێوەبەرانی باشور و هەرێمی شەنگال هەوڵدرا هێزێکی ٢٠ گەریلای لەچیای شەنگال بەجێ بکرێ، تاکو بتوانرێ پاراستنی شەنگال ڕێکخستن بکرێ، بەڵام دەسەڵاتدارانی ئەوکات ڕێگایان نەدا، پێچەوانە لەوگەریلایانەی خۆیان گەیاندبوایە چیای شەنگال ٨ کەسیان لەلایەن هێزەکانی پارتییەوە دەستگیرکران. ئەگەر ئەو ژمارەیە لەکاتی خۆیدا گەیشتبا چیای شەنگال و ئامادەکاریەکانی خۆی بەتەواوی بکردبوایە، خەڵکی ئێزیدی مەشقی چەکیان بکردبوایە وئاگاداربوونایە لەپیلانەکانی دوژمن، بێگومان لەوانەنەبوو کارەسات و کۆمەڵکوژی ٣/٨/ ٢٠١٤ روویدابوا.

- شەنگال وەك خاڵی ناکۆك و وەرچەرخانی دیموکراتیانە:

شەنگاڵ بریندارى ٧٣ فەرمان، لەدەستوری عێراق لەهێڵی مادەی ١٤٠ی جێناکۆك، لەژێر ئابلۆقەی پ د ك /عێراق. لەلایەکیتر جێی شانازی جیهان و نوێنەری نیازپاکی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، خەڵاتی ساڵی ساخارۆف، بوونە مەڵبەندی تێکۆشان و بەرخودان و خاڵی بەیەکگەیشتنی باشور و رۆژئاوا، ئەزمونێکی نوێ لەخۆبەڕێوەبردنی دیموکراتیانە. شەنگال لە پەراوێزخستنەوە هاتە ناوەندی ململانێ و گۆڕانکارییەکان. چیتر شەنگال و ئێزیدییەکان پەراوێزخراو و لاپەڕنین، ئیدی دەستور و یاسا و پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ناتوانێ چیترکۆتایەك بۆ ئێزیدییەکان دانەنێت، دەستوری عێراقیش ناتوانێ تەنها بەیەك نوێنەرگوزارە لە جڤاکی ئێزیدی بکات.

دەوڵەتی تورك بەهێز و پارتیش بەراگەیاندن هەرەشەی شەڕو تێکدانی ئەزمونی شەنگال دەکەن، لەئێستا بیانوی نەهاتنە لای یەکتر و کۆنەبوونەوەی لایەنە سیاسییەکان بەتایبەتی پارتیی و پەکەکە شەنگالە، پارتی پێیوایە کەنابێ شەنگال

لەدەستی خەڵکی شەنگال دابێ، بەڵکو وەك بەرلە٨/٣ لەژێر هەژموونی خۆیدابێ و بەئارەزووی خۆی بڕیارلەسەر چارەنوسیان بدات. هەندەی پەکەکە یە دەیاوێت خەڵکی خۆڕاگری شەنگال خۆیان بڕیاردەربن لە بەڕێوەبردن و پاراستنی شەنگال و شەنگال لەپەراوێزەوە وەك هەرێمێکی سەرەکی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، چیتر شەنگال نابێ لە پەراوێزدابێ، بەڵکو پێویستە خاڵی وەرچەرخانبێ لەسیاسەتی باشوری کوردستان و جڤاکی ئێزیدی لە توانج و بێچارەی دەرکەون و بەئیرادەی خۆیان بەشێوەیەکی دیموکراتیانە کاروخەباتی خۆیان بکەن، تاکو چیتر رووداوی ٧ی نیسانی ٢٠٠٧ کوشتنی«دوعا» دووبارە نەبنەوە، بەڵکوژنی شەنگال بووەتە خاوەن هێزو لەئیدارەی دیموکراتیانەو لە پاراستنی شەنگال دەبێ هەبێ، نابێ ئیترژنی شەنگالی ببێتە نێچیری پیاوە چاو برسییە موسڵمانەکان و کۆنەپەرستی پیاوی ئێزیدی.

هەرچەندە تائێستا تاوانبارانی کشاندنەوەی هێزی پێشمەرگە لە شەنگال و رادەستکردنی بەداعش نەدراونەتە دادگا و هیچ لێکۆڵینەوەیەکی بێلایەن لەو دۆسیە نەکراوە، بەڵام بەدروست کردنی ئەو بەدیلانەی چیای شەنگال لەبنەڕتدا تاونباران سزادراون و چیتر خەڵکی شەنگال ئەوانەی ناوێ کەبوونە هۆکاری جینۆساید و کۆمەڵکوژکردن و ئەنفال و قڕکردنیان، ئیتر شەنگالییەکان نهێنی لەناوچوونی خۆیان دۆزیوەتەوە، بۆیە نادیە موراد بەشێوەیەکی زۆر جوان و سادە لەبەردەم نوێنەری هەموو دەوڵەتان گووتی:»ژیان تەنها بۆ ئێوەو منداڵەکانتان نییە، بەڵکو ئێمەش مافی ئەوەمان هەیە بەئاسودەی بژین.» نەك تەنها مافی ژیان، بەڵکو مافی خۆبەڕێوەبردن و خۆ پاراستن و خۆ رێکخستنیشیان هەیە.

هێشتا سنوری شەنگال بەتەواوی ئازادنەبووە، لەوانەیە جارێکیتر وەك شاری تەدموری سوریا داعش داگیری بکاتەوە، یان بخرێتە ناو ئاڵوگۆڕ و مامەڵەی هێزە سیاسیە هەرێمیەکان، لەلایەکیتر کەپارتی ئەڵێ پەکەکە بڕوات لەشەنگال چ گرنتیەك هەیە کەپارتی جارێکیتر شەنگال جێناهێڵێتەوەو چۆن شەنگال دەپارێزێ؟، ئەوکات کێ بگاتەوە هاواری شەنگال، لەلایەکیتر هێزەکانی بەرخودانی شەنگال یەبەشە خۆی بەرێکخستن کردوە، چۆن بەبێ ئەوان پارتی ئەگەڕێتەوە شەنگال.



■ هێزەکانی بەرخودانی شەنگال

پارتی بۆچی دەیەوێ پەکەکە لەشەنگال نەمێنێ، بۆ ئەوەی ئابلۆقەیەکی چڕتر بخاتە سەررۆژئاوای کوردستان، یان سەوداو مامەڵەیەکیتر بەشەنگال بکات، یان رووی خۆی بەشەنگال سپی بکاتەوە، چونکە عێراق و هەرێمی کوردستان ساڵی ٢٠١٧ بەرەو هەڵبژاردن دەچن، پارتی بەبێ شەنگال لەکوردستان دەبێتە هێزی سێیەمین، بۆیە پارتی دەیەوێ بەهاوبەشی لە گەڵ تورکیا، جارێکیتر هەژموونی خۆی دروست بکاتەوە، بۆ ئەمەش پێویستیەتی کە پەکەکە هەنگاو بۆ دواوە بنێت. ئەگەرنا پارتی هیچ پرۆژەیەکی بۆ شەنگال نیە،

لەبەرئەوەی لە ٢٠٠٣ تاکو ٢٠١٤ پارتی هیچ خزمەتی شەنگالی نەکرد، پێچەوانە رادەستی دوژمنیشی کرد، پەکەکە بەوهاوکاری خەڵکی شەنگال لە دوو ساڵ کۆمەڵێك خزمەت و داهێنانی بۆ شەنگالیەکان کرد کە دەتوانن جڤاکێکی ئازاد و دیموکرات و یەکسان و خۆش گوزەرانی لەسەربونیاد بنێنن. پارتی بانگێشەی دەوڵەت دەکات لە هەرێمی کوردستان، دەوڵەتەکەی پارتی تەنها لەسەرشەنگال ماوە، یان بەڕاستی پەکەکە رێگرە لەبەردەمی، بێگومان نا، بێگومان خەڵکی هەرێمی کوردستان لەناو قەیرانێکی گەورەی ئابوری و نەبوونی موچەو خزمەتگوزاریدان، لەجیاتی ئەو هەڕەشەو ئاشوب نانەوێیە، باشترە خزمەتی خەڵك بکەن و چیتر رێگریش نەکەن لە ئاوەدان کردنەوەی شەنگال و ئابلۆقەکانیشیا لەسەررۆژئاوا هەڵگرن.

# بۆبەدوای باشترینەکە ناگەڕێن بۆ خەڵکی کوردستان؟



ئازادیی کۆمەڵگە
عەلی مەحمود محەمەد

ماوەیەکە مشتومڕێکی گەرم و گوڕ لەسەر شێوازی سیستەمی حوکمرانی لە کوردستاندا لە ئارادایە لە سەردیاریکردنی شێوازی سیستەمی سیاسی بۆ داهاتووی کوردستان.

لەم نێوەدا دوو بەرە کە هژمۆنیایان بەسەرپەرلەمان و حکومەتەوە هەیە، ئەلتەرناتیفی خۆیان هەیە بۆ شێوازی حوکمرانی ئایندەی کوردستان کە بەهێزترینیان دەسەڵاتدارانی زۆنی سەوز و زەردن، یەکیان ٤ پارتە سیاسییەکەیە «یەکێتی، گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵی ئیسلامی» کە خوازیارن سەرۆك بە کەمترین دەسەڵاتەوە لە پەرلەمان هەڵبژێردرێت وەك یۆنان و ئەڵمانیا ....، بژاردەکەی خۆیان ناوناوە سیستەمی پەرلەمانی ، لە لایەکی دیکەوە پارتی دیموکراتی کوردستانە کە خوازیارە سەرۆك بە دەنگدانی گشتی هەڵبژێردرێت بە دەسەڵاتی جارانەوە ، یان لەو پەڕی ناچاری بە کەمێك کەمکردنەوەوە ، بە مانای ئەوەی یاسای سەرۆکایەتی ئێستا کەمترین هەموارو بکرێتەوە واتا مکیاجێکی کاڵی وا بکرێت سیماکەی نەگۆڕێت و وەك خۆی بناسرێتەوە، ئەوانیش سیستەمەکەی خۆیان ناو ناوە سیستەمی پەرلەمانی ، کە لە راستیدا هەردوکڵا راستدەکەن بۆ ناو لێنانی سیستەمەکەیان ، چونکە نموونە بۆهەردوکڵایان لە جیهاندا زۆرە، بەڵام بۆ ناپرسن کامیان باشترە، لە بری شەرکردن لە سەرناو ، باشترە شەڕ لەسەرباشترین بکرێت.

ئەوەی روونە هیچکام لەم دوو بەرەیە بە دوای سیستەمێکەوە نین گەڵ بڕیاردەربێت تیایدا کە ئەویش دیموکراسی راستەوخۆیە، تیایدا گەڵ دەسەڵاتی رەهای هەیەو بڕیارلەسەر گۆڕینی دەسەڵاتداران، یاساکان، پەسەند کردنی بڕیارەکان و ..... دەدات، لە باشوری کوردستان وەك رۆژئاوای کوردستان بە دوای ئەزمونێکەوە نین لە کونج وکەلەبەری پەرتوکەکانەوە لەوپەڕی جیهان، توێژەرێکی گیرفان بەتاڵ توێژینەوەی بۆ بکردەبێت، کە وێڵی گەیشتن بە دەسەڵاتداریەتی گەڵ بێت لە خوارەوە، ناونانی کانتۆن لە رۆژئاوای کوردستان، تەنها ناو نانێکی ئاسایی نییە، بەڵکولە باوەڕبوونە بە دیموکراسی راستەوخۆ، مەسەلەکە تەنها ناولێنان نییە کە هەندەك وای بۆدەچن، لەم ئەزمونەی لای خۆمان نەیاران داوای زیاتری بەرتەسککردنەوەی رۆڵی خەڵك دەکەن لە بڕیاردان وەك لە دەسەڵاتێك کە ئەوەی باوەڕی پێ نەبێت یاسایە «هەرچەندە ئەو حیزبانەش بەشێك لە دەسەڵاتن، بەڵام وەك پاشکۆ» تەنها بۆ کات کوشتن هەمووانی پێوە سەرقاڵە کات، دوای پەسەند کردنیش لە کاتی قازانجدا یاسا ئامادەیە، لە کاتی مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندیەکانیشی بۆ هەڵگرتنی سەررەفەکانە .

پاساوی ٤ لایەنەکە بۆ هەڵبژاردنی ئەم شێوازە گوایە بەشێکی بەهۆی ئەوەوەیە ترسیان لە ساختەکاری هەیە کە پارتی بیکات لە هەڵبژاردنەکان لە ناوچەکانی زۆنی زەرد، بێشك دەیکات ئەگەر بشی کوژن، نەك بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم بگرە بۆ هەڵبژاردنی چاپچییەکیش بێت، ئەمە تایبەتمەندی هەردوو دەسەڵاتداری کوردستانە، ئەم بەهانەیە لاوازە و دەربڕی ئەوەیە ئاڵا هەڵگرانی باوەڕیان بە دەنگی خەڵك و پرۆسەی دەنگدان و بەشداری زۆرینە لە بڕیارەکاندا نییە، ئەوان سەیری سیاسەت تەنها لە بەرژەوەندی خۆیانەوە دەکەن، ئەوەندە دەنگدانیان دەوێت شەرعیەت بە ئیمتیازاتەکانیان خۆیان بدات، مەگەر بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانیش پارتی ساختەکاری ناکات وکورسیەکانی پێ زیاد ناکات؟؟، ئەمە لە کاتێکدا ئەوانیش ناوچەی نفوزی خۆیان هەیە کە زۆنی سەوزە ولە رابردوودا لەوزۆنە

دەست نەپارێزراوە لە ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکاندا، تەنانەت خۆیان (ئەم ٤ لایەنە) یەکتریان تۆمەتبارکردووە بە تەزویر کردن، کە ئێستا دوو لایەنە حوکمڕانەکەی ئەوزۆنە بە یەك لیست دادەبەزن ئەوا ژینگەی ساختەکاری لەبارتر دەبێت بۆیان و هیچ رەقابەیەك لەسەریان نامێنێت، هاوکات بێ ئەوەی ئەوە بزانن وەك خۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن ١١ کورسیەکەی کۆتا پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەرژەوەندی خۆی لە پەرلەمان بەکاری دەهێنێت، کە ئەگەر هەڵبژاردنی ناو خەڵك بێت، ئەوا ١ یەکسان دەبێت بە ١ و کۆتا نامێنێت، وەك بانگەشەی بۆ دەکەن ١١ کورسیەکە یەکسان دەبێت بە دەنگی ١ کورسی، کەواتە لەمەدا پارتی زیانی دەنگی ١٠ کورسی لێدەکەوێت، لە کەمترین حالەتدا زۆربەی ئەو دەنگانە لە دەستدەدات، کە دەتوانێت لە هەڵبژاردنی ناو پەرلەمان بەکاری بهێنێت لە بەرژەوەندی خۆی، ئەگەر ئەم گریمانانە هیچیشی نەبێت هێزی دیموکراسیخواز ئەوەیە داکۆکی لەو پرنسیبە بکات ئەگەر خۆشی زیانی لێبکات، لە پاڵ هۆکارەکانی سەرەوە کە بە کورتی ئاماژەمان پێیان دا ئەوا دەستەی نا سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کە ئێستا ٤ پارتەکە بەسەریدا زاڵن دەتوانن وردترلە جاران چاودێری هەڵبژاردنەکانی پێ بکەن و وەك چەکێك بەکاری بهێنن، ئەوترسەیان کەمتر بێتەوەو سەختەکانی پێ کەم بکەنەوە، ئەوەی جێی ئاماژەیە لە هیچ بارودۆخێك ولە بوونی هەرترس و گومانێك، نابێت مافەکانی تاك و دیموکراسیەت بکرێتە قوربانی ئەگەرەکان و پێشبینییەکان، من لام سەیرە هاوکێشەکە بەم شێوەیە کەوتۆتەوە، دەبوایا پرۆژەکان پێچەوانە بونایە، لە بری ئەو ٤ پارتە، پارتی دیموکرات دژ بەوە بوایە سەرۆك لەناو خەڵکەوە هەڵبژێردرێت، چونکە لە ناو پەرلەمان زیاتر مامەڵەو سات و سەودای هەلپەرستانەی تێدا دەکرێت و کەڵك لە دەنگی کۆتاکان وەردە گرترێت بۆ بەدەستهێنانی پۆستەکە و مسۆگەرکردنی، نەك بچێتە هەڵبژاردنێکی

> **زۆربەی وڵاتانی دیموکراسی جیهان سیستەمی سیاسیان سەرۆکایەتییە، کە دابەش دەبن بەسەر ٤ جۆر**

تەمومژاوییەوە ئاسۆی سەرکەوتن تەم و مژاوی بێت، ٤ پارتەکە بەم پێگە دیبلۆماسیەی ئێستایان بە تایبەت گۆران کە زۆر لاوازو دوژمن پەیداکەرە، ناتوانن بەرەی خۆیان تۆکمە بکەن و لایەنی دیکە بهێننە ناو بازنەی خۆیانەوە بۆ بردنەوەی پۆستەکە لەناو پەرلەمان، بەتایبەتیش تورکیاو ئێران بەرەکانیان دابەش کردووە، کەمترین کورسی هەیە بۆ مانۆڕ نواندن، گۆڕان بەو رێکەوتنەشی لە گەڵ یەکێتی ، وێڕای جەولەکانیان بۆ لای پارت و لایەن و پێکهاتەکان، لەبەر ئەوەی زوو زوو پەرلەمانتارو سیاسییە زۆربڵێکانیان کێشەیان بۆ دروستە کەن، ناتوانن سەرکەوتوو بن لە بواری پەیوەندی ناوخۆیی و پەیداکردنی هاوپەیمان و دۆست، دوای تاڵەبانی خەریکە یەکێتی یش بەرەو ئەو ئاراستەیە دەڕوات و ئەو دەردە دەگرێت، لە دروستکردنی دژبەری سیاسی بە بەرهەم دەبن .

- ئەدی سیستەمەکانی جیهان چۆنن ؟؟؟

زۆربەی وڵاتانی دیموکراسی جیهان سیستەمی سیاسیان سەرۆکایەتییە، کە دابەش دەبن بەسەر ٤ جۆر، لەوانە ( ٤٣) وڵات راستەوخۆ سەرۆك لەلایەن خەڵکەوە هەڵەبژێرن و دەسەڵاتی تەواوی بێ رکابەریان هەیە کە هاوزەمان جگە لە سەرۆك کۆماری سەرۆکایەتی حکومەتیش دەکەن، وە ٢٢ وڵات سەرۆکی بەهێزیان هەیە کە خەڵك هەڵیان دەبژێرێت بە بوونی سەرۆك وەزیرانی لاواز لە وڵات کە سەرۆك کۆمار دیارییان دەکات، هاوکات ٢٩ وڵات سیستەمی سیاسیان نیمچە سەرۆکایەتییە (سەرۆکێکی بەهێزی هەڵبژێردراو و سەرۆك وەزیرانی لاواز) کە پەرلەمان هەڵی دەبژێردرێت بە کەمترلە دەسەڵاتی سەرۆك، بەمەش ژمارەی ئەو وڵاتانەی سیستەمی سیاسیان کۆمارییە لە جیهاندا دەگاتە ٩٤ وڵات لە کۆی ١٩٣ وڵاتی جیهان، کە نزیك ٤٩،٢٪ی وڵاتانی جیهان پێکدەهێنن.

هەرلەم پەیوەندەدا ٨ وڵات راستەوخۆ لەناو پەرلەمان سەرۆکی بەهێزی وڵات هەڵدەبژێرن بەبێ بوونی سەرۆك وەزیران (نموونە کۆماری باشوری ئەفریقیا)، واتا لەم وڵاتانە گەل سەرۆك هەڵنابژێرێت بەڵکو گەل پەرلەمان هەڵدەبژێرێت، ئەوانیش سەرۆکە بەهێزەکە هەڵەبژێرن، بەمەش ژمارەی وڵاتە سەرۆکایەتییەکان بەرز دەبێتەوە بۆ ١٠٢ وڵات لە جیهاندا.

هەروەها لە جیهاندا ٤٦ وڵاتی کۆماری پەرلەمانی هەیە (زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا لەم چەشنەن)، لێرەدا سەرۆکی وڵات بە دووجۆر دیاری دەکرێت، بەشێك راستەوخۆ لەناو خەڵك هەڵدەبژێردرێت کە زۆرینەن، نموونەیان هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری نەمسا بوو لەم رۆژانە بینیمان کە بەهۆی دەنگی زۆری نۆربیت هۆفەر لە پارتی ئازادی راستگەراوە چ هەلایەکی گەورەی نایەوە، بەشی دووەمیان لە

سیستەمە پەرلەمانیەکان سەرۆکەکان لەناو پەرلەمان هەڵدەبژێردرێن وەك ئەڵمانیا و یۆنان و ئیتاڵیا و تورکیا (ئەردۆگان دەیەوێت بیگۆڕێت، لە تونسیش پارتی نەهزە دەیەویست سیستەم بکاتە سەرۆکایەتی کەچی پارتە دەستە خوشکەکەیان لە کوردستان کە لاوازە و لە دەسەڵاتەوە زۆر دوورە سیستەمی پەرلەمانی دەوێت)، سیستەمی پەرلەمانی بە هەردوو شێوازەکەیەوە زیاتر لە ٢٥٪ی وڵاتانی جیهان پێك دەهێنن، هەروەها ٢٩ وڵاتی پاشایەتی دەستوری پەرلەمانی لە جیهاندا هەیە (ئەوروپا و یابان و وڵاتانی کۆمۆنوڵس)، وە ٨ وڵاتی پاشایەتی پەرلەمانی بە بوونی پادشای بەهێزەوە کە ئەمانەش ناتوانرێت بە سیستەمی پەرلەمانی و وڵاتانی دیموکراسی بناسرێن( زیاترولاتانی مەلەکی عەرەبین)، هاوکات بەشێکیان دیکتاتۆریش نین.

بەمەش لە کۆی گشتی ١٦٩ وڵاتی دیموکراسی لە جیهان لە سیستەمەکانی سەرۆکایەتی و پەرلەمانی، نزیك ٥٥٪یان کۆمارییەو ٤٥٪ی پەرلەمانییە بە کۆماری و پاشایەتی، گرووپی یەکەم زیاتر لە ئەمەریکای لاتین و وڵاتانی سۆڤیەتی جاران و ئەفریقیاو ئەمەریکای باکور و وڵاتانی دەریای کاریبی و .. ، وەلی گرووپی دووەم زیاتر لە ئەوروپا و وڵاتانی نیمچە کیشوەری هیندی و وڵاتانی دەوروبەری و ئەسیوبیاو سۆماڵ و عێراق و لیبیایە...ن، زۆربەیان بەتایبەت لە بەشی ئەوروپا ئەو وڵاتانەن دیموکراسیەت زیاتر تیایاندا چەسپیوەو تیایاندا یاساکانی هەڵبژاردن پێشکەوتنی زۆری بەخۆوە بینیوە لە پێناو دادپەروەری زیاتر لە نوێنەرایەتی، دیارە لەم وڵاتانەش بەتایبەت ئەو وڵاتانەی دیموکراسیەت تیایاندا نەچەسپیوە ناڕەزایەتی بەرامبەر بە سیستەمی سیاسی هەیە، نموونە هەنووکە ناڕەزایەتی لە مۆڵداڤیا و نیپاڵ هەیە کە داواکارن سەرۆك لەناو خەڵك هەڵبژێردرێت، لە عێراقیش ناڕەزایەتی هەیە، بەڵام مسۆگەرە لە کوردستانیش ئەم داواکارییە لە داهاتوو دێتە پێشەوە، ئەگەر بژاردەی ناو پەرلەمان دیاربیکرێت و سەرۆکی نا سەرکەوتووی وەك ئێستای بەغدای لێوە هەڵبژێردرێت دوای قۆناخی کارێزما سیاسییەکانی سەردەمی خەباتی چەکداری.

> **نازانم جەنگاوەرانی دوێنێی ئازادی لە کوردستان بۆچی شەڕ لەسەر ئەم شێوازەی دیموکراسیەت و بەڕێوەبردن ناکەنەوە بۆ باشوری کوردستان؟**

ئەمەو لەناو وڵاتانی جیهاندا، ٢ وڵاتی ئاینی(ئێران و ڤاتیکان)، ٦ وڵاتی پاشایەتی دکتاتۆری، ٨ وڵات تاك حیزبی هەن کە سەرجەمیان لە دەرەوەی بازنەی وڵاتانی دیموکراسین، کۆیان ژمارەیان ١٨ وڵاتە نزیك ٩.٩٪ی وڵاتانی جیهان پێك دەهێنن، هاوکات وڵاتێکیش کە پەیرەو لە سیستەمی دیموکراسی نیمچە راستەوخۆ دەکات ئەویش سویسرایە، لە هەموو سیستەمەکانی ئاماژەمان پێیان دا زیاتر تاك رۆڵ دەبینێت لە بڕیارەکاندا لەم سیستەمە، دیموکراسی نوێنەرایەتی ئەمڕۆ لە هەمووکات زیاتر لە بەررەخنەی نەیارانیدایە کە ئەلتەرناتیفیان دیموکراسی راستەوخۆیە، نازانم جەنگاوەرانی دوێنێی ئازادی لە کوردستان بۆچی شەڕ لەسەر ئەم شێوازەی دیموکراسیەت و بەڕێوەبردن ناکەنەوە بۆ باشوری کوردستان ؟؟؟؟؟.

بە بڕوای من ئەلتەرناتیفی ئەو٥ لایەنە ئەوەندە نزیکە لە یەکترەوە نەك شایانی ئەم بارگرژییەی ئێستای کوردستان نییە، بەڵکو شایانی کات کوشتنیش نییە.

بەهۆی ئەوەی سیستەمە سەرۆکایەتیەکانی وڵاتانی دواکەوتووی چەشنی کوردستان بەشێکی زۆریان بەرەو دکتاتۆریەت چوونە، نموونە وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست و ئەفریقیا ....، هەرچەندە حاڵی بەنگلادیش و سۆماڵ و تورکیاش مایەی حەسودی پێدا هاتنەوە نییە، بۆیە بۆ گرنتی مانەوەی دیموکراسی لە کوردستان، سیستەمی پەرلەمانی بەشێوەی کاتی تا ئەوکاتەی دیموکراسی راستەوخۆ دەبێتە داواکاری خەڵك، گونجاوە لە چوارچێوەی رای سیاسی باودا، لەناو ئەویشدا هەڵبژاردنی سەرۆك لەناو خەڵکەوە بە دەسەڵاتی تەشریفاتییەوە نموونەشمان دوا هەڵبژاردنە کە لە نەمسا ئەنجامدرا.

- لە کوردستان چی بکەین؟؟؟

ئێستا هەردوو بەرەی رکابەرباسی سیستەمی سیاسی پەرلەمانی دەکەن بۆ داهاتووی کوردستان، یەکیان باوەڕی وایە سەرۆك لەناو پەرلەمان هەڵبژێردرێت بەکەمترین دەسەڵاتەوە، لایەنی دووەم خوازیارە لەناو خەڵك هەڵبژێردرێت بە دەسەڵاتی جارانەوە، لێرەدا هەردوولا راستەکەن و نموونە لە جیهان بۆ هەردوو شێوازەکە هەیە، بۆ هەریەکە لەم دوو بەرەیە نموونەی وڵاتانی باش و خراپ هەیە.

پێمووایە سیستەمی پەرلەمانی زۆر گونجاوترو باشترە بۆ کوردستان لە سیستەمی سەرۆکایەتی لە ترسی خزان بەرەو دکتاتۆریەت، هەرچەندە قەوارەی کوردستان هێشتا لە رووی سەربەخۆییەوە یەکلا نەبۆتەوە، لەم نێوەشدا پێم گونجاوترە لە هەردوو بژاردەکە سەرۆك لەناو خەڵکەوە

## هەموو تاکێك دەتوانێت مافی خۆی مومارەسە بکات بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك

هەڵبژێردرێت بەدەسەڵاتی تەشریفاتی کەمەوە، واتا لە داواکاری هەردولایەنەکە هەریەکەیان بەشێك وەربگرترێت و موتوربەی یەکتر بکرێت، ئەگەر موتوربەی هەندێك بەهای دیموکراسی راستەوخۆش بکرێت باشتردەبێت زیاتر دەتوانێت بەها دیموکراسیەکان و ئازادیەکان بپارێزێت، بەم هۆکارانەی خوارەوەیە هەڵبژاردنی سەرۆکم لەناو خەڵکەوە پێ باشترە لە چوارچێوەی سیستەمی پەرلەمانتاریا:

١- هەموو تاکێك دەتوانێت مافی خۆی مومارەسە بکات بۆ خۆ کاندید کردن بۆ ئەو پۆستە، مافی هەمووان بۆ وەرگرتنی پۆستەکە پارێزراوە، بە پێی ئەوەی دەستور و یاسا دیاریيان دەکات.

٢- هەموو تاکێك دەتوانێت مافی خۆی مومارەسە بکات بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك.

٣- سیستەم هەمە رەنگتر دەبێت، مەرج نییە ئەو لایەنەی حکومەت پێك دەهێنێت سەرۆکی هەرێمیش بباتەوە، لە جیاتی بژاردەیەك دوو بژاردە لەبەردەم گەلدا دەبێت بۆ حیزبی حوکمڕان.

بەڵام هەڵبژاردنی سەرۆك لە ناو پەرلەمان بە قازانجی پارتە رامیاریەکانە بە تایبەت گەورەکان، بەوەی دەتوانن کاندیدی خۆیان دیاریبکەن بۆ پۆستەکە، بەمەش پۆستەکە لە نێوان خۆیان پاوان دەکەن، دەنگ کڕین و تەنانەت حیزب کڕینیشی لێ دەکەوێتەوە، هاوکات لە کاتی هەڵبژاردنی سەرۆك مامەڵە بە ژمارەی کورسیەکانیانەوە دەکەن بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك لە پشتیوانی کاندیدێك، بەمەش ئیمتیازاتی زیاتر بەدەست دەهێنن لە بەرامبەر دەنگدانیان، لێرەدا ئازادی و دیموکراسیەت لە بەرژەوەندی حیزب بەتایبەتیش حیزبی گەورە دەبێتە قوربانی.

هاوکات بۆ بارودۆخی کوردستان بەهۆی زاڵ بوونی پاوانخوازی حیزبی و دەسەڵاتی بنەماڵەیی و سیاسەتی بەرچاو تەنگی حیزبایەتی، دەکرێت کۆمەڵێك پێوانە بۆ سەرۆك دیاری بکرێت بە کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانیەوە، لەوانە:

١- سەرۆك لە پارتەکەی دەست بکێشێتەوە.

٢- سەرۆك بارەگای سەرەکی کارەکەی لە پایتەخت دەبێت و تەنها لە کۆشکی سەرۆکایەتی کە لە پایتەختە کارەکانی بەڕێوەدەبات.

٣- سەرۆك ئەژندای کارەکانی رون بێت و سەرۆکی تەواوی گەل بێت نەك گرووپ و پارت و بنەماڵەو شارێك.


٤- نابێت دوو کەسی نزیکی یەکتر هاوکات دوو پۆستی سیادی وەربگرن.

٥- نابێت کەسە نزیکەکانی سەرۆك کاری بازرگانی بکەن و پرۆژە لە حکومەت وەربگرن.

٦- سەرۆك سەروەت و سامانی خۆی و کەسە نزیکەکانی ئاشکرا دەکات و بڵاوی دەکاتەوە بۆ ئاگاداربوونی هاووڵاتیان.

٧- لە هیچ بارودۆخێك نابێت لە دوو خول زیاتر بەهیچ بەهانەیەك پۆستەکەی بۆ درێژبکرێتەوە، یان خۆی کاندید بکاتەوە لە قۆناخەکانی دواتری ژیانیدا بۆ هەمان پۆست.

لە کۆتادا دەڵێم، سیستەمی دیموکراسی نوێنەرایەتی لە ژێر پرسیاری جدیدایە، شۆڕش دژ بەم شێوازە لە حوکمڕانی دەستی پێکردووە، ماوەی دووربێت یان نزیك پاشەکشەی پێ دەکرێت، دەبێت بەدوای دیموکراسی راستەوخۆوە بین، بۆ ئەوەی گەل بڕیاری خۆی لەسەر هەموو شتێك بدات لە هەموو کاتەکانی ژیانداو لە هەموو بڕگەکانی فەرمانڕەواییدا، نەك ٤ ساڵ جارێك بە هەڵبژاردنێکی روکەشانەی فریودەرانە هەڵخەڵەتێنرێن و درۆکان دووبارە کرێنەوە لە رێگای سندوقەکانی دەنگدانەوە.



وێنەی کاریکاتێری دەسەڵاتی کورسی

# مووچەخۆر لە بەردەم سێدارەی دەروونیی بێ-مووچەییدا



ئازادیی کۆمەڵگە
د.زمناکۆ خەسرۆ

شیکاری دەروونی مووچەخۆر بە هۆی قەیرانی مووچەوە لە ماوەی نێزیکەی ساڵ و نیوی ڕابردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان/باشوور نەیتوانییە مووچەی فەرمانبەرانی بەڕێکی دابین بکا. سەرباری ئەوەی کە حکومەت مووچەی هەموو مانگەکانی نەدایە، بەڵام بەهۆی فێڵی پاشەکەفتی مووچەوە، مووچە کەمیش بوویتەوە. یانی، حکومەت هەم مووچە قەرزدارە، هەمیش مووچەکەی کەم کردیتەوە. لێرکانە هەوڵ دەدەین تیشك بخەینە سەرکاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەوئاریشەیە لەسەرباری دەروونیی مووچەخۆران.

کاتەك مووچەخۆر سەرچاوەی داهات و دابینکردنی بژێوی تەنیا مووچە بێ، ئەوا هاوڵاتی لۆ ئەوەی پێداویستییەکانی ژیانی مانگەکی دابین بکا، دەبێ هەموو مانگەك مووچەکەی وەربگرێ. مووچەخۆر هەوڵ دەدا ژیانی هاوسەنگ بی. هاوسەنگ بەوواتایەی مووچەکەی لۆ سەرجەم پێداویستییەکانی دابەش بکا لەو مانگەدا. ئەگەرمووچەی مووچەخۆر کێشەی تێ بکەوی، ئەوا ئەوهاوسەنگییە لار دەی. بەهاوسەنگ ڕاگرتنی دانی کرێی خانوو وئاووکارەبا، خواردنی ڕۆژانە، ڕۆژانەی زارۆ و پێداویستی دیکە. ئەوانە هەموویان وا لە مووچەخۆر دەکەن، لە هەوڵێ تەواو دابی، تا ئەوهاوسەنگییەی لێ لاسەنگ نەبی. کە ئەوە نابی، جا هەم بەهۆی کەمبوونەوەی مووچە و هەمیش بە هۆی درەنگبوونی، ئەوا ئەوکارە دەبێتە مایەی دڵەڕاوکێ (anxiety) لۆ مووچەخۆر. چونکێ مووچەخۆر ئیدراکی ئەوە دەکا ئەو سیستەمە هاوسەنگەی لۆ ژیانی دایناوە، ئاوەژی دەبیتەوە. ئەوئاوەژیبوونەوەیە، تا ئاستی دیوی ژۆرێی ژیانی خێزان دەچی.

کاتەك مووچەخۆر تووشی قەلەقی دەبی بەهۆی ئەوەی کە مووچە-درەنگهاتن وکەمبوونەوەکەی هاوسەنگی ژیانی لاسەنگ دەکا، ئیدی ئەوقەلەقییە دەبێتە هۆی درووستکردنی فشار (stress)ی دەروونی. ئاشکرایە زەختی نەفسی بریتییە لە ترسان لە ڕوودانی ڕووداوەك کە زیان بە مرۆ بگەیەنێ. درونگبوون و کەمبوونەوەی مووچەی مووچەخۆریش، ڕێك تەواوی مانایەکانی پێناسەکەی لەسەر پاسادان دەبێ. چلۆن؟ ئاخر دادە و کاکەی مووچەخۆر ترسی ئەوەیان دەکەوێتە دڵی، کە لەوانایە ئەوسەرەمانگەش مووچەکەیان وەرنەگرن. وەرنەگرتنی مووچە یان کومبوونەوەی مووچە دەبیتە هۆی «ڕوودانی ڕووداوی تێکچوونی



شیرازەی ئەوهاوسەنگییەی لە بژێوی ژیانی مووچەخۆر هەیە،» کە بە پشتبەستن بە مووچەوە ڕێکی خستییە. ژبەرهەندێ، مووچەخۆر ترسەکی بەردەوامی دەکەوێتە ناو هەناوی. ئەوترسە تا ئاستی زەفەربردن بە جلکی منداڵ و خواردنی ڕۆژانە و کرێی خانی و هاتووچوو و دەیانی ئاستی دیکە شۆڕ دەبیتەوە. ئیدی ئەوستڕێسە وەکو سێبەرلەگەرمووچەخۆر دەمێنێتەوە.

باشە، خوشکە و برای مووچەخۆر خودان فشاری دەروونین، چونکێ مووچە هەم کەمبوویتەوە، هەمیش لە وەختی خۆی نادرێ، کە سەرەمانگانە. کەواتە ئێستا ئەوان بەهۆی ئەوفشارە دەروونییەوە زۆربەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی فشاریان لەسەرە (دەتوانن بەشەکانی فشاری دەروونی و کاریگەرییەکانی لەناو ماڵی فەیسبووکەکەم بدینن)، کە فشاری دەروونی کاریگەریی هەیە لەسەر ئەگەری زیادبوونی نەخۆشیی قەلەقی، خەمۆکی، هەڵچوون، تێکچوونی تەرکیز، بیرکردنەوە،

وچەندانی دی لەسەرباری دەروونی. لەسەر جەستەش، فشاری دەروونی دەبێتە هۆی زیادبوونی نەخۆشییەکانی دڵ، جەڵتەی دڵ، زەختی خوێن، شەکرە، پرچ ڕووتانەوە، سەرسپیبوون، وتەنانەت ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەش زیاد دەکا.

گۆتمان درەنگهاتن وکەمبوونەوەی مووچە دەبێتە هۆی دڵەڕاوکێ وفشاری دەروونی، چونکە ڕێکیی ژیانی مووچەخۆر دەشێوێنێ. پاشان، ژبیرنەکەین، مووچەخۆر لە چاوەڕوانیدایە. ئەو چاوەڕوانییە کاریگەریی لەسەرتێکدانی تەرکیز (concentration) و ئاگادان (attention) دەبێ. ئەو دوانەش گرنگن لۆ هەرکەسەك تا بتوانی زەینی لەسەر ژیانی خۆی ودەوروبەری هەبێ. لەبەر ئەوە، مووچەخۆر، کە فەرمانبەری میرییە، ناتوانی کارەکانی بەدرووستی رایی بکا. ئەوەش کارلەسەرتوانست و ئەدای فەرمانبەری مووچەخۆر دەبێ. لۆیێش تێکڕای بەرهەمی مووچەخۆر، کە کارەکەیتی کەمدەبیتەوە. بەهۆی ئەوەوە، لە ئاست وپێگەی جودا کاریگەریی لەسەر هاوڵاتییان دەبێ. هەرلۆ نمونە، مامۆستا تەرکیزو ئاگادانی کەم دەبێتەوە لە پۆلدا. بەمەش، برستی گەیاندنی مادده ودەرس و زانستەکەی کەم دەبێتەوە وفێرخوازکەمتر سوود لەو مامۆستایە وەردەگرێ.

باشە، مووچە دواکەوت، ئەوە مانگەك ودوو وسێش هەرنەهات. بەهۆی ئەوەوە، فشارە دەروونییەکان کاریگەرییە نەرێنییەکانیان زەقتر بەدەر دەکەون. لۆێ بە تێپەڕبوونی کات مووچەخۆر تووشی هەڵچوون (impulsivity)ی دەروونی دەبێ. پێشی ئەوە، باری لەترازی (irritability) دروست دەکا. لەترازی واتا کەسەك بەئاسانی وبە چشتەکی زۆرگچکە تورە بێ. ئەو تورەبوونە هەڵچوونی و عەسەبیبوونی لێ دەکەویتەوە. بەمەش تەماشا دەکەین، مووچەخۆر هەم لەترازدەبێ، یانی بە چشتی بچیك تورە دەبێ، هەمیش نەوبەی هەڵچوون وتورەبوونی زیاد دەبن. ئەوجا ئەوتورەبوونانە رووبەڕرووی هەموو کەسەك دەبیتەوە. دەبینین، مووچەخۆر دەگەڵ هاوسەری، منداری، دەروجیرانی، خزموکەسی، وهاوڵاتیش تورە دەبێ. ئاساییە وەك دەبینین مووچەخۆر لە دەرێ ولەناو عالەمێ لەسەر چشتی زۆر بچووك تورە دەبێ. لۆیێش، لە کۆمەڵگەی کوردیدا، دەودەوانێ وشەڕی ناوجادە وگەڕەکان زۆر دەبینرێن. ئاخر فشاریان لەسەرولەتراز وهەڵچوونن بە هۆی قەیرانەکانەوە.

> **نەخۆشیی خەمۆکی بە شێرپەنجەی سەردەمی مۆدێرن دادەنرێ. یەکەکە لە هەرە باوترین نەخۆشییە دەروونییەکان**

ئەگەر مووچەخۆر لەباری هەڵچوون بێ، ئەوا دڵنیابە ئەو هەڵچوونانە ڕوو لە هاوسەرانیشە. بەهۆی ئەوەوە، ژنومێردی مووچەخۆر کە دەگەڵ یەك هەڵ دەچن وکرژی دەکەوێتە مابەینیان، یەك لە هۆکارەکان ئەو هەڵچوونە دەروونییەیە کە بە هۆی نەدان وکەمبوونەوەی مووچەوە دروست بووە. لۆێ، کاریگەریی نەدان و کەمبوونەوەی مووچە تا ئاستی پەیوەندیی ژنومێردایەتیش چووە.


لەبیرمان نەچی، دوای ئەوەی مووچەخۆر لەمسی کاریگەرییە نەرێنییەکان دەکا و بەردەوام دووپات دەبنەوە، ئەوکات کاریگەرییەکان توختر دەبن. کە ژیانی سەخت دەبێ، کرێی پێ دابین ناکرێ، ئیدی ئەو سەختییانەی ژیان رۆژانە و هەفتانە دەگەلیان دەژێ. لەبەر ئەوە، مووچەخۆر تووشی ڕەشبینی (pessimist) و بێهوایی (losing will-power) دەبێ. رەشبینی کوشتنی هێزی هەوڵدانە لە ئێستادا و بێهواییش لەناوچوونی توانای تێکۆشانە تا بەئامانجەکانمان بگەین لەئاییندە. هەردووکیشیان کاریگەریان هەیە لەسەر دروستکردنی بیری نەرێنی (negative thoughts). ئاساییە هەم بیری نەرێنی شینی وبێهوایی دروست دەکا، هەمیش بەپێچەوانەوە. بیری نەرێنی ئەوەیە، کە بنیادەم شکست ودۆڕان وسەرنەکەوتن و خۆبەدەستەوەدانی هەبێ لە هەر هەنگاو و کارەکیدا کە دێتە پێشی. لۆێ ئەوە وا دەکا رۆحیەتی هەوڵدان وتێکۆشانی خودیی ئینسانەکان بکوژێ. مرۆ نایەوێ لۆ ئێستا وئاییندەی هەوڵ بدا. برستی دەستپێکردن لۆ گچکەترین چشت دەمرێ. ئەوەش، شێرپەنجە هەرە گەورەکەی تێکۆشانی دەروونی ئینسانە، کە ئینسان بەتەواوی دەستبەرداری ژیانی دادێی دەبێ. ناتوانی بیرلە دۆزینەوە ودروستکردنی ژیانەکی گەشبین بکاتەوە. لە دواجاردا مووچەخۆر تووشی نەخۆشیی خەمۆکی (Major depressive disorder) دەبێ.

نەخۆشیی خەمۆکی بە شێرپەنجەی سەردەمی مۆدێرن دادەنرێ. یەکەکە لە هەرە باوترین نەخۆشییە دەروونییەکان کە ملیۆنان کەس پێوەی دەناڵێنن. لە کۆمەڵگەی رۆژئاوایی، کە تاك کێشەی دابینکردنی پێداویستییە سەرەتایی و سەرەکییەکانی نییە، ئەوجا رێژەکەی نێزیکەی سەتی دە لۆ سەتی بیست (١٠-٢٠٪)ە لە کۆمەڵگە. ئەدی دەبێ لە کۆمەڵگەی کوردستانی و بەتایبەتی لە باشوور، بەهۆی هەبوونی دەیان ئاریشە لەسەرباری دەروونیی و کۆمەڵایەتیی و

ئابووری و سیاسیی تاکەوە چەند بێ؟ ئامارمان نییە، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە ڕێژەی نەخۆشیی خەمۆکی لە کنە خۆمان زۆرزیادترە وەك لەوێندەر.

لە دوماهیدا، با بزانین چی بەسەر مووچەخۆر بەتایبەتی و هاوڵاتی بەگشتیدا دێ، کە دەبنە خەمۆك. نەخۆشیی خەمۆکی هی ئەوە نییە لێرە بەکورتی باسی کەین، بەرانەکینێ هەوڵ دەدەین بە خوێنەری ناسێنین. نەخۆشیی خەمۆکی بەوە جیا دەکرێتەوە کە نەخۆش بێ هێزدەبی، بێ هیوا دەبی، بێخولوق وکەئیب دەبی، تەرکیز و ئاگادانی کەم دەبیتەوە و نامینێ، خەوی کەم دەبیتەوە بە جۆرەك کەسی خەمۆك کەم دەنوی و خەو پشووی پێ نادا، خواردنی کەم دەبیتەوە لەوانەشە خواردنی زیاد بکا وکێشیشی زیاد بکا، لاتەریك دەبی، ئارەزووی سێکسی کەم دەبیتەوە، و پاشان بیری لۆ خۆکووشتنیش دەچی.

ئەو نیشانانە بە شێوەیەکی بەرچاو لە زۆرتاکی باشوور دەبینرێن. ئەو نیشانانە وا لە بەشەردەکەن کە هەم ژیانی خۆی لەدەست بدا، هەمیش کاریگەریی نەرێنی لەسەرژیانی ئەوکەسانەش هەیە کە لە نەخۆشەوە نێزیکن و پەیوەندییان دەگەڵی هەیە. تەنانەت کاردەکاتە سەرسۆزی داك و باباتی، خۆشەویستییان لۆ بێچووەکانیان، توانا و بەرهەمی کارکردن، پەیوەندیی کۆمەڵایەتییان لەگەر دەوروبەریان. بزانن، حکومەتی هەرێم بە جۆرەك ژیانی هاوڵاتی خاپوور کردییە، تەنانەت کاریگەریی نەرێنی کردیتە سەرپەیوەندیی ژنومێردایەتی و سەرجێیش. لەهەمووشی کارەساتتر، هەر بە هۆی خەمۆکییەوە، خۆکووشتن زیاد دەکا. ئاخر سەتی دە (١٠٪)ی ئەوانەی خەمۆکن خۆیان دەکوژن. ئاشکراشە کە ژمارە و ڕێژەی خۆکووشتن لە کۆمەڵگەی کوردی روو لە زیاد بوونە.



وێنەی خەڵکی نارەزای لەبەرانبەرنەبوونی مووچە

لەو وتارە هەوڵمان دا تەنیا کاریگەرییە نەرێنییەکانی درەنگبوون و کەمبوونەوەی مووچە لەسەر باری دەروونی تاك نیشان بدەین. خۆ ئەگەر بمانەوێ وەکو یەکەیەکی کۆمەڵایەتی تەماشای تاك بکەین و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیشی شیبکەینەوە، ئەوکات وێنەی ئەو کاریگەرییانە لەسەرتێکڕای کۆمەڵگە دەبینین. ئەوەش دەبینین کە چلۆن باری لاری دەروونی تاك کاریگەریی لەسەرباری دەروونی کۆمەڵگە هەیە. کوو پەیوەندیی و شیرازە کۆمەڵایەتییەکان دەکەونە ژێر ئەو کاریگەرییانە. لەبەر ئەوەی هەوڵمان دا لە بواری پسپۆڕییەکەی خۆمانەوە شیکاری باردۆخەکە بکەین و شیکاری رووەکانی دی لۆکەسانی پسپۆڕی تایبەتمەند لێگەڕێین.

ئەنجام:

لەو وتارەدا هەوڵمان دا کاریگەرییە دەروونییە نێگەتیڤەکانی درەنگبوون و کەمبوونەوەی مووچە لەسەر مووچەخۆر نیشان بدەین. لەوە گەیشتین کە قەیرانی کەمبوونەوە و درەنگبوونی مووچ بوویتە هۆی ئەوەی کە مووچەخۆر تووشی دڵەڕاوکێ، لەترازی، هەڵچوون، رەشبینی، بێهیوایی، بیری نەرێی، و خەمۆکی بێ. کە ئەوانەش کاریگەریی نێگەتڤان هەیە سەر کۆی باری دەروونی تاك و توانای کارکردن و بەرهەمی تاك و پەیوەندییە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکانیش. بەهۆی ئەوەوە، نیشان دا کە ئەو قەیرانە کاریگەری لەسەرخودی مووچەخۆر و هەموو ئەو کەسانەش هەیە کە پەیوەندییان دەگەڵ مووچەخۆردا هەیە.

**د. زمناکۆ خەسرۆ**
**پزیشکی نەخۆشییە دەروونییەکان**
**خوێندکاری ماستەرلە**
**نەخۆشییەکانی زمان و دوان ئەمریکا**

# کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتی : بونیادنانی یەکسانی و دیموکراتی لە یەکێتیە جیاوازیەکان دا



ئازادیی کۆمەڵگە
ئەمینە ئۆسێ

کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتی بابەتێکە کە سەرنجی جیهانی راکێشاوە، بە تایبەتی دوای ئەو کارەساتانەی کە لە ئەنجامی شەڕی چەپەڵ کە لە سەرتاسەری جیهان رووبەڕووی مرۆڤ و ژینگە بۆتەوە، باس لە فەلسەفەیەکی ئەلتەرناتیڤ دەکرێت بۆ بەرەنگاربونەوەی ئەو کارەساتانە. ئێمەش لە چوارچێوەی ئەو فەلسەفەیەدا باس لە چارەسەری دیموکراتیانەی رێبەر گەلی کورد عەبدوڵڵا ئۆجالان دەکەین بۆ قەیران و ئالۆزیەکان کە باشترین چارەسەریە بۆ گەلی کورد و گەلانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوین. کە باس لە سیستەمی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتی دەکەین، دەبێ سەرەتا باس لەو قۆناخە مێژوویە بکەین کە گەلان پێدا تێپەڕیون بەتایبەتی هێزە دەسەڵاتدارەکان ئەو کاتەی جوگرافیای رۆژهەڵاتی ناوینیان بەسەر نەخشەی جیاوازدا دابەش کرد، پاشان لە ئەنجامی حوکمی یاساگەلێک کە هیچ پەیوەندیەکی بە گەلانی رۆژهەڵاتی ناوینەوە نەبوو ئەم دەوڵەتە دیکتاتۆر و نەتەوەپەرستانەیان هێنایە ئاراوە. گەلانیان بە هەموو پێکهاتەکانیەوە لە دەستی ئەو دەسەڵاتدارانە هێشتەوە کە لە ژێر زەبری دەوڵەت-نەتەوەکانیان دا بەبارودۆخی زۆر سەخت دا تێپەڕین.

هەرچەندە ئەو هێزانە لە کێشانی نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوین دا بە هێزبوون، بەڵام بەهێندەی ئەوەش ئەو گەلانەی لە نێو سنوری ئەو نەخشانەدا هەر دەرفەتیان بۆرەخسابێت، ئیرادەیان بۆ خۆڕێکخستنکردن و بونیادنان نیشانداوە. ئەگەرئەمڕۆ گەلانی کورد، عەرەب، سریانی و ئەرمەنی پێکەوەین ئەوە نمونە و نیازی ئەو گەلانەیە کە لەو دەسەڵاتدارێتیە رزگاریان بێت. ئەو دەوڵەتە نەتەوەپەرستانە لە ژێر ناوی عیلمانیەت دامەزران، بەڵام یەک دانەشیان رۆژێک لە رۆژان بەناوی عیلمانیەتەوە مامەڵەیان لەگەڵ پرسەکان نەکرد، بەڵکو لە ژێر ناوی عیلمانیەت دا گەلانی رۆژهەڵاتی ناوینیان رووبەڕووی زوڵم، دەستدرێژی و ناعەدالەتی کردەوە. نمونەیەکیش لەو دەوڵەتە نەتەوەپەرستانە سوریایە کە تێدا دەژیایین و بە زەبر و سیستەمی یەک پارت و بەیەک نوکە قەڵەم هەموو پێکهاتەکانیان رووبەڕووی چارەنوسێک دەکردەوە کە دەبوو ببینە عەرەب و ناچاردەکراین لە ژێر سێبەری ئەو حوکمەدا بە سیستەمی یەک زمان، یەک کلتور و یەک نەتەوە دا بژین. ئەوەشی رەتی بکردایەوە چارەنوسی لەناوچوون بوو.




نەخشەی باکووری سوریای فیدراڵی

هەرگیز دەوڵەتێکی نەتەوەپەرستی وەک سوریا و پارتی بەعسی دەسەڵاتدار بەو سیاسەتەی خۆی نەیدەتوانی گەلانی سوریا بخاتە بۆتەی یەک نەتەوە(عەرەب) و ئەو سیستەمە نەیدەتوانی ببێتە وەڵام بۆ پرسەکان. کۆمەڵگە لە نێو خۆی دا لەسەر بنەمای ئەتنیکی و مەزهەبی پارچە ببوو. لە ژێر سێبەری ئەو سیاسەتە تا دەهات کێشەکانی قوڵتر دەبۆوە.

ئەو دەوڵەتە سەرکوتکارانەی کە لەسەر خاکی رۆژهەڵاتی ناوین دامەزرێندران هەرگیز نەبوونە چارەسەری. لە جێی ئەوەی چارەسەری پرسەکان بکەن، مۆدێلی دابەشکردنی پلە و پۆستیان لەسەر بنەمای خزمایەتی و بنەماڵگەریەتی داهێنا.

لەکاتێکدا کە ناکۆکی لە رۆژهەڵاتی ناوین دەکوڵا و دیارنەبوو کە کەی بتەقێتەوە هێنانە ئارای ئەو مۆدێلانە

بۆ چارەسەرکردنی پرسەکان نەبوون، بەڵکو هۆکاربوون بۆ هاتنە ئارای ئەوەی پێی دەگوترا «بەهاری عەرەبی» کە ئێمە پێی دەڵێین بەهاری گەلان. بەهاری گەلان لە سوریا ئەنجامی بەدەست نەهێنا لەبەرئەوەی ئەو دەوڵەتە نەتەوەپەرست و ستەمکارانە گەمەیان بە گەلان دەکرد، هەمانکات چەندین پەیامیان بۆ گەلان هەبوو؛ یەکەم: ئەگەر دەوڵەت نەبێ ئەوە ئاسایشت پارێزراو نیە. دووەم: ئەلتەرناتیف نیە، ئەگەر گەلان بە دوای ئەلتەرناتیفێکی تردا بگەڕێین ئەوە ئەلتەرناتیفەکە ئەنجامەکەی بە تیرۆرناساندنە. لەبەرامبەر ئیرادەی گەلان هەوڵێکی سەپاندنی تەسلیمکاری درا. دەوڵەت بە سەرکوت وەڵامی پێداگری گەلانی بۆ داواکانی دەدایەوە. ئەو دوو بابەتە وامان لێدەکات کە ئەو سیاسەتە وەها شیبکەینەوە. هەم لەلایەک بەشێوەیەکی شاراوەیی پەرە بە پەیوەندی لەگەڵ ئەو هێزانە دەدراکە ئیرادەیان شکێنرابوو و هەم لەلایەکی تر بەشێوەیەکی دڕاندانە هێرشیان کردە سەر ئەوانەی کە تازە وەک بەرهەڵستکار دەهاتنە مەیدان.

> **ئەخلاق، راستی سروشت و سیستەمی ئیکۆلۆژیە، پەرەپێدانی پەیوندی نێوان کۆمەڵگە، مرۆڤ و سروشتە**

گرنگە کە وەک کۆمەڵگەی رۆژئاڤا جارێکی تر بە دیدێکی واقعیانە لە ئاڵۆزی و سیستەمی کۆمەڵایەتیمان بڕوانین. لەگەڵ ئەوەش چەندە ئەو گرووپەی کە دەسەڵاتی بەسەر کۆمەڵگەوەیە چەند لە مرۆڤایەتی نامۆ دەبێ وهێندەش لە سروشت دوورە. بۆ ئەوەش بابەتی سروشت، بابەتێکی سەرەکیە. واتە ئیکۆلۆژی، وەک زانستێکی کۆمەڵایەتی دیموکراتی وژینگەیی دەبینین و لە ڕووی تەکنیکیەوە رۆڵی لە بونیادنان دا دەبێ و مرۆڤ لە جەوهەری خۆی دا وەک سروشت و بەشێک لە سروشت دەبینین. پێشخستنی ئەو فەلسەفەیەی کە مرۆڤ سروشتییە و دەبێ خۆی بناسێت و دەبێ بە شێوەیەکی باش سروشت لە ئامێز بگرێت، هەروەها پەرە بە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و سروشت بدات، بەو پێیەش زیاتر دەتوانێ بەرهەمهێن بێت بۆ هەموو ئەو پێکهاتانەی کە لە سروشت و ژینگەکەی دا دەژین. سیستەمێکی کۆمەڵایەتی ناتوانێت خۆی بپارێزێت ئەگەر پەیوەندیەکی بەهێزی لەگەڵ سروشت دا نەبێت. ئەوە دەکرێت پاڵنەرێک بێت بۆ پەیوەندیەکی خۆڕسکانە لە نێوان سروشت، بەها، ئەخلاق و بەو پێیەش پەیوەندیەکی بەهێز و هاوسەنگ لە نێوانیان دا. ئەخلاق، راستی سروشت و سیستەمی ئیکۆلۆژیە، پەرەپێدانی پەیوندی نێوان کۆمەڵگە، مرۆڤ و سروشتە. دەکرێت ئەو پەیوەندیە ئاڵۆز و ناکۆکەی کە هەردەچێت سروشت و مرۆڤ رووبەڕووی مەترسی دەکاتەوە، تێپەڕێنین ئەوەش پەیوەستە بە هەستانەوە و هەڵمەتێکی گۆڕانکاری ئەخلاق و بونیادنانی کۆمەڵایەتی ئیکۆلۆژی دەبێت. ئەگەر بتوانین پەرە بەو چەمکە بدەین ئەوە دەتوانین پەیوەندی ویژدان و ئەخلاق پێشبخەین و بە خۆشەویستی و هەستێکی قوڵ پەرە بەو بەهایانە بدەین. دەبێ ئیکۆلۆژیانە مامەڵەی لەگەڵ پرس و ئاڵۆزیەکان بکەین. ئیکۆلۆژی بە واتایەکی تر دۆستایەتی لەگەڵ سروشتە. کۆمەڵگەش لە سەر ئەو بابەتە قاڵ بکەینەوە، چونکە ئەو کۆمەڵگەیەی نەتوانێ سروشتیانە بژی ناتوانێت خۆی لە توانەوە و رادەستبوون بە دەسەڵات رزگار بکات (سروشتیانە بەواتای بە بەهاکانی کۆمەڵگەی سروشتی و دوور لە چەمکی نەتەوەپەرستی و دەسەڵاتخوازی بێت). ئەو بابەتە کە لە هەمانکاتدا زانستێکی کۆمەڵایەتیە و ئیکۆلۆژی نەک تەنیا زانست، بەڵکو هەڵوێستێکی ئایدیۆلۆژیە،

> **دژی ئەو سیستەمەی باوکسالارییەی کە بەهیچ شێوەیەک چارەسەری بۆ پرسی ژن نەهێنا**

هەروەها وەک پردێکە لەنێوان ئەخلاق و فەلسەفە. بۆ ئەوەی ئاڵۆزیەکان تێپەڕێنین دەبێ سیاسەتێک پەیڕەو بکەین کە خاوەن تایبەتمەندی ئیکۆلۆژی بێت. لە دژی ئەو سیستەمەی باوکسالارییەی کە بەهیچ شێوەیەک چارەسەری بۆ پرسی ژن نەهێنا و نەیتوانی پرسە ئاڵۆسکاوەکان چارەسەر بکات، دەبێ ئەو سیاسەتە ئیکۆلۆژیە بەشێوەیەکی زانستی لە نێو کۆمەڵگەدا جێکەوتە بکەین. سەرکەوتنی تێکۆشانی گەلان پەیوەست بە ئازادی ژنەوە یەک لە ئامانجە سەرەکیەکانیەتی. دروشمی گەلان و پێکهاتەکانی لەسەر پێکەوە ژیان و ئازادی لە هەندێ وڵات وەک سۆسیالیزم و لە هەندێکی تر وەک دیموکراسی گوزارەی لێکرا، بەڵام لە دیدی ئێمەوە بونیادنانی یەکسانیە لە یەکێتی جیاوازیەکان دا. ئەوان یاسایان بۆ یەکسانی زەقکردەوە، بەڵام دەکرێ لە جێی یاسا ئەخلاق لە نێو کۆمەڵگەدا جێکەوتە بکەین و بە سیستەماتیزەکردن

بە دەزگاکردنی کۆمەڵگە پەرەی پێبدەین. هەرلە شانەیەکی بچوک لە کۆمینێک تا گوندێک لە ئەنجومەنی گەڕەکێک بەرەو پەرلەمان کە هەموو کێشەکانی گەل لە نێو خۆی دا تاوتوێ دەکات. دووەم ئەو ئەنجومەنانە لە سیستەمێکی سروشتی و ژینگەیی و کۆنفیدراڵ دا هیچ پەیوەندی لەگەل دەوڵەت نیە و پاشکۆی دەوڵەت نیە، بەپێچەوانەوەوە میکانیزمێکی بەڕێوەبەری و چاودێریە.

**سیستەمی کۆنفیدراڵیی دیموکراتی هەموو پێکهاتەکان، گەلان، ئایین و مەزهەبەکان لە خۆدەگرێت**

کاتێ باس لەو مەسەلەیە دەکەین رووبەرووی زۆرێک لەو نەخۆشی، کێشە و ناکۆکیانەین کە دەوڵەتە سەرکوتکارەکان چەندین ساڵە چارەسەریان نەکردووە، دەبینین کە زۆرێک لە وڵاتانی ئەوروپا کۆنفیدراڵییەکی دیموکراتی بەپێی بیرکردنەوەی خۆیان دامەزراند و مامەڵەی لەگەڵ کێشەکان کرد. ئێمە دەڵێین سیستەمی کۆنفیدراڵیی دیموکراتی گەلان کە پشت نە بە دەوڵەت و نە بە جیاکاری نێوان نەتەوەکان دەبەستێت، هەروەها ئەو سنورانە ناناسێت کە دەوڵەت - نەتەوەکان دایانناوە، بەڵکو هەموو پێکهاتەکان، گەلان، ئایین و مەزهەبەکان لە خۆدەگرێت. بە کورتی دەکرێت بڵێین ئەو سیستەمەی ئێمە باسی دەکەین بە چەمکی نەتەوەی دیموکراتی بونیادی دەنێین جیاوازی لەگەڵ نەتەوە-دەوڵەت هەیە، چونکە ئەو دەوڵەتە تەنیا نەتەوەیەک لە خۆدەگرێت، ئەوەی ئێمە هەموو کلتور و نەتەوەکان لە رۆژئاڤای کوردستان لە خۆدەگرێت. لە هەمانکات دا دژبەو نایەکسانییە کە بە سیستەمی دەسەڵاتداری نەتەوە - دەوڵەت بە زۆرەملێ بەسەر پێکهاتە جیاوازەکانی دا دەسەپاند.

سیستەمی کۆنفیدراڵی دیموکراتی کە وەک باشترین چارەسەری بۆ پرسی رۆژهەڵاتی ناوین و جیهان دەبینین، رێکخستن کردنی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتە، سیستەمێکی رێکخستنی گەلە، ئامانجی دەوڵەت نیە و لەهەمانکاتدا هەموو کلتور و نەتەوە و مەزهەبەکان لەئامێز دەگرێت. ژنان لە سیستەمێکی خۆسەردا خۆیان بەرێکخستن دەکەن. واتە لە بچوکترین شانە هەرلە گوندێکەوە دەستپێدەکات. ئەو مۆدێلە خەیاڵی نیە، بەڵکو لە دێرزەمانەوە لە ناوچەکەمان دا هەیە لە سەردەمی سۆمەریەکانەوە بگرە تا دەگاتە دیموکراسی ئەسینا. هەڵبەتە کێشەی بونیادی هەن لە رۆژهەڵاتی ناوین کە دەبێتە هۆکاری خوێنڕشتن، بەڵام ئەو مۆدێلەی ئێمە بۆ کوردستان و رۆژهەڵاتی ناوین و جیهانە. کێشەی فەلەستین و ئیسرائیلیش دەکرێت بەو مۆدێلە چارەسەر بکرێت کە چەندین ساڵە لە ئارادایە و دەتوانن بەو مۆدێلە رێگا لەو خوێنڕشتنە بگرن. لە هەمانکاتدا ٢٢ دەوڵەتی عەرەبی دەتوانن کەڵک لەو مۆدێلە وەرگرن و دەوڵەتێکی وەک تورکیاش دەکرێت بەرەو سیستەمێکی فیدراڵی یان کۆنفیدراڵی بگۆڕێت. چۆن دەکرێت گەلانێک کە لە نێو ئەو دەوڵەتانە دەژین لەیەک نەتەوەدا کورت بکرێتەوە و بە زەبری هێز بەڕێوەببرێت؟ .

ناوچەکەمان زەمینەیەکی زۆر بەهێزی هەیە کە سیستەمێکی وەهای تێدا جێکەوتە بێ. باشترین رێبازە کە هەم دەتوانێ خۆی بپارێزێ و دەتوانێ دەوڵەمەندی کلتورەکان پێشبخات و فراوان و بڵاو بکاتەوە. دووەم دەکرێت لە سەر بنەمای پێکەوە ژیان پەرە بە پەیوەندی نێوان پێکهاتەکان بدرێت و لەلایەک بابەتی ئەخلاق لەو سیستەمەدا رێگا لەسەر شەڕی خوێناوی دەگرێ و بەربەستی دەکات. ئەو بابەتانەی کە وەک ئەخلاق، شوێنی یاسا دەگرێتەوە هەم بۆ خۆمان و بۆ تەواوی گەلان بابەتی سەرەکیە کە دەکرێ وەک چارەسەری بیخەینە روو نەک تەنیا بۆ رۆژئاڤا، بەڵکو بۆ هەموو وڵاتانی تری کە کێشەی هاوشێوەی تێدایە، هەروەها ئەو پێکهاتانەی دەیانەوێ ئازاد بژین دەتوانن مۆدێلی خۆسەری دیموکراتی وەک باشترین مۆدێل بەبنەما بگرن.

**لە هەرچواربەشی کوردستان بێ ئەوەی کە دەست لە سنورەکان بدرێت دەتوانن پەرە بە پەیوەندیەکانیان بدەن**

ئەو مۆدێلە لەسەر بنەمای فرەیی مۆزائیکی گەلان و کلتورەکانە، ئەو مۆدێلە زیاتر هەرێمەکە جوان و مێژوویی دەکاتەوە. هەم فاکتەرێکی پاڵپشتە بۆ وەها سیستەمێک کە چارەسەری ئەو کێشانە دەکات کە سیستەمی دەوڵەت هێناویەتە ئاراوە و بۆتە سەرچاوەی پەرەسەندنی شەڕی ئەتنیکی کە زیاتر لە سەدەیەکە قوڵبۆتەوە و بەردەوامە. هۆکارێک کە باس لە کۆنفیدراڵیزم و خۆسەری دیموکراتی دەکەین ئەوەیە گەلی کورد لە هەرچواربەشی کوردستان بێ ئەوەی کە دەست لە سنورەکان بدرێت دەتوانن پەرە بە پەیوەندیەکانیان بدەن و خۆیان



ئەنجومەنی دامەزرێنەری سیستەمی فیدراڵیەتی دیموکراتی باکووری سوریا

ڕێکخستن بکەن و دەبێتە کلیلێکی سەرەکی بۆکۆنفیدڕالی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی ناوین. گەلی کورد دەتوانێ پێشەنگی بۆ ئەوە بکات. بەو واتایە نایەت کە پێکهاتەکانی تر و کلتورەکانی تر ناگرێتەوە، بەڵکو هەموو ئەو پێکهاتانە دەگرێتەوە کە لەسەر خاکی کوردستان دەژین و لەگەڵ گەلی کورد پەرە بە بونیادنانی سیستەمێکی دیموکراتی و نەتەوەی دیموکراتی دا دەدات لە پەیوەندیەکی دوولایەنە و دیموکراتیانەدا. هەرچۆن هاوڵاتیەکی عەرەب ئەو مافەی هەیە لەگەڵ عەرەبێکی نزیکی سنوری سیاسی خۆی پەیوەندی، دانوسان و ڕێکەوتن و تەنانەت کۆبێتەوە، هەمانکات ئەو مافە بۆ گەلی کورد لە چوار لای کوردستان هەبێت، مەگەربە وەها سیستەمێک قەیران، ئاڵۆزی و پرسەکان چارەسەرببێت. ئەمڕۆ تەنیا گەلی کورد خاوەن پرۆژەیەکی چارەسەریە و ڕێگای دەرچوونی لەو ئاڵۆزیە و ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی وهێرشی خوێناوی ونایەکسانیە هەیە کە پرۆژەی کۆنفیدڕالیزمی دیموکراتی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوینە بە گشتی.

کۆنفیدڕالیزمی دیموکراتی میکانیزمی بڕیاردان و دەست نیشان کردنی سیاسەت نیە، بەڵکو لەوە واوەتر ڕێبازێکی بەڕێوەبەریە کە لە ئەنجومەنەکانی بەڕێوەبەری پێکدێت و لە ناوەڕۆک دا ناوەندی نیە و پشت بە خۆتێری- الاكتفاء الذاتي دەبەستێت و لە پەیوەندی و دانوسانی نێوان بەڕێوەبەرانی خۆسەری و هەرێمەکان کاردەکات. بە کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی کارلەسەر پێشخستنی پەیوەندی نێوان کانتۆنەکان و بونیادنانی ئەنجومەکان و ئەنجومەنی راپەڕاندن دەکات بەڕێبازی فرەیی و دیموکراتیانە لە گوندێکەوە دەست پێدەکات تا ناوچە و شارەکان بەڕێبازی هەڵبژاردن ئەرک لە ئەستۆ دەگیرێت. ئەو ئەنجومەنی راپەڕاندنە لەهەموو پرس و کێشەکانی کۆمەڵگە لە گوند و شارەکان و تا ئاستی کانتۆن و هەرسێ کانتۆنیش لەسەر بنەمای یەکتر پێشخستن و هاوپشتی کردن ڕۆڵی پێشەنگ دەبینێت. سەرکەوتنی ئەو مۆدێلەی دەبێتە سەرەتایەک بۆ تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوین، گەلی کورد ئەو ئەرکەی لە ئەستۆگرتووە. هەروڵاتپارێزێک و هەر مرۆڤێکی کە لەسەر ئەم خاکە دەژی بە ڕەنجێکی کە داویانە و بەو قارەمانێتی و فیداکاریەی کە کردوویانە ڕۆڵی پێشەنگ دەبینن بۆ سەرخستن و سەرکەوتنی ئەم مۆدێلە دیموکراتیە. ئەم مۆدێلە هەرچەندە کەموکوڕی هەبێت و ڕووبەڕووی سەختی بێتەوە، بەڵام بەو پرەنسیپە کاردەکەین کە هیوا لە سەرکەوتن گەورەترە و ئێمەش بەو هیوا و باوەڕیەوە بەرەو سەرکەوتنی دوایی هەنگاو دەنێین.

**ئەمینە ئۆسێ: ئەندامی ئەنجومەنی پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD یە ئەم وتارەی لە کۆبوونەوەی جیهانێکی نوێ کە بە بەشداری ژمارەیەک زۆر لە شاندی بیانی لە قامشلۆ بەسترا خوێندۆتەوە.**

# داگیرکاری مۆدێرن مەترسیدارترە



ئازادیی کۆمەڵگە
فیدان یڵدرم
و. لەتورکی بەدەسکاریەوە/ نەجیبە قەرەداخی

داگیرکاری پرۆسەی زەوتکردنی مرۆڤە لە رووی جەستی، رۆحی، رەنجەوە بە زەبری هێز و بەکارهێنانێتی بۆ بەرژەوەندی داگیرکار. لە مێژووی مرۆڤایەتی دا داگیرکاری خاک بە زەبری هێزی سوپا، ترس و تۆقاندن بەڕێوەبرا و ئەو داگیرکاریە بەشێوەیەکی قەبەیە، زیاتر هێزی جەستە و بازووی مرۆڤەکان دەکاتە ئامانج و بەکاریان دێنن. داگیرکاری کلاسیک بە زۆری بەڕێگای سوپا بە زەبری هێزی قەبە و چەک لەبەرامبەر ئیرادەی گروپێکی تر بەڕێوەبراوە. ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە ئەو کۆمەڵگەنەن کە بە زەبری هێز ئیرادە و خاکیان داگیر دەکرێن و رووبەڕووی قڕکردنی جەستەیی دەبنەوە لە دۆخی بەرگری دا. کۆمەڵگە لەم دۆخەیدا زمان، کلتور و ناسنامەیان لە دەست نادەن، بەڵام ئیرادەیان لێزەوت دەکرێت و دەست بەسەر سامانی سەرزەوی و ژێرزەویان دا دەگیرێت و رێیان پێ نادرێ کە بۆ خۆیانی بەکاربێنن و لەژێر حوکمی داگیرکاری دا بە رێگای سوپای داگیرکاردا بە حوکمی زۆرەملێی دا دەکەونە ژێر کاریگەری داگیرکەر. ئەم جۆرە داگیرکاریە زیاتر هۆڵەندیەکان پێشەنگیان بۆ کرد دواتر ئیسپانیا، پورتوگال، بەریتانیا و فەرەنسا لە ئەفریقیا، رۆژهەڵاتی ناوین و ئاسیا پەیڕەویان کرد تا شەڕی دووەمی جیهانی تا ساڵی ١٩٤٥ بەردەوام بوو. ئەم جۆرە داگیرکاریە بۆ ئەوەی درێژە بە هەبوونی خۆی بدات ئاییانیان وەک چەکێکی بەهێز بەکارهێنا وگەلانیان بە خۆیانەوە وابەستەکرد.

> **داگیرکەرانی کلاسیک پرۆژەی ئابوری و سەرمایەگوزاریەکیان لە وڵاتی داگیرکراو نەدەکرد**

رێبەری بزووتنەوەی ماوماوی نێجیری جۆمۆ کنیاتا کاتێ لە دژی داگیرکەرانی ئەوروپی راپەڕی و، دوای ئەوەی راپەرینەکەیان سەرکوت کرا خۆشی دەستگیر دەکرێت. لە کاتی دادگایی کردنی دا دەڵێ» ئێمە خاوەنی خاکی خۆمان بووین داگیرکەران ئینجیلیان هێنا، فێری دۆعاکردنیان کردین. کە چاومان کردەوە بینیمان خاکەکەمان لە دەستچووە و تەنیا ئینجیلمان لە دەست دا مابۆوە».

داگیرکەران لە کوردستانیش هەمان چەکیان لە دژی گەلی کورد بەکارهێناوە و ئێستاش بەکاری دەهێنن. لە ژێرناوی هەمووەمان موسڵمانین بەووەوە ناوەستن کە خۆیان ئەوسیاسەتە بە رێگای دەزگا و دامەزراوە و چەندین کەسایەتی بەڕێوەدەبەن، بەڵکو نۆکەر و هاوکاران لە نێو گەلانی داگیرکراویش دا دەکڕن و وەک کۆیلە لە دژی گەلەکەی خۆیان بەکاری دێنن.

لە کاتی داگیرکاری کلاسیک دا کاتێ داگیرکەر سامانە سروشتیەکانی گەلێکیان داگیردەکرد، لە سەرخاکی داگیرکراو بەکاری نادەهێنا و کارگەیان دروست نەدەکرد، بەڵکو دەیانبردە شار و وڵاتانی خۆیان و پاشان بەرهەمەکانیان بەخەڵکی داگیرکراو دەفرۆشتەوە. داگیرکەرانی کلاسیک پرۆژەی ئابوری و سەرمایەگوزاریەکیان لە وڵاتی داگیرکراو نەدەکرد. لە رووی ئابوری هیچ پێشکەوتنێک نەدەهاتە ئاراوە، بەڵکو داگیرکەر تەنیا کاری تاڵانکردنی سامانی سروشتی ئەنجام دەدا و تا ئێستاش ئەو سیاسەتە لە چەند جێیەکی کوردستان بەردەوامە.

ئەم جۆرە لە داگیرکاری کلاسیک تا شەڕی دووەمی جیهانی بەردەوام دەبێت. سەدەی ٢٠ سەدەی راپەڕینی گەلانە لە

بەرامبەر داگیرکەران. هەر لە عێراق بگرە تا وڵاتانی باکوری ئەفریقیا، ئەو گەلانەی کە پێشتر وڵاتەکانیان داگیرکرابوو لەبەرامبەر داگیرکاروشیاردەبنەوە ولەدژی داگیرکەران دەست بە راپەڕین دەکەن، هەروەها لە وڵاتانی وەک ڤێتنام، لاوس و کەمبۆدیا و... هتد. ئەو داگیرکاریە شەڕی لێدەکەوتەوە و زیانی گەورەی بەداگیرکەرانیش دەگەیاند و راپەڕین دەرفەتی ئازادی بۆ گەلانی راپەڕیو دەکــردەوە. ژمارەیەکی زۆر لە پێشەنگ و رێبەرانی راپەڕینی گەلان هاتنەئاراوە. گەلان دەیانویست خۆیان ببنە خاوەن خاک و سامان و درکیان بەوە دەکرد ئەوانەی لەو دیو سنورەکانیانەوە هاتوون خۆیان کردۆتە خاوەنی هەموو شت ئەوان نەبێ کە لە هەموو خاک و خێر و بێری وڵاتەکەیان بێبەش بوون و دەرپەڕاندنی داگیرکەرانیان لە وڵاتەکانیان وەک شۆڕش راگەیاند و هەندێ لەو داگیرکەرانەش کۆمەڵکوژی گەورەیان ئەنجام دەدا بۆ مانەوەیان. جەزائیر یەکێکە لەو وڵاتانە کە بە وڵاتی ملیۆن شەهید بەناوبانگە لە دژی داگیرکاری فەرەنسا. ژمارەیەکی زۆر لە گەلان بەو راپەڕین و بەرخودانانە خۆیان رزگارکرد و سامانەکانی وڵاتانی خۆیان خۆماڵی کرد. ئەم دۆخە بۆ وڵاتانی زلهێزی جیهان بە واتای بن بەستبوون و قەیران دەهات. ئەو قۆناخە هاوکات بوو لەگەڵ هەڵکشانی قەیرانی سەرمایەداری لە جیهان دا و پێویستیان بە رێبازی نوێی داگیرکاری هەبوو کە گەلان بە حوکمی داگیرکاریان رازی بکەن.

ئەمەریکا لە نێو وڵاتانی تری زلهێزدا سەرکێشی بۆ قۆناخی داگیرکاری مۆدێرن کرد، چونکە دەوڵەتانی ئەوروپی وەک بەریتانیا، فەرەنسا، ئەلمانیا، ئیتالیا، ئیسپانیا، پورتوگال، نەمسا و هۆڵەندا لە نێو دوو شەڕی جیهانی دا تووشی دارمانێکی قوڵ هاتبوون. رێبازی یەکەمی داگیرکاری مۆدێرن تەنیا لەسەر بنەمای داگیرکردنی خاک نەبوو لە پلەی یەکەم دا، بەڵکو لەسیاسەتی ئینگلیز واوەتر کە هەوڵیان لە پەیدا کردن وپێگەیاندنی گرووپ، خانەدانی و عەشیرەتی خاوەن نفوز و هاوکاربوو وەک توێژێک نوێنەرایەتی بەرژەوندیەکانیان بکەن، بەڵکو بە تێپەڕاندنی سنوری دەوڵەتە دامەزراوەکان و راستەوخۆ جێکەوتەکردنی سیاسەتی ئابوری و حکومڕانیان بوو لەو وڵاتانەی داگیرکراون. بۆ نمونە تورکیا بە سەرکردایەتی مستەفا کەمال بەهاوکاری گەلانی تورکیا بە تایبەتی گەلی کورد لە بەرامبەر ئیمپریالیزمی ئینگلیز شەڕی سەربەخۆیی کرد و سەرکەوت، بەڵام تورکیا زیاتر کەوتە ژێر چەپۆکی داگیرکاریەکی مۆدێرنەوە. توێژی بورژوازی تورک کە بە جۆن تورک ناسرابوون پێشەنگیان بۆ قۆناخێکی وابەستەیی بە سەرمایەی دەرەوە کرد. لەڕووی سەربازیشەوە زیاتر کەوتنە نێو کاریگەری ئەو داگیرکاریەوە و حکومەت و دەزگاکانیان بە پێی ئەو پێویستی بەرەنگاربوونەوەی هەر بزووتنەوەیەکی ئەلتەرناتیف ئاراستەکرا. حکومەت و پەرلەمان لەو وڵاتانە رووکەشانە ئازاد بوون، بەڵام بەدەیان شێواز بەدەرەوە بەسترانەوە. دەستیان بۆ سەرکوتی ناوخۆی کرایەوە. تورکیا نمونەی یەکێکە لەو وڵاتانەی کە بەشێوەیەکی مۆدێرن داگیرکرا و مۆدێلی داگیرکاری تورک بۆ زۆرێک لە وڵاتانی هەرێمەکەش بووە نمونە. لە نێو گەلانی داگیرکراودا بە تایبەتی لە کوردستان بورژوازی کۆمپرادۆریان پەرەپێدا، واتە توێژێکی بەکرێگیراو لە خاکی داگیرکراو بەپێی ئەجێندای داگیرکەر دەجولێنەوە، سامانی وڵات تاڵان دەدەن و دوایی دەکرێنەوە کاڵا و بە خەڵکەکەی دەفرۆشنەوە. ئەو بەشەی دابڕاو لە کۆمەڵگە وەک فەرمانبەری داگیرکەران دەجولێنەوە، بەرهەمهێنان لە خاک پەک دەخەن و ناتوانن سەرمایە پێشبخەن، بەڵکو تەنیا دەوڵەمەند دەبن بە کۆکردنەوەی سەرمایە پەیوەست بە تۆڕی سەرمایەی داگیرکەرەوە. ئەو بورژوازیە بورژوازیەکی نیشتمانی نیە، بەڵکو وەک سیخوڕێک وایە بەسەر کۆمەڵگەوە کە کار بۆ دەرەوە دەکات. لە رواڵەت دا حکومەت و پەرلەمانی هەیە و خۆی ئازاد دەبینێ، بەڵام لە ناوەڕۆک دا وابەستەی دەرەوەیە.

تایبەتمەندیەکی تری داگیرکاری نوێ کاریگەری زهنیە لەسەر کۆمەڵگە و تەمومژکردنی رۆڵە راستەقینەکەیانە وەک پەیوەندی ئابوری و بازرگانی و سیاسی خۆیان وێنا دەکەن، بەڵام کاتێ دێتە سەر دامەزراندنی ژمارەیەک لە کارگە لە وڵاتانی داگیرکراو تەنیا رێ بە کارگەی کەرەستە و کەلوپەلی رۆژانەیی دەدەن و رێگا بە کارگەی پیشەسازی گەورە نادەن وەک دروستکردنی ئۆتۆمبێل، مەکینەی گەورە و...هتد. لەبەر ئەوەی کە ئەو پیشەسازیە گەورانە دەرفەتی پێشکەوتنی نوێ و رزگاربوون لە وابەستەییان بە دەرەوە دەکاتەوە، چونکە داگیرکەران نایانەوێ لە فرۆشتنی چەک و کەرەستەی قورس ئەو بازارانەیان لەدەست بچێ و سیستەمی سەرمایە و قازانجیان بکەوێتە مەترسیەوە.

داگیرکەران بە رێگای تەکنەلۆژیا و بەردەوام گۆڕینی کۆپی هەمان ئەو کەرەستانەی کە پێشووتر هەناردەی کردووە، هەروەها بە رێگای هونەر، پەروەردە و میدیا لە رووی زهنیەوە و هەنگاو بە هەنگاو کۆمەڵگە داگیردەکات. لە نێو کۆمەڵگەدا هەستی بە خۆنامۆبوون، لاسایی کردنەوە وژیانی وەهمی بەپێی شێوازی ژیانی ئەوان و هەڵسوکەوت و بڵاوکردنەوەی زمانیان، خۆیان رەوا دەکەن. کاتێ تاکەکانی کۆمەڵگە لە نێو رێکخراوە و دەزگاکانی خۆیان دا جێکەوتە دەکەن پێوەرەکانی خۆیانیان پێ هەرس دەکەن و کلتور و

هونەرەکەی خۆیانیان لە بیر دەبەنەوە و ئەوانەی داگیرکەرانیان پێ ئاشنا دەکەن و تەنانەت حەز و رقلێبونەوەکانیشیان دەگۆڕن. تەنانەت سیستەمێکی توانەوە لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگەی داگیرکراو بەڕێوەدەبەن کە ناسنامەی خۆیان پێ نامۆدەکەن و هەواداریان بۆ کلتور و زمانی داگیرکەر پەرەپێدەدەن.

گەورەترین داگیرکاری داگیرکاری ئابوریە، کاتێک گەلێک خاوەنی ئابوری خۆی نەبێ ناتوانێ خاوەنی خۆی، ناسنامەی خۆی بێت. داگیرکەران پێشتر سامانە سەرزەوی و ژێرزەوی کۆمەڵگەیان دەبرد، بەڵام داگیرکاری مۆدێرن کارگەکانی خۆیان هێنایە سەرخاکی داگیرکراو و بەکرێی هەرزان کرێکاریان خستە بەرکار یان کرێکاریان بردە وڵاتەکانی خۆیان بە کرێی کەم هێزی کاریان بەکارهێنا. ئەوانەی خوێندکاربوون و هێزی بیرکردنەوەی کۆمەڵگەبوون داگیرکەران ئەوانیان یان بە زۆریان بەهێزی نەرم و شەڕی دەروونی کێشایە نێو سیستەمی خۆیان و لە نێو سیستەمی خۆیان دا هێزی جەستەیی، زهنی و رۆحیان خستە خزمەتی خۆیان.

لێکۆڵینەران و مێژووناسان کاتێ باسی مێژووی داگیرکاری دەکەن زیاتر بە مەسەلەی زێدەبەرهەم و ناکۆکی چینایەتی دەبەستنەوە، بەڵام لە راستی دا یەکەمین داگیرکار و داگیرکراو لە رووی ژێندەریەوە لەسەر ژن دەستی پێکردووە. بە زاڵبوون و باڵادەستی پیاو لەسەر ژن، پلەداری و گروپەکانی یەکەمی ڕاو و شکار ئەو زاڵبوون و داگیرکاریە هەنگاوی یەکەمی نا لە مێژووی مرۆڤایەتی دا. پاشانیش پیاوسالاری لە خێزان و دەوڵەت لە هەموو دامەزراوەکانی دا وەک داگیرکاری گەیشتە ئاستی دەزگابوون. بۆ ئەوەش کاتێ باس لە ئازادی و تێکۆشانی ئازادی لە دژی داگیرکاری دەکرێت چ داگیرکاری دەوڵەت لەسەر خاک، یان داگیرکاری لەسەر مرۆڤ بە تایبەتی لە سەر ژن، دەبێ بە گرنگیەوە باس لەو داگیرکاریە بکرێت کە لەسەر ژن بەڕێوەدەبرێت.

ڕێبەر ئۆجالان دەڵێ «داگیرکاری ئابووری درندانەترین ڕێبازی خستن، پووکاندنەوە و هەڵوەشانەوەی کۆمەڵگایە. لە ستەم و سەرکوتکاریەکانی دەوڵەت. نەتەوە دەسەڵاتدارەکانی سەر کوردستان زیاتر، لە میانەی زەوتکردن و دەستبەسەرداگرتنی ئامرازە ئابووریەکانیەوە ژیانە ئابووریەکەی کۆنترۆڵ کراوە و کۆمەڵگەی کوردی هەناسەی لەبەربڕاوە. کۆمەڵگایەک کۆنترۆڵی خۆی لەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و بازاڕی خۆی لەدەست بدات ئەستەمە ئازادانە بەردەوامی بەژیانی خۆی بدات. کوردان تەنیا کۆنترۆڵی سەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندیەکانی لەدەستنەداوە؛ بەڵکو کۆنترۆڵی بەرهەمهێنان، بەکاربردن و بازرگانیشیان لەدەست دەرهێنراوە. بەمانایەکی تر لەسەر بنەمای نکوڵیکردنی ناسنامەی خۆیان و رادەی وابەستەبوونیان بە دەوڵەت. نەتەوە دەسەڵاتدارەکان دەرفەتی بەکارهێنانی موڵک و رۆڵ بینینیان لە بازرگانی و پیشەسازی بۆ رەخساوە. زیندانی ئابووری بوو بەکاریگەرترین ئامرازی نکوڵیکردنی ناسنامە و بێبەشبوون لە ئازادی. بەتایبەتیش بەکارهێنانی یەکلایەنەی سەرچاوەکانی ئاو و پترۆڵ، شانبەشانی پێکهاتە کلتوریە مێژوویەکەیان زەویە بەپیتەکانیشی لەناو برد. ئەو چەوسانەوە و داگیرکاریە ئابووریەی دوای داگیرکاری سیاسی و کلتوری چڕترکرایەوە بوو بە دواترینی گورزە کوشندەکان و لەئاکامدا بەو خاڵە گەیشت «یان لەدۆخی کۆمەڵگەبوون دەرکەوە، یان بمرە«.

داگیرکەران لە ڕێگای ئایین، ئابوری و بواری کۆمەڵایەتی و پەروەردە کۆمەڵگە و بە تایبەتی ژنانیان خستە خزمەتی سیستەم و زهنیەتی پیاوسالاریەوە، ژنان کە جەوهەری سەرەکی کۆمەڵگەبوونن لە رووی زهنیەوە داگیرکراوە و باوەڕی بە خۆی شکێنراوە. دوورخستنەوەی ژنان لە رەگەزی خۆی و نامۆبوونی لە هەبوونی ژێندەری، جوڵە و هەموو هەڵسوکەوتێکی لە پێناوی پیاودا ئەنجامی ئەو داگیرکاریەیە کە لە ناسنامەی ژن دا روویداوە. ئەگەر ژن ئەو دۆخەی تێدایە ئاسایی ببینێت ئەوە نیشانەی قوڵی ئەو داگیرکارییە کە رووبەڕووی بۆتەوە. لەڕووی ئابوریشەوە بەهەمان شێوە یان دابڕین و پەراوێزبوونی ژن لە بواری ئابوریەکی سەربەخۆ یان بەشداریەکی بەپێی زهنیەتی پیاوسالاری. دەزانرێت کە رەنجی ژن لە ماڵ دا وەک رەنج حسابی بۆ ناکرێت و پیاو لە دەرەوە رەنجی لە بەرامبەر موچەیەکە، بەڵام زۆرینەی ژن رەنجەکەی لە ماڵ نابینرێت یان رەنجەکەی کاریگەریەکی ئەوتۆی لەسەر ئەو پێگەی پلە دووە نیە کە بە سەری دا سەپێنراوە و لەسەر جەستەشی داگیرکاریەکی قوڵ بەڕێودەبردرێت. دایکبوون لەگەڵ ئەوەی پێگەیەکە لە مێژوودا وەک خوداوەند و پیرۆز بینراوە، بەڵام دایکبوون بە پێی سیستەمی داگیرکەران و زهنیەتی پیاوسالاری بەواتای ئەستورترین زنجیرەی کۆیلایەتیە کە ژن دەخاتە خزمەت دەوڵەت و پیاوەوە. بەڕێگای دایکبوون سیستەم خۆی سەقامگیرکردووە و درێژە بە داگیرکاری دەدات. دایکایەتی بۆتە دەزگای گەورەکردنی سوپای داگیرکەران و قایمکردنی سیستەمی بنەماڵەیی و خانەدانێتی لە مێژوودا.

ناسینەوەی داگیرکاری مۆدێرن و تێکۆشان لە بەرامبەری سەختترە لە داگیرکاری کلاسیک، وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و بەرەنگاربوونەوەی پێویستی بەڕێگا و ڕێبازی شارەزایانە و پسپۆرانە و

پێشکەوتووتر و بە پلان و بەرنامە هەیە. لەبەرئەوەی لە داگیرکاری مۆدێرنتر وردتر کاردەکات و زیاتر کارلەسەر زهنیەتی تاکەکانی کۆمەڵگە دەکات و بە پێی هەر بەشێکی کۆمەڵگە رێ و ڕێبازەکانی دەگۆڕێت و بە گشتی لە بەرامبەر کۆمەڵگە کاریگەریەکی دەروونی لە هەموو بوارەکان زیاترە، بە تایبەتی لە سەرژنان داگیرکەرانی مۆدێرن لە بانگەشەکانیان دا دەڵێن « دێین ژنان رزگار دەکەین»، بەڵام بەو کەرەستە و ڕێبازانەی لە داگیرکاری دا بەکاری دێنن زیاتر ژنان دەکەنەوە کۆیلە. کاتێ کۆمەڵگە وشیاری نەبێ و خاوەن ئیرادە و لە ڕووی کلتوری، پەروەردەیی و دەروونیەوە ڕێکخراوە نەبێ ئەوە دەبنە هەمیشە لە ژێر بارێکی دەروونی خۆبچوک بینین و خۆبەکەم زانین دایە و ئەو دۆخە دەروونیەش لە ژنان دا رەنگ دەداتەوە. داگیرکەر جگە لە بەکارهێنانی بەردەوامی ئامرازەکانی پەروەردە و میدیا و ئایین و کلتور، لەلایەکی تر کۆمەڵگە بە خۆبەستنەوەی بژێوی ژیانی رۆژانەی رادەهێنێت.

کەسایەتی داگیرکراو کەسایەتیەکە لە درکی ئەوەدا نیە لە مانەوەی ژن و پیاو لەو نایەکسانیەدا ستونی سەرەکی داگیرکاری خاک و تاک و کۆمەڵگەیە. کەسایەتی داگیرکراو بە دوای نوێ دا ناگەڕێت و بژاری مانەوەیە لە دۆخێکی باو و کلاسیک دا تەنانەت لە ترسی لە دەستدانی ئەو پێگەیەیە کە هیچ گەرەنتیەکی نیە لە دۆخی داگیرکراوی کۆمەڵگەکەی دا. باوەڕی بە خۆی لاوازە و خاوەنی کەسایەتی خۆی نیە، عاشقی بکوژی خۆیەتی، لە داگیرکەر دانابڕێت، هێز لە داگیرکەردا دەبینێت و خۆشی بێهێزە و لەبەرپرسیارێتی لە ئاست کۆمەڵگەکەی هەڵدێت. هێندە گەمە بە مێشکی کراوە و لە وشیاری دوورخراوەتەوە، درک بە دۆخی خراپی خۆی و کۆمەڵگەکەی ناکات و بە حاڵی خراپی خۆی رازیە.

داگیرکەران کلتوری سەربازگەیان لەبەرامبەر کەسایەتی بەڕێوەبردووە. لە سەربازگەدا داگیرکەر کەسایەتی کۆمەڵگەی داگیرکراو دەشکێنێ، تەنانەت کاتێ جنێویان پێدەدەن لەناخی خۆیان دا بە دەستەواژەی « راست دەکەی گەورەم» و « فەرمانت بە جێیە گەورەم». کەسایەتیەکی لە سێ چارەکی سەدەی ٢٠ دا داگیرکەران لە کۆمەڵگەی کورد دا چاندیان، لە ئاستی داگیرکەر ملکەچ و لەئاستی تاکەکانی کۆمەڵگەی خۆی بە تایبەتی ژن سەردار و ئاغا و سەرکوتکەر.

ئەزمونەکانی مێژوو نیشانمان دەدات ئەو کۆمەڵگەنەی کە ڕێکخراوەن لە رووی سیاسی، پەروەردەیی، کلتوری، ئابوری و کۆمەڵایەتیەوە توانیویانە رووبەڕووی داگیرکاری ببنەوە یان توانیویانە داگیرکەر لە نێو خۆیان دا وەدەرنێن یان لانی کەم داگیرکەر ئەگەر دراوسێی خاکەکەیان بووبن ناچاری پەیوەندی هاوتای دوولایەنەیان کردوون. لە دۆخی داگیرکاری لەسەر کوردستان توانەوەی کلتوری و زمان قوڵترین کاریگەری هەبووە. ئەو دوو بوارە راستەوخۆ کاریگەری لە کەسایەتی مرۆڤی کورد کردووە. بیرکردنەوە، هەست کردن و روانین لە دیاردە و رووداوەکان بە چاوی داگیرکەر، پارچەگەری، ناوچەگەری، دابەشبوونی کۆمەڵگەی کورد تا ئاستی جیابوونەوەی چینایەتی لە دەرهاویشتەکانی کاریگەری داگیرکەرانە لە ماوەی ئەو دوو سەد ساڵەی دواییە. گرنگە پارت و ڕێکخراو و بزووتنەوە سیاسیانەی کە بەناوی گەلەوە خەباتی سیاسی دەکەن چ پرسیاریان لێ بکرێت و ئەنجامەکانی بزانرێت، تاک و کۆمەڵگەی بە گشتی چەند مێژوو، ناسنامە، زمان و کلتوری خۆی دەناسێ؟ بەرنامەی پەروەردەی لەو پێناوەدا چیە؟ بۆ پێکەوە ژیان لەگەڵ گەلانی و کلتورەکانی دیکەدا چ پلان و پرۆژەی هەیە؟. وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە گرنگە بۆ زانینی ئەو زیان و کاریگەریانەی کە کلتور و پەروەردەی داگیرکەر لەسەر کۆمەڵگەیەکی کردووە.

بزوتنەوەی ئازادی ژنی کورد بە تایبەتی لە رۆژئاڤای کوردستان ئەگەرئەمڕۆ لە زۆر بواردا هەنگاوی گرنگی لە بواری ڕێکخستن و دەمەزراوەبوون ناوە تا ئاستی بەرپاکردنی شۆڕش لە نێو شۆڕش دا ئەوە بە کارکردن و خەبات بووە بە دیدی دیموکراسی، ئازادی ژنەندەری و ئەکۆلۆژی، ئەوەش بێگومان بەرێگای پەروەردەی بەردەوام. لە هەموو جێیەک تا ئەو ئاستەی هەموو ماڵێك بێتە جێی پەروەردە، بەڵام ئەمڕۆ لە نێوەی رێدان و گەرەنتی کردنی ئەو پێگە و دۆخەی کۆمەڵگە و ژنی تێدایە هێشتاش دوور نیە لە مەترسی و هەڕەشەی داگیرکەران، بەڵکو هەر بەشێکی کوردستان و هەر تاکێکی کۆمەڵگەکانی لە ژێر زەبر و چەپۆکی داگیرکاریدان پێویستیان بە یەکگرتن و پێکەوە کردن هەیە بۆ داڕشتنی ستراتیژیەکی نەتەوەیی-دیموکراتی بۆ کۆتایی هێنان بە داگیرکاری چ لە ئاستی خاک، کۆمەڵگە و تاکەکان دا و لە خودی ژن دا کۆمەڵگە ئازاد ببێت.

**تێبینی:**

**کۆمپرادۆر-وشەیەکی پورتوگالیە واتە کرێگرتە، زیاتر بزووتنەوە چەپەکان لەسەردەمی داگیرکاریەکانی پورتوگال بەکاریان دەهێنا بۆ گوزارەکردن لەو بەشە بورژوا بەکرێگیراوەی کۆمەڵگە کە هاوکاری داگیرکەرانیان دەکرد لە پێناوی بەرژوەندی خۆیان دا.**

# بنەماکانی نەتەوەگەرایی

ئازادیی کۆمەڵگە
فیراس قەساس



لە زانین (مەعریفەت)دا جگە لە»حەقیقەت» هیچ شتێکی تر پیرۆز نییە، هەروەها لەهەموو کۆمەڵناسیی راماریدا هیچ شتێك جێی مەبەست نییە جگە لەمرۆڤ و ئازادییەکەی و پێداویستییەکانی و رێز و کەرامەتەکەی..... ئەمە پوختەیەکی زۆر چڕوپڕی لایەنی فەلسەفەی رامارییە بەو جۆرەی، کە لە کارە تیۆرییەکانی سەرۆك» عەبدوڵڵا ئۆجالان» وەك لە مانفێستۆی «شارستانی دیموکراتی» و بەرگرینامەکان و خوێندنەوە بەنرخەکانی تریشیدا خوێندومەتەوە. لەبەرئەوە تابۆیەك، هیچ تابۆیەك نەما و بەررەخنەی نەدابێ. هیچ سەلمێنراوێك نەما نەیپشکنێ و نەیخاتەروو و شینەکاتەوە. تەنانەت ئەو نووسین و گوتە و هزر و هەڵوێستانەشی کە لەپێناویاندا بۆ ماوەیەکی درێژ کاری بۆ کرد و تا ماوەیەکی درێژیش هەموو شتێك کە دەکرا پێی بەخشی، کەچی لەوە نەترسا بە توندی پێداچوونەوەی بۆ بکات، بە رادەیەك سەرسورهێنەرانە (من)ی تێدا بتوێنێتەوە، کە ئەوەندەی زانیبێتم و خوێندبێتمەوە فەیلەسوفێکی هاوشێوەیم نەبینیوە.

لەوانەیە ئەمە بۆ زۆربەی بیرمەند و فەیلەسوف و ئەکادیمییە لێهاتووەکانیش کارێکی دژوار بێت، لەوانەشە ئەمە بۆ زۆربەی هەرە زۆری سەرکردە و سیاسەتمەداران، جا پێگە و قوربانیدانەکەی هەرچۆنێك بووبێت، زۆر دژوارتربێت. بەڵام ئەمە بۆ تێکۆشەرێك وەها نەبوو، کە دەخوازێ دونیای دەوروبەری بە بەرژەوەندی مرۆڤ بگۆڕێ و وەك بەهادارترین کاریش پەسنی بدات، خاوەنی هزرێکی پێشکەوتوو و خەریکی کاری فەلسەفیش بێت، بەتەواوی رووبەرووی تەحەددییە رێکخستنی و سیاسییەکانی بووبێتەوە، لە سەختترین رێگا کرداری و بەداوشیدا تیۆرییەکانیاندا، بۆ ئەم ئامانجە دەکرا چیبکرێ پێشکەشی کرد، تا بوژایەوە و لەگەڵیشیدا سەرتاپای گەلێك بوژایەوە. مسۆگەرئێمە لەبەرامبەربە چیرۆکێکی دەرهاویشتراوین کە لە مێژووی جیهاندا زۆر کەم دووبارە دەبێتەوە، ئەوەی بۆ ئەو قورس نەبووبێت دەکرێ بۆ کەسی دیکە مەحاڵ بووبێت.

بۆ ئەوەی بەرجەستەی ئەوە بکەم کە لە پێشەکییەکەی سەرەوەمدا هاتووە، نمونەیەکی روون تاوتوێ دەکەم کە بۆچوونەکەم بەهێز دەکات و وردبینی و ئەمانەتەکەی دەخاتەروو، بە مەزەندەی من هیچ لەوە لەباشتر نییە کە بە چڕوپڕی بروانرێتە پرسی نەتەوەیی، نەتەوەگەرایی و دەوڵەتی نەتەوەیی لە هزری عەبدوڵڵا ئۆجالان دا. بێگومان، بەگوێرەی ئەو کاتەی کە ئەم دیدارە و بۆنەیە دەرفەت دەرەخسێنێ.

> **ئۆجالان توانی ئەو دەمامکە خەڵەتێنەرەی دەوڵەتی نەتەوەیی ئاشکرا بکات**

بەرێزان:

بیرمەند و سەرکردەی کورد»عەبدوڵڵا ئۆجالان» توێژینەوەی زۆری بۆ پرسی دەوڵەتی نەتەوەیی و نەتەوەگەراییدا کردووە. چەندە بێهاوتا بوو کاتێك توانی ئەو دەمامکە خەڵەتێنەرەی دەوڵەتی نەتەوەیی ئاشکرا بکات کە لە ژێریدا دزێوییەکانی خۆی شاردبووە. کاتێك بەلێهاتووییەوە ئەو جیاوازییەی خستەروو کە لەنێوان ئەوواتا رزگاریخوازییەی کە هەمیشە مزگێنی بەدیهێنانی دەدا و

ئەو هەژموون و تاڵانکردن و نامۆکردنەی بەسەر مرۆڤەکانیدا دەیسەپێنێت. تێکۆشەر «عەبدوڵڵا ئۆجالان » بە داماڵینی دەمامکە دانراوەکەی سەر رووی دەوڵەتی نەتەوەیی رووتیکردەوە، بەمەش بنەچە میتافیزیکیە ئایینییەکەی خستەڕوو، کە هاوواتای دەوڵەتی پادشا – خوداوەندە دێرینەکەیە. تەنانەت هەردوو دەوڵەتی نەتەوەیی و نەتەوەگەرایی تەواو شوێنی خوداوەندی گرتۆتەوە، کە سروشتێکی میتافیزیکی قەبایان هەیە، ئەمە وێڕای ئەو خۆنیشاندانە خەڵەتێنەرە دروستکراوەی هەیانبووە. هەڵبەتە کۆمەڵگەی دەوڵەتی نەتەوەییش بۆخۆی وێنایەکی میتافیزیکی لاواز و دەردەداری هەیە، سەرەڕای ئەو مۆرکە دروستکراوەی هەیەتی. لەکاتێکدا دەوڵەتی نەتەوەیی لەلای وەك خوداوەندێك بوو کە لەسەر زەوی دەگەڕا، تەنانەت خودای خواوەندەکان بوو(کاتێك لەسەر ناپلیۆن قسەی دەکرد، کاریگەری هیگلی لەسەر بوو) ئەوا نەتەوەگەرایی (نەتەوەپەرستی)یش ئایینی ئایینەکان بوو.

لەبەر ئەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی بەرجەستەکارێکی رێکخراوەیی و کارگێڕی و کۆمەڵایەتی و سیاسی نەتەوەگەراییە، رێگە بەهیچ کایەیەك نادات و هەر دەبێ تێکیبدات. ئەو کۆمەڵگای مەدەنی بەشێوەیەکی بەردەوام سەرکوت دەکات، سنوورداری دەکات و لەناوی دەبات. چۆن نایکات؟ لەکاتێکدا هەڕەشە لە هەژموونەکەی دەکات و قۆرخکارییە جیاوازەکانی دەخاتەڕوو؟. دەوڵەتی نەتەوەیی بەگوێرەی خوێندنەوەی بەڕێز ئۆجالان وەکو سەرمایەدارییە. هەردووکیان نوێنەرایەتی پاوانخوازێتی پیاوی ستەمکار و زۆردار و چەوسێنەر دەکەن، هەردووکیان کۆمەڵگە و وڵات دەخەنە ژێر هەژموونی خۆیانەوە. تەنانەت پەیوەندییەکەی نێوان سەرمایەداری و دەوڵەتی نەتەوەیی هەر بەو ئاستە مەترسیدارە ناوەستێ، بەڵکو پەیوەندییەکەیان فراوانتر دەبێت تا ئەو رادەیەی تەنیا دەوڵەتی نەتەوەیی دەتوانێ چەوسانەوەی سەرمایەداری بکاتە کارێکی کراو، مەحاڵ دەبێت کۆمەڵگە خۆی بەڕووی چەوسانەوەی سەرمایەداری بکاتەوە بەبێ ئەوەی لەسەر شێوەی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی وەك دیکتاتۆرێك بونیاد بنێ و بەدەزگابوونەکەی پێشبخات، وەها ژیانی ماددی قۆرخ دەکات و دەبێتە هێزێکی زاڵ بەسەر کۆمەڵگەوە.

## دەستتێوەردانەکانی دەوڵەت دەگاتە ئەو زانستانەش کە تایبەتن بە بەرهەمهێنانی مەعریفەی کۆمەڵایەتی

دەوڵەتی نەتەوەیی لەگەڵ بەرژەوەندی مرۆڤدا ناگونجێت، چونکە ئەگەر بەشێوەیەکی سادە باسی بکەین ئەوا خاوەنی سنورە جوگرافی و کلتورییەکانە. ئەمەش لەگەڵ سروشتی کلتووری مرۆڤدا ناکۆکە، کە خوازیاری کرانەوەیە بەڕووی ژیاندا و بەهیچ سنورێکەوە خۆی نابەستێتەوە و دەیەوێت گردبوونەوە و کلتووربوون کاریگەر بکات و کاریگەری لەسەر ببێت. دەوڵەتی نەتەوەیی هیچ کات وەکو بانگەشەکانی خۆی نەبووە، کە وەها بانگەشە دەکات شێوەی بنچینەییە بۆ دیموکراسی و ئازادی و مافەکانی مرۆڤ، بەڵکو بەبەردەوامی بۆتە سیستەمی نکۆڵی بەسەر ئەو بەهایانە و پێشێلیکردوون و بەفیڕۆی داون.

بەڕێزان: دەوڵەتی نەتەوەیی گەیشتۆتە وێرانکردنی خودی رۆحی مرۆڤەکانی. ئەم جۆرە دەوڵەتە خۆی لەخۆیدا هێزێکی قۆرخکاری لە ڕادەبەدەرە، دەست بەسەر ئامرازەکانی داڕشتنی هۆشیاری گشتی دادەگرێت، لەسەرپێکهێنان و داڕشتنەوەی و بونیادنانەوەی کاردەکات، بۆ ئەوەی هەژموونی زیاتر بکات جەور و ستەمی گەورەتر بکات. لەم دەوڵەتانەدا ناوەڕۆکی فێرکردن (تعلیم)ی هاوڵاتی مرۆڤ جگە لە کرۆکە بتپەرستییە بە کاڵابووەکەی، هەرگیز ناگاتە هیچ شتێکی دیکە. سیستەمی فێرکردن لەسایەی ئەو دەوڵەتانەدا مرۆڤ بە شت (تشیئ) دەکات و دونیاکەی پڕ دەکات لەو بتانەی کە قەدەخەن دەستیان لێبدرێن و لێیان بکۆڵدرێنەوە و رەخنە بکرێن و بۆ شێوەبەندکردنی ناسنامەی هاوڵاتیەکەی بەکاریدێنێت. وایلێدەکات لەگەڵا مەرامەکانی بگونجێ، شێواندن و دەستتێوەردانەکانی دەوڵەت دەگاتە ئەو زانستانەش کە تایبەتن بە بەرهەمهێنانی مەعریفەی کۆمەڵایەتی، دەستی بەسەردادەگرێت و دەیخاتە خزمەتی خۆی و بەرژەوەندییەکانیەوە، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەوەی بڵێین: دەوڵەتی نەتەوەیی سەرچاوەی سەرەکی هەموو کێشە کۆمەڵایەتییەکانە.

لەبەر ئەوەی تاکە هێزی بەزەبرە لەکۆمەڵگەکەیدا و ئەرکدارە بە هەژموون و باڵادەستی تەواو بەسەر هەموو بنەما ماددی و مەعنەوییەکانی مرۆڤەکانی، بۆیە بەپێی رێبازی « ئۆجالانییەت» دەوڵەتی نەتەوەیی دەبێتە ئەو شێوازەی لەگەڵا خۆیدا فاشیزم دێنێت. تەنانەت هەموو ئەو دەستکەوتانەی کە مرۆڤایەتی لە بواری ئەتنیکی و کلتووری و زمان و قەوارە سیاسیەکان و بیر و باوەڕییە جیاوازەکان بەدەستیهێناوە، لەسایەی دەوڵەتی نەتەوەییدا دەبنە ئامانجی لەناوبردن و کۆتایی پێهێنانیان.

لە دەوڵەتی نەتەوەیدا بیرۆکراتیەت لەسەر پشتی کۆمەڵگە گەورە دەبێت و دەبێتە «لوو»یەکی ئەوتۆکە هەڕەشە لەتەندروستیەکەی دەکات و وەها ئازاری پێدەگەیەنێت کە بەرگەی کاریگەرییەکەی نەگرێت. ئەم گەورەبوونی بیرۆکراتیەتە شتێکی کتوپڕی دەوڵەتی نەتەوەیی نییە، بەڵکو بڕبڕەی پشتیەتی لەجەستەدا و مەرجێکی دەستلێبەرنەدراوە بۆ بوون و بەردەوامی دەوڵەتی نەتەوەیی.

**هەر ئەوەندە بەس نییە کە دەوڵەتی نەتەوەیی بەسەرچاوەیەك بۆ هەموو ئەم کارەساتانە دابنێین، بەڵکو بەڕێز «ئۆجالان» وەك بنەمایەکی سەرەکی دەبینێت لەبەرهەمهێنانی بارودۆخێکی داخراودا،**

بەڕێزان:

دەوڵەتی نەتەوەیی بەسیفەتی ئەوەی پرۆژەی هەژموونی تەواوە بەسەر مرۆڤ و نکۆڵیکردنە لەسروشتە کلتوورییەکەی، هەوڵا دەدات لەڕووی ڕەگەزگەرایییەوە بەسەر ژندا زاڵا ببێت. لە دەوڵەتی نەتەوەییدا پیاوسالارێتی کۆمەڵگە دەگاتە لوتکەی خۆی. چۆن وانەبێت؟ لەکاتێکدا ئەم دەوڵەتی نەتەوەییە هێزی خۆی لەڕەگەزگەرایییەوە وەردەگرێت، کە لەڕێی ژنەوە وەك جۆرێکی کۆمەڵایەتی فراوانترو قووڵتری کردۆتەوە، هەروەها بەسیفەتی ئەوەی بابەتێکی شتگەرایە و ئامرازێکە و هەموو شێوە چاوچنۆکی و هۆڤێتییەکی خۆی بەسەردا جێبەجێ کردووە و هیچیتر؟. تەنانەت دەتوانین بەبێ پەروا بڵێین کە: جیاوازی ڕەگەزی دژ بە ژن دەوڵەتی نەتەوەیی هەڵکشاندۆتە ئاستێکی ئایدیۆلۆژی ئەوتۆ کە ئەو دەوڵەتەی تێدا ئاوادەکرێ و لە تەوەری دەسەڵاتەکەیدا دەخولێتەوە.

هەر ئەوەندە بەس نییە کە دەوڵەتی نەتەوەیی بەسەرچاوەیەك بۆ هەموو ئەم کارەساتانە دابنێین، بەڵکو بەڕێز «ئۆجالان» وەك بنەمایەکی سەرەکی دەبینێت لەبەرهەمهێنانی بارودۆخێکی داخراودا، کە هەمەچەشنەیی و جیاوازی کۆمەڵایەتی ڕەتدەکاتەوە. بەجۆرێك هەروەك چۆن ئەم دەوڵەتە لەبزووتنەوەیەکی نەتەوەپەرستیەوە دروست دەبێت، کە وەك ئایینێك باوەڕی بەتاکڕەوی ئەتنیکی هەیە، ئەوەی تریش بەشێوەیەکی ڕەها ڕەتدەکاتەوە، ئینجا ئەمجارەیان پارت و بزووتنەوەی وەها دروست دەکات کە بازرگانی بە هەڵوێست و خوێندنەوەکانی بکات، بەمەش هەمەچەشنەیی و جیاوازییەکان و بەهاکانی بەیەکەوەژیان ڕەت دەکاتەوە. ئەمەش لەگەڵا خۆیدا واقیعێکی قەیراناوی ئەوتۆ دێنێ کە مرۆڤەکانی تێدا لەنامۆییدا دەبن و هیچ حقوقێکی تێدا نابێ، زانستی تێدا شێواو و دەستەمۆکراو دەبێ، هونەرێکی وەها لە ئارادا دەبێ کە کۆتگیرە و ئەرکدارە بە خزمەتکردنی هەژموون و نەتەوەگەرایی. تەنانەت ئەو حەقیقەتەی بەدەستیش دەهێنرێت حەقیقەتێکی وەهمدارە و هیچ پەیوەندی بە حەقیقەتی رووتەوە نییە.

بەڕێزان:

دوای ئەو خستنەڕووە چڕوپڕ و وەرگرتنی چەند بابەتێك بۆ شیکارکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی بەو سیفەتەی خودای خوداکانی نەتەوەپەرستەکانە، کە ئەویش ئایینی ئایینەکانە لایان بەپێی لێکۆڵینەوەکانی تێکۆشەر «ئۆجالان»، ئایا مافی ئەوەم نییە بپرسم و بڵێم: ئایا خوێندنەوەیەکی مرۆڤانەی بالا هەیە شان بدات لەشانی خوێندنەوەی ئەم فەیلەسوفەی مرۆڤ و سەرۆکە نەوازەیە بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی؟ ئایا هیچ قووڵی و جوانی و توندوتۆڵییەکی دیکە هەیە لە شیکارکردن و پێداچوونەوەدا، وەك ئەوەی بەڕێز « ئۆجالان « چاودێری قەیران و داخراوبوونە نامرۆڤایەتییەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی کردووە؟

پاش هەموو ئەمانە، ئایا مافی خۆم نییە بەسیفەتی راپۆرتکاری بڵێم: هزر و فەلسەفەی ئۆجالان زۆر فراوانترە لەوەی تەنیا بواری ئەتنیکی لەخۆوە بگرێت. چارەسەری و خوێندنەوەکانی و بەشدارییەکانیشی پەیوەندی بە هەموو کێشەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و کۆمەڵگەکانیەوە هەیە. کۆمەڵگەکانی ئەم ناوچە ئاڵۆزەی جیهانیش پێویستییەکی زۆریان بە» ئۆجالانییەت» هەیە، کە هیچی کەمتر نییە لەپێویستی گەلی کورد پێی.

- ئازادی بۆ تێکۆشەر، بیرمەند و فەیلەسوف عەبدوڵلا ئۆجالان
- ئازادی بۆ گەلی کورد لەهەموو شوێنێك
- ئازادی بۆ سوریای نیشتمانم لەو زۆرداریەی کە بڕیاری داوە یان دەبێت هەبێت یان دەبێت وڵات بسوتێنێت، ئازاد بێت لە هێزە تەکفیرییە تاریکیەکان
- ئازادی بۆ سەرجەم گەلانی جیهان.

# پارادیمی رەخنە و رەخنەدان و دۆخی باشووری کوردستان

ئازادیی کۆمەڵگە
حەسەن جودی

بەشی دووەم

(٣)

وەهمی شۆڕش - شۆڕشگێڕی

لە راستیدا ئەوەی لەسەرەتاوە دەبێ - لە باشووردا بە تایبەت - بەر رەخنەی هەمەلایەنە بدرێت و سەرلەنوێ پێناسە بکرێتەوە؛ چەمکی شۆڕشە. لەو باوەڕەدام کە بەبێ رەخنە و سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی چەمکی شۆڕش، ئەوا بەرپاکردنی شۆڕشێکی «زیهنی - کلتوری - کۆمەڵایەتی - سیاسی» زۆر ئەستەمە. چونکە هیچ چەمکێك و کردەیەك هێندەی چەمك و کردەی شۆڕش لە باشووردا چەواشە نەکراوە و ئەوەی بەناوی شۆڕشیشەوە بەڕێوەچووە لە بنەڕەتدا دژە شۆڕش بووە، شۆڕشی چەواشە بووە، شۆڕشی ساختە بووە، نەك شۆڕش بە واتا جەوهەرییەکەی. بەناوی شۆڕشەوە؛ ئەگەرو زەمینەکانی چەندین شۆڕشیان زیندەبەچاڵ کردووە و کەسێتی ساختەی شۆڕشگێڕیان وەك شۆڕشگێڕی هەقیقی دەرخستۆتە پێش. هەر بەناوی شۆڕشەوە وەهمێکی کوشندە زیهن و خەیاڵی مرۆڤی کوردی تەنیوەتەوە، وەهمێك پێی وایە هەموو ئەوراپەڕین و یاخیبوون و بزووتنەوە چەکدارییانەی بەرپابوونە ئەوا شۆڕش بوونە و بۆ بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان و بە مەبەستی بەدیهێنانی ئازادی و ئامانجەکانی دیکەی گەل و داخوازییەکانی بووە. ئەمە لەکاتێکدا هیچ یەکێکیان ئەو ئەنجامە خوازراوانەی لێنەکەوتۆتەوە. بێگومان وەهمی شۆڕش لەگەڵ خۆیدا وەهمی شۆڕشگێڕبوونیشی هێناوە. لێرەوە دەکرێ ئەوە بپرسین؛ ئەوەی بەناوی شۆڕشەوە روویداوە چی بووە؟ ئەوەی بە ناوی شۆڕشگێڕییەوە خۆی نمایش کردووە کێ بوو؟

ئەگەر شۆڕش بە پێناسە سادەکەی بریتییە لە کردەی ئافراندنی «باوەڕی، هیوا، ئیرادە، وزە و هێزی تێکۆشان بۆ ئازادی و ژیانێکی باشتری گەل و کۆمەڵگە» ئەوا لە باشووردا؛ لەدوای هەرجموجۆڵێك کە پێی گووتراوە «شۆڕش» نەك هەر ئازادی و ئەو ژیانە باشترە گەل و کۆمەڵگە نەهێنراوەتە دی، بەڵکو باوەڕی و هیوا بە ژیانێکی وەها، ئیرادە و وزە و هێزێکی ئەوتۆ بۆ بەدیهێنانی ژیانێکی وەهاش، تا هاتووە لە ناو گەل و کۆمەڵگە کزتر و کەمتر بووە. کوشندەیی دۆخەکە لەوە دایە کە باوەڕی و هیوا و خەون و خەیاڵێکی مەزنی دەیان ساڵەی کۆمەڵگەیەك بە وەهمێکەوە هەڵواسراوە کە رێك کۆڕەی باوەڕی و هیوا و خەون و خەیاڵە مەزنەکان بووە، وەهمێك هەرجارە وبە دەمامکێکی پیرۆزەوە خۆی لە سەردەپ (سەکۆ)ی جەستە و رۆحی قوربانییەکاندا نمایش کردووە، سەرکێش و سەرانی ئەو



هاوار لە دەستی دۆگماتیزم

وەهمە ئەوەندەی لە هەوڵی خۆ پیرۆزکردن و خۆ گشتگیرکردن و خۆ ئەبەدیکردن دابوونە، ئەوەندە هەڵگری ئەو باوەڕ و هیوا و خەون و خەیاڵە نەبوونە کەوا پێیاندا هەڵواسراوە. ئەوەندەی مرخیان بۆ دەسەڵات و بەدەستهێنانی بەشە دەسەڵاتی زیاتریان خۆشکردووە، ئەوەندە لەپێناو ئازادی و بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانی گەلە ستەمدیدەکەیاندا نەبوونە. بۆمەگەر ئەوانە خاوەن هزری شۆڕشگێڕی بوون؟ کێ بوون ئەوانەی سەرکیشی ئەو وەهمە بوون؟ ماهییەتی چینایەتییان چی بوو؟.

لێرەدا گرفتی بنچینەیی ئەوەیە: کاتێك هزری شۆڕشگێڕی لە هەربزووتنەوە و جموجوڵێکدا نەبێت ئەوا شۆڕش و کردەی شۆڕشگێڕی و کەسێتی شۆڕشگێڕی و دەسکەوتی شۆڕشگێڕی و کلتوری شۆڕشگێڕی و ئەنجامی شۆڕشگێڕانەش بەدینایەت. بۆیە کە هزری شۆڕشگێڕی بزربوو، ئەوا هەرچی بەناوی شۆڕش و شۆڕشگێڕییەوە دەکرێ دژە شۆڕشە و ساختەیە و بۆ لەباربردنی زەمینەی خودی شۆڕشە و بۆزەبروەشاندنە لە خودی شۆڕش.

هزری شۆڕشگێڕی چییە؟ بەرهەمی مەتۆدێکی شۆڕشگێڕانەیە و بریتییە لە کۆمەڵێك چەمك و لۆژیك و روانینی شۆڕشگێڕانە بۆ دۆخی مێژوو و ئێستا و داهاتوو. مەتۆدی شۆڕشگێڕانە چییە؟ ئەو ڕێگا و ڕێبازەیە کە دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕییەی کەوا: گۆڕین و وەرچەرخانی ریشەیی بۆ دۆخی هەیی، پێویستییەکی ژیانییە و نەبێت نابێت، بۆیە دەبێت دۆخێکی دیکەی ئەلتەرناتیف بخوڵقێنرێت. ئەو مەتۆدەیە کە تیۆری شۆڕش بەرپاکردن دێنێتە کایەوە.

ستووندەکانی تیۆری شۆڕش چیین؟ بەرلەهەموو شتێك هزری رەخنەیی ستوونێکی بنچینەیی تیۆری شۆڕشە. رەخنە لە چی؟ رەخنە لە مێژوو، رەخنە لە دۆخی ئێستا. هەروەها ستوونی دووەمی تیۆری شۆڕشگێڕی خستنەڕوو(تەرحکردن)ی ئەلتەرناتیفی شۆڕشگێڕانەیە، کە ژیانێکی ئازادە و هەمیشە لە گۆڕین و پێشکەوتن دایە. ستوونی سێیەمی تیۆری شۆڕشگێڕانە بونیادنانی کەسێتییەکی شۆڕشگێڕانەیە کە کەسێتی ئازادە. ستوونی چوارەمی تیۆری شۆڕشگێڕانە خستنەرووی میکانیزمی وەرچەرخانی شۆڕشگێڕانەیە، کە ڕێکخستەبوونە. بەهەر چوار ستووندەیەکەوە کردە (پرۆسە)ی شۆڕشگێڕانە دەخوڵقێت و پەرەدەسێنێت. مسۆگەر بەبێ هزری رەخنەیی، ئەلتەرناتیفی شۆڕشگێڕی، کەسێتی شۆڕشگێڕی و میکانیزمی شۆڕشگێڕی، ئەوا بەرپابوونی شۆڕش کردەیەکی ئەستەمە. بزربوونی یەکێك لەو چوار ستووندە کردەی شۆڕشگێڕی نیوەچڵ و سەقەت و نەزۆك دەبێت.

> **پرۆسەیەك بۆ هۆشیارکردنەوە و وەرچەرخانی زیهنی بەشێوەیەکی زۆر لاواز دەبینین**

ئێستا با بپرسین: لە سەدەی رابردووەوە تا ئێستا: ئایا ئێمە خاوەن هزری شۆڕشگێڕی و مەتۆدی شۆڕشگێڕانە بووین؟ ئایا تا چەند ئەو چوار ستوونەدەی تیۆری شۆڕشگێڕی لە جموجوڵ و بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانماندا هەبووە؟ کوا تیۆری شۆڕشگێڕیمان؟ کوا هزری رەخنەییمان؟ کوا پرۆژە و ئەلتەرناتیڤە شۆڕشگێڕییەکانمان؟ کوا کەسێتی شۆڕشگێڕیمان؟ کوا میکانیزمی شۆڕشگێڕیمان؟.

ئەگەر لەو ئەدەبیاتە قووڵببینەوە کە بە «ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕی» ناسراوە، ئەوا مرۆڤ یەکسەر ئەو راستییەی بۆ روونەبێتەوە کە چ وێنایەکی بۆ شۆڕش و شۆڕشگێڕێتی ئافراندووە، وێنایەکی پڕلە هێزی بازوو و جەستە، بارگاوی بە توندوتیژی، زەبروزەنگی قەبای بۆ شۆڕش و شۆڕشگێڕانی بەرجەستە کردووە. بەڵام ئەو ئەدەبیاتە خۆی نەبۆتە چاوگی هێزی گۆڕینی زیهنی و بەرپابوونی شۆڕشی زیهنی. مسۆگەر ئەوەی بۆ ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕی دەستنیشانم کرد بۆ«هونەری شۆڕشگێڕی»ش هەمان راستینە بەرچاو دەکەوێت. لە خۆڕا نییە کە لە ئەدەبیات و هونەری شۆڕشگێڕیدا ئەوەندەی شۆڕشگێڕ بە ئاژەڵەکانی وەك «شێر و پڵنگ و ئەسپ» چوێندراوە ئەوەندە بە خودی شۆڕشگێڕ خۆی نەناسراوە. تەنانەت کاتێك مرۆڤ بیرلە شۆڕشگێڕدەکاتەوە یەکسەرئەو ئاژەڵانەی دێتەوە یاد، کاتێك بیرلە یەکێك لەو ئاژەڵانەش دەکەینەوە ئەوا یەکسەر وێنای شۆڕشگێڕمان دێتەوە یاد!!.

بەڵام لەم وێنایەدا پرۆسەیەك بۆ هۆشیارکردنەوە و وەرچەرخانی زیهنی بەشێوەیەکی زۆرلاوازدەبینین. لە حیکایەت وداستانەکانی نێوشیعروچیرۆك ورۆمان و تابلۆو شانۆییەکاندا تۆمارێکی بەرجەستەی ئەووێنایە دەبینین کە بۆ شۆڕش و شۆڕشگێڕییان کردووە. لەووێنایەدا تەنیا «پیاوی شۆڕشگێڕ» لەو ئەدەبیات و هونەرەدا دەبینرێت. بەڵام وێنای «ژنە شۆڕشگێڕ» وەك تارماییەکی دووری لەڕ و قوربانی دەبینرێت. هەروەها لە ئەدەبیات و هونەری شۆڕشگێڕیدا هەمیشە وێنایەکی خوێناوی بۆ شۆڕش نەخشێنراوە و وا

نیشاندراوە کە شۆڕش واتا چەك و خوێن و قوربانی، بێئاگا لەوەی شۆڕش بۆخۆی بەرهەمی هزری شۆڕشگێڕییە، نەك چەك و خوێن.

> **بەکارهێنانی چەك لە شۆڕشەکاندا بۆتە سیمایەکی گشتی هەموو شۆڕشەکان!**

هەروەها لە ئەدەبیاتی سیاسیشدا وا پێناسەی شۆڕش کراوە کە بریتییە لە تێکۆشانی چەکداری و بەکارهێنانی زەبروزەنگ لەبەرامبەربە دووژمن و داگیرکاران. چرکردنەوەی شۆڕش هەر تەنیا لە تێکۆشانی چەکداری و قەتیس هێشتنەوەی تەنیا لە زەبروزەنگدا وایکردووە گۆڕینی زیهنی و مەتۆدی شۆڕشگێڕانە بۆ بیرکردنەوە و رەفتارکردن، هەروەها گرتنەبەری شێوازەکانی دیکەی تێکۆشانی ئازادی بە پێویست نەبینێت. ئەمە لەکاتێکدا؛ لەدەرەوەی مافی بەرگری رەوادا بەکارهێنانی چەك و زەبروزەنگ، شۆڕش بە ئاقاری چەواشەکاری و دژبوونەوەی جەوهەری خۆی دەبات. چەك و زەبروزەنگ بەتەنیا ناتوانن پێویستییەکان و ئامانجەکانی شۆڕش بێننەدی. بەتەنیا ناتوانن دۆخی شۆڕشگێڕی، کلتوری شۆڕشگێڕی، رێکخستنی شۆڕشگێڕ، کەسێتی شۆڕشگێڕ، گۆڕین و وەرچەرخانی شۆڕشگێڕانە بخوڵقێنن.

وەکو دیارە؛ سادەکردنەوە و چرکردنەوەی شۆڕش تەنیا لە بزووتنەوە و جموجۆڵی چەکداری و تێکۆشانی توندوتیژخوازیدا؛ لەلایەك ئەمە بۆخۆی دەرفەتی وەرچەرخانی زیهنی و هۆشیاری کۆمەڵایەتی لاواز و بێبایەخ کردووە، لەلایەکی دیکەشەوە دەرفەتی چالاکی و تێکۆشانی مەدەنی و جەماوەریانە، بەهەر سێ جۆرەکانییەوە (چالاکی پاسیف، چالاکی بەکاریگەر، چالاکی یاخیبوونی مەدەنی) تا دواڕادە بەرتەسك کردۆتەوە. لەم دوو خاڵەش کوشندەتر ئەوەیە کە شۆڕش و توندوتیژی وەك دوو ناوی یەك شت بینراون.

بۆ ئەوەی لەم ڕووەوە هەڵە تێگەیشتنێك دروست نەبێ، پێویستە ئەو خاڵە بخەینەڕوو کە گرتنەبەری شێوازی توندوتیژی و بەکارهێنانی چەك لە شۆڕشەکاندا بۆتە سیمایەکی گشتی هەموو شۆڕشەکان، بەڵام ئەمە چەندە زوو دەستکەوتەکانی بەدیهێنابێت، ئەوەندەش زوو بە ئاراستەی دیکتاتۆری و ستەمکاری بردووە. هەر کاتێك گرتنەبەری شێوازی زەبروزەنگ و بەکارهێنانی چەك تا ئەو کاتە رەوایە کە لەچوارچێوەیەکی لۆژیکی بەرگریکاری و بەرەنگاربوونەوەدا بێت. ئەگەرنا زەبروزەنگ و بەکارهێنانی چەك ببێتە تاکە رێگای شۆڕش بەرپاکردن و هەموو شۆڕشگێڕێتی لە زەبروزەنگ و چەکدا گوزارشتی لێبکرێت، ئەوا بەلارێدابردنی خودی شۆڕش و شۆڕشگێڕێتییە. چونکە بنەمای هەموو شۆڕشێکی هەقیقی لە بنچینەدا گۆڕینی تاك و کۆمەڵگەیە لەڕووی زیهنی، کلتوری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە.

بێگومان بەرگری رەواش بە هەر سێ قۆناخ و ئاستییەوە لە کات و شوێنی پێویست و گونجاودا پەیڕەو دەکرێت کە بریتیین لە «بەرگری رەوای ناکاریگەر (پاسیف)، بەرگری رەوای چالاك، بەرگری رەوای سەرتاپاگیر (شەڕی شۆڕشگێڕی گەل)» هەر یەکەیان پێداویستی و ئەرك و رۆڵی خۆیان هەیە و لەیەکتر جیاوازن و لە دۆخی جیاوازدا دەچنە بواری پێکهێنانەوە.

زۆر گرنگە لەوە تێبگەین کە؛ ئەوەی سەرکێشی ئەو بزووتنەوە و جموجۆڵە یاخیگەری و چەکداریانەی کردووە و یەکسەر، بەبێ هزری شۆڕشگێڕی، پەنای بۆچەك بردووە چینی باڵادەستی کوردستان و زۆر بە دیاریکراویش چینی باڵادەستی کورد بووە. چونکە تەوەر و بیانوو و ئامانجی جموجۆڵەکانی ئەو چینە گەیشتن بە دەسەڵات و دەسەڵاتخوازی زیاتر بووە. ئەم چینە بە سروشت و ماهییەتی خۆی چینێکی مشەخۆر، ستەمکار، وابەستە بەدەرەوە، گەندەڵ، کۆنەپەرست و توندوتیژخواز بووە. کاتێکیش گەلی ستەمدیدە (چینە ژێردەستەکان) بە ئامانجی گەیشتن بە ئازادی و مافەکانی دیکەیان وەهمداربوونە و بە لێشاو چوونەتە ریزی ئەو بزووتنەوە و جموجۆڵەکانیانەوە، ئەوا کەمێك رەنگ و قەبارەی ئەو بزووتنەوە و جموجۆڵانەیان گۆڕیوە، بەڵام هیچ کات ناوەڕۆك و ماهییەتەکەیان نەگۆڕیوە و دواجار ئاکامی هەموو ئەو بزووتنەوە و جموجۆڵانە هەرپابەند بە بەرژەوەندییەکانی چینە باڵادەستەکەی کوردستان شکاوەتەوە و ئاوی لە ئاشی ئەوان کردووە.

مسۆگەر چینی باڵادەست هەرچییەك بکات تەنیا لەپێناو مانەوە یان زیاترکردنی هەژموون و باڵادەستێتی خۆی دەیکات، جا چ لە دەسەڵاتدا بێت یان لە دۆخی ئۆپۆزسیۆنی و دژبەری دەسەڵاتدا بێت. چینی باڵادەستی کوردیش هەمان سروشتی هەیە و زیاتریش. بۆیە ئەو چینە نەك هەر شۆڕشی نەکردووە و نایکات، بەڵکو هەرچی زەمینە و دەرەفەتی شۆڕشگێڕیش هەبووە لەباریبردووە، هەرچی مەیل و هەست و هۆشیاری شۆڕشگێڕی هەبووە هەوڵی لاوازکردن و سڕینەوەی داوە، تەنانەت هەرچی کەسێتییەك یان رێکخستنێك، کە

هەندێك تایبەتمەندێتی شۆڕشگێڕێتیان هەبووبێ، هەوڵی لەناوبردنی داون.

لەمەش کوشندەترئەوچینە لە شستەکانەوە ئیدی تەنیا وەك چینێکی نارازی لەوەی لە دەسەڵاتدارێتی ئێراقدا پەراوێزخراوە یان کەمی بەرکەوتووە، دەرچووە و بۆتە ئامرازو دەسکەلای دەستی داگیرکەرانی کوردستان و زلهێزانی جیهان و لەوکاتەوە تا ئێستا ئەوچینە هیچ نییە جگە لە بازرگانانی دۆزی گەلەکەی خۆیان و تالانکاری وڵاتەکەیان.

(٤)

پەتاکانی شۆڕش – دۆگماتیزم و لومپەنیزم

دەکرێ کەمێك باس لە کرۆکی ئەقڵییەتی ئەو بزووتنەوە و جموجۆڵانە بکەین کەوا بانگەشەی هەڵگیرساندنی شۆڕش و شۆڕشگێڕێتیان کردووە و تا چەندە گیرۆدەی پەتاکانی دۆگماتیزم و لومپەنیزم بوونەتەوە. بێگومان لە دۆگماتیزم و لومپەنیزمدا هزری شۆڕشێگێڕی نییە، بەڵکو دژە شۆڕشی هەیە. کوشندەیی هەر بزووتنەوەیەکی بانگەشەکاری شۆڕش لەوەدا دەستپێدەکات کە پەتاکانی دۆگماتیزم و لومپەنیزمی تیدا گەرا بکات. ئەمە دەبێتە مەرگی هەربزووتنەوەیەك. ئەم راستینەیە بۆ کەسێتییەکیش هەر راستە. کەسێتی دۆگمایی و کەسێتی لومپەنیست بەو ئەقڵییەتەی هەیانە، نەك هەر ناتوانن ببنە شۆڕشگێڕێکی سەرکەوتوو، بەڵکو دەبنە بەڵای مەزنی ناو شۆڕشەکانیش.

وەکو دیارە دۆگماتیزم خۆی خزاندۆتە ناو هەموو کونج و کەلەبەرکانی زیهنییەتی ئەو بزووتنەوانەی بانگەشەی بەرپاکردنی شۆڕش و شۆڕشگێڕێتیان کردووە، بزووتنەوەکانی نەتەوەپەرستی سەرەتایی، چەپەکان، ئێستاش ئیسلامییە دەسەڵاتخوازەکان هەموو جموجۆڵێکیان غەرقی دۆگماتیزم بووە. کەسێتی دۆگمایی جموجۆڵە شۆڕشگێڕییەکان وشك دەکات.

دۆگماتیزم (چەقبەستوویی) چییە؟ ئەقڵییەتێکی حەتمیەتگەرایە و رەتکردنەوەی رەها و پەسندکردنی رەها و خۆناوەندیتن بەبنەما وەردەگرێت و دژی رێساکانی دیالیکتیکە. لە گەوهەری دۆگماتیزمدا؛ دەمارگیری، خۆسەپاندن، قەدەرگەرایی، پۆلینی دوانەیی (یان رەش یان سپی)، رەهاگەرایی، قاڵبگەرایی هەیە و کۆڵەکە سەرەکییەکانی پێکدێنن.

> **دۆگماتیزم دەسەڵاتخوازێتییە. دەسەڵاتخوازێتی لە رۆحی گشت بزووتنەوە سیاسییە - چەکدارییەکاندا هەیە**

لەناواخنی هەرکەسێتی و رێکخستن و کۆمەڵگەیەکی دۆگماییدا، جا ئەو کەسێتی و رێکخستن و کۆمەڵگە دۆگماکراوە، ئایینداربێت یان نەبێت، مەتۆدی ئوسوڵگەرایی و سەلەفییەتگەرایی و گەڕانەوە بۆ «شکۆدارییەکان»ی رابردوو هەیە. کەسێتی دۆگمایی کەسێتییەکی ناسروشتییە و دەردەدار و گرفتارە. چونکە پێشکەوتن و گەشەسەندن پەسند ناکات و لەهەوڵی کوشتن یان بڵێین راوەستاندنی ئەو دوو رێسا دیالیکتیکیە دەدات. ئەو هەوڵە کوشندەیەی کەسێتی دۆگمایی هەر تەنیا لەگەڵ خۆی و لەگەڵ ناخی خۆیدا نییە، بەڵکو هەوڵدەدات بەسەر دەوروبەر و کۆمەڵگەکەیشیدا بیسەپێنێ و تەنانەت ژیان رابوەستێنێت یان بیگەڕێنێتەوە دواوە و بۆ رابردووی دوور پەلکێشی بکات.

یەکێك لە بەرهەمەکانی ئەو دۆگماتیزمەی هەژموونی خۆی بەسەر بزووتنەوەکاندا کێشاوە؛ ئەو وەهمە شۆڕشگێڕییە خوڵقێنراوەیە کە لە لوتکەدا لە «وەهمی پیرۆزییەکان»دا خۆی بەرجەستە کردووە، وەهمی پیرۆزییەکان یەکێك لە کوشندەترین وەهمەکانی دەرهاویشتەی وەهمی شۆڕش-شۆڕشگێڕیین. لەو وەهمەدا؛ پیرۆزیی بە باڵای حزب و رێکخراوەکانی، سەرکردە و داروودەستەکانی، بنەماڵە و موڵکەکانیدا کراوە. ئەو بزووتنەوانە خۆیان بە ناوەندی هەموو هەقیقەتەکان زانیوە و وەك ئەوەی رەوایەتی تێکۆشان و شۆڕش و شۆڕشگێڕی هەرتەنیا لای ئەوانە. ئەم لۆژیکە دۆگماییە ملهوڕییەکی ئەوتۆی لەگەڵ خۆیدا هێناوە کە شەڕی دەیان ساڵەی نێوان رەوتەکانی ناو بزووتنەوەی سیاسی – چەکداری لێبکەوێتەوە، دەیان ئینشیقاق و پارچەبوونی لەگەڵ خۆیدا هێناوە.

هەروەها یەکێك لە تایبەتمەندییە بنچینەییەکانی دۆگماتیزم دەسەڵاتخوازێتییە. دەسەڵاتخوازێتی لە رۆحی گشت بزووتنەوە سیاسییە - چەکدارییەکاندا هەیە. لەپێناو گەیشتن بە دەسەڵاتدارێتی و لە ئانی گەیشتنیشیاندا لەپێناو مانەوە و قۆرخکاری زیاتردا هەرچییەکیان هاتبێتە پێش بێباکانە کردوویانە و ئیدی سڵیان لە هیچ نەکردۆتەوە.

لومپەنیزمیش وەك پەتایەکی دیکەی ناو بزووتنەوە سیاسییە چەکدارییەکان، تا هاتووە، لە بیرکردنەوە و رەفتارو هەڵوێست چەکەرەی کردووە. لومپەنیزم چییە؟ لومپەنیزم ئەقڵییەتێکی پووچگەرای «نهێلیست»ی تاکگەرای رەمەکبازی دابڕاو لە پرۆسەی جڤاکبوونە. لومپەنیزم بە سروشتی خۆی بایەخ بۆ هیچ بەهایەکی مرۆیی – جڤاکی دانانێت و ئازادی لە

بەڕەڵڵایی تاکڕەویدا دەبینێت و گاڵتەی بە هەموو بەهایەکی مرۆیی دێت. لە بنچینەدا لومپەنیزم کارەکتەرو ڤیبریسۆنێکی زیهنی لیبرالیزمە. لومپەنەکانیش سەرەتا لە سێبەری دەسەڵاتدا خۆ دەنوێنن و هەر کاتێک گەیشتنە دەسەڵاتیش هەرچی بەهای کۆمەڵگە هەیە بێباکانە دەیخەنە بەر رەشەبای تاڵانکارییەوە.

**لە رووکاردا کەسێتی لومپەن وەك یاخیبووێك لە نەریتی کۆمەڵگە خۆی نمایش دەکات**

کاتێك لومپەنیزم وەك چەمك و لۆژیك و کلتور و کەسێتی لە ناو بزووتنەوەیەکدا باڵادەست دەبێ، ئیدی ئەو بزووتنەوەیە لە راستەڕێی خۆی لادەدات و بەرەو زەڵکاوی پووچگەرایی و گەندەڵێتی و بێبەهایی دەڕوات. بزووتنەوە سیاسییەکانی باشوور، بەهۆی هەژارییان لە هزری شۆڕشگێڕی و نەبوونی دیسپلین و رێکخستەبووندا، لە ماوەیەکی کورتدا پەتای لومپەنیزم لەناویاندا تەشەنەی کردووە. ئیدی کلتوری لومپێنێتی بەسەریاندا زاڵبووە و کەسێتی لومپەن بەئاسانی باڵادەستێتی خۆی بەسەر ئەو بزووتنەوە و رێکخستنەدا دەسەپێنێ و هیچ شتیك رێگیری لێناکات. ئیدی لەو رێکخستن و بزووتنەوەیەدا کەسێتی لومپەن لە هەموو بوارەکاندا دەبێتە نموونە (نموذج)ی چاولێکراو و پەیرەوکراو.

ئەگەر دۆخی ئەمڕۆی کۆمەڵگە و تاکی باشوور بە گشتی و دۆخی حزب و لایەنە دەسەڵاتدارەکان و ئەوانەش کە لە سێبەری دەسەڵاتدا بازرگانی بە سیاسەت و گەل و وڵاتەوە دەکەن بەتایبەتی، هەڵسەنگێنین، ئەوا بە روونی باڵادەستی و هەژموونی ئەقڵییەت و کلتوری لومپەنیزم لە پاڵ ئەقڵییەت و کلتوری دۆگماتیزمدا دەبینین. لەبنچینەدا سیستەمی دەسەڵاتدارێتی باشوور ئاوێتەیەکی سیاسەتی دۆگمایی و لومپەنێتییە و بەرهەمی دۆگماتیزم و لومپەنیزمە.

بێگومان لە رووکاردا کەسێتی لومپەن وەك یاخیبووێك لە نەریتی کۆمەڵگە خۆی نمایش دەکات، بەڵام لە بنچینەدا یاخییە لە بەها کۆمەڵایەتییە جوانەکانی کۆمەڵگە، زیاتر رەمەکبازیی تاکڕەوییانەی خۆی و پابەند نەبوونی بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەوئاقارە ئاراستەگیری دەکات. لێرەوە پێویست دەکات پەیوەندی و جیاوازی نێوان یاخیبوون و شۆڕشگێڕێتی ببینین. مسۆگەر یاخیبوون یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی شۆڕشگێڕێتییە، چونکە لە سیستەمی دەسەڵاتدارێتی و کۆمەڵگەی باو یاخی دەبێت، بەڵام شۆڕشگێڕێتی تەنیا لە یاخیبووندا چڕنابێتەوە و هەموو یاخیبوونێکیش شۆڕشگێڕێتی نییە.

کەواتە لکاندنی شۆڕشگێڕێتی بە یاخیبوونەوە وێنای چ کەسێتییەکی ئافراندووە؟ ئەوەی دەبینرێت لەپشت ئەووێناکردنەی شۆڕشگێڕییدا، کە تەنیا یاخیگیرە و بەس، کەسێتییەکی لومپەن دەبینرێت. لومپەنیزم لە گەوهەردا بەرجەستەی کەسێتییەکی زەبروزەنگخوازە و ئەوەندەی هێزی ماسولکەکانی دەجوڵێت ئەوەندە خانەکانی مێشکی ناجوڵێت. پێم وایە کوشندەترین دۆخی شۆڕشگێڕێتی ساختە ئەو دۆخەیە کە کەسێتی لومپەن بەرجەستەی کردووە و لومپەنیزمیش دەبێتە ئایدیۆلۆژیا شۆڕشگێڕییەکەی!!.

(٥)

رەوتەکانی دژە شۆڕش – ئاشبەتاڵ و تاڵانی

مسۆگەر لە پێناو قەڵەمبازێکی شۆڕشگێڕانەدا پێویستە ئەو مێژووەی بەناوی شۆڕشەوە تۆمارکراوە بەر رەخنەی هەمەلایەنە بدرێت و ئەو سەرابەی بەناوی شۆڕشەوە خۆی نمایش کردووە بڕەوێنرێتەوە، ئەو سیحرەی لە خۆی ئاڵاندبوو لێی داماڵرێت و رووت و رەجاڵ بکرێت. بۆیە لێرەدا زۆر بە پووختی ئەو کردەی رەواندنەوە و داماڵینەی «مێژووی شۆڕش» دەخەینەڕوو.

**میللیگەرای سەرەتایی(یان نەتەوەپەرستی سەرەتایی) خاوەن ئەقڵییەتێکی دۆگمایی نەتەوەپەرستیی بەرتەسك و دەمارگیری دژە شۆڕشە**

ئەگەر بزووتنەوە چەکداری و سیاسییەکانی باشوور، لە سەدەی بیستەمەوە تا رۆژی ئەمڕۆ، پۆلێن بکەین، ئەوا دەتوانین لە رووکاردا وەها پۆلێنیان بکەین: «میللیگەرایی سەرەتایی، چەپی کلاسیك، ئیسلامی سیاسی، لیبرالیزمی پاوانخواز» ئەوپۆلینە پۆلینکردنی رەوتەکانی ناو بزووتنەوەی سیاسی و چەکداری باشووره. بەڵام کامەیان نغرۆ نەبوونە لە دۆگماتیزم؟! ئەوەی ئەوانەی خولقاندووە و لەسەرڕێی راگرتوون و گەیاندوونی بە دەسەڵات خودی دۆگماتیزمە. ئەو رەوتانە نەك هەربانگەشەکانیان بۆ شۆڕش

بەرپاکردن و شۆڕشگێڕێتی خەڵەتاندنێکی گەورە بوون، بەڵکو خۆشیان بوونەتە ڕەوتی دژەشۆڕشی و شۆڕشی چەواشە. بە ئەقڵییەتی دۆگمایی و بە تایبەتمەندێتی قەڵەمڕەوێتی و دەسەڵاتخوازێتی چینی باڵادەستی کورد چۆن شۆڕش بەرپا دەکرێ و چۆن دەتوانن ببن بە شۆڕشگێڕ؟!

میللیگەرای سەرەتایی(یان نەتەوەپەرستی سەرەتایی) خاوەن ئەقڵییەتێکی دۆگمایی نەتەوەپەرستیی بەرتەسک و دەمارگیری دژە شۆڕشە (کە بە کوردایەتی ناسراوە) و لەبنچینەدا ئایدیۆلۆژیای چینی باڵادەستی کوردە (باڵە دەرەبەگ و کۆمپرادۆرەکەی). هەر کاتێك لەسەر بەشە دەسەڵات ناکۆکی لەگەڵ دەسەڵاتدارێتی ناوەندی ئێراقدا هەبوویێت، یان هەر کاتێك هێزە دەرەکییەکان لەهەوڵی پیلاندا بن دژ بە گەلانی ئێراق ئەوا ئەو هێزە میللیگەرا سەرەتاییەیان خستۆتە گەڕو بەکاریهێناون. ئیدی ئەوەی پێیدەگوترێ «شۆڕشی ئەیلول» جگە لە تێکەڵبوونی خواستی پاوانخوازی دەرەبەگی کورد لەگەڵ پیلانی هێزە دەرەکییەکان (ئەمریکا، بەریتانیا، ئیسرائیل، ئێران) دژ بە گەلانی ئێراق هیچی دیکە نەبووە. باڵی میللیگەرای سەرەتایی ڕاستڕەو (مەلایی)، کە ئەمڕۆ لە پارتی و هاوسەنگەرەکانیدا بەرجەستەیە، هەوڵدەدات لەیەککاتدا لە سایەی هەم سیستەمی قەوارەپارێزی داگیرکەرانی کوردستان و هەمیش سیستەمی لیبرالیزمی سەرمایەی جیهانیدا درێژە بە تەمەنی خۆی بدات. بێئاگا لەوەی سیستەمی سەرمایەی جیهانی لەپێناو پاوانخوازی خۆیدا ئەمڕۆ خەریکی هەڵوەشاندنەوەی سیستەمە قەوارەپارێزەکەی خۆرهەڵاتی ناوینە، بە ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستانیشەوە!!.

کاتێك ڕەوتی نەتەوەپەرستی وردەبۆرژوا (جەلالی) هەوڵیدا لەبازنەی قەڵەمڕەوێتی ڕەوتی دەرەبەگی کورد دەربچێ و بەرەو کە لەژێر پێی دەرەبەگی کورددا رابکێشێ و چیدی لەو نەچێت، کەچی دوای کێشمەکێشێکی خوێناوی دەیان ساڵە، نەك هەر نەیتوانی خۆ لەژێر هەژموونی میللیگەرای سەرەتایی دەرەبەگخوازی رابسکێنێ و لێی رزگار ببێت، بەڵکو سەرەتا بووە باڵێکی چەپڕەوی ئەو میللیگەرا سەرەتاییەی هەوڵیدا لەو نەچێ و پاشان گەڕایەوە مەداری ڕاستڕەوانەی ئەو و ئیدی لەڕووی ئەقڵییەتەوە هیچ جیاوازییەکیان لەنێواندا نەما. ئەوەی پێی دەگووترێ «شۆڕشی نوێی گەلەکەمان» جگە لە بەردەوامیدان بە ڕەوتی میللیگەرای سەرەتایی بە نەفەسە چەپڕەوییەکەی میللیگەرایی سەرەتایی هیچی دیکە نەبوو.

> **ئیسلامی دەسەڵاتخوازیش (هەڵەیە پێی بگووترێ ئیسلامی سیاسی!!)**

چەپی کلاسیکیش کاتێك وەك ڕەوتێکی هزری سیاسی – چەکداری خزایە ناو بزووتنەوەی سیاسی – چەکداری کوردەوە، بە ئەقڵییەتێکی هێجگار دۆگماوە خۆی نمایش کرد، زیاتر لەوەی ڕەوتێکی دیالیکتیك پارێزبێت، زیاتر وەك ئایینێك، ئایینزایەك خۆی خستەڕوو. هزری چەپ لە گەوهەری خۆیدا هەڵگری تایبەتمەندی شۆڕشگێڕانەیە، ئەگەرگێڕۆدەی پەتای دۆگماتیزم و لومپەنیزم نەکرایە ئەوا توانستی هەڵگیرساندنی شۆڕشێکی مەزن و کاریگەری هەبوو. بۆیە لەئاکامی تووشبوونی بەو پەتایانەوە؛ نەك هەر نەیتوانی ببێتە ڕەوتێکی دۆگماشکێن، بەڵکو خۆی بووە ڕەوتێکی دۆگمادارای داخراوی قاڵبداری موحافەزەکار. بەدیوێکی تریشیدا توخمە لومپەنەکانیشی بە هەڵگەڕانەوەیان لە هزری چەپ و چوونیان بۆ سەرڕەوتی میللیگەرای سەرەتایی بەڵادار، ئیدی جگە لە کۆمەڵێك لیبۆك (موهەڕیج)ی ئەو ڕەوتە هیچی دیکەیان لێ دەرنەچوو.

ئەو ڕەوتە؛ هەرچەندە بەهۆی ئەوەی خەڵکی ڕەنجدەر و هەژاری ڕێکخستەکردبوو و کەمێك لەو بوارشەوە هەوڵی بەرچاوی دا، بەمەش توانستی بەرپاکردنی شۆڕشی لەهەناوی خۆیدا هەڵگرتبوو، بەڵام ئەویش بەهۆی پەتاکانی سۆسیال شۆڤێنی گەلی سەردەست و مەیلە لومپنەییە بۆرژوازییەکانی سەرانیان، ئەو توانستە شۆڕشگێڕییەی هەیبوو بە فیڕۆی دا و لەئاکامدا ئاوی لە ئاشی میللیگەرای سەرەتایی و سۆسیال شۆڤێنی گەلی سەردەستە کرد و لە پێگەی شۆڕشگێڕییەوە بەرەو پێگەی دژەشۆڕشی هەڵخلیسکا.

ئیسلامی دەسەڵاتخوازیش (کە هەڵەیە پێی بگووترێ ئیسلامی سیاسی!!) لەسەرەتای پەنجاکانی سەدەی رابردووەوە، وەك ڕەوتێکی ئایینی سیاسی باڵێکی وابەستەداری ئیخوانی موسلیمین دەرکەوت و دواتریش لە هەشتاکاندا وەك ڕێکخستنێکی سیاسی و چەکداری گەشەی بەخۆیدا، نەك هەر ڕەوتێکی دۆگمایی بوو، بەڵکو هۆکار و بیانوو و پاڵنەری دەرکەوتنی ئەو ڕەوتە خەونە دۆگماییەکانی بوو، کە لە سەپاندنی دەسەڵاتێکی ئایینی (تیۆکراتی) ڕەهادا بەرجەستە دەبوو. بەڵام سەرەڕای ئەو وابەستەییەی بە ڕەوتە دەرەکییەکانی ئیسلامی دەسەڵاتخوازەوە، زۆرپراگماتیکیانە هەڵسوکەوتی کردووە. ئەمڕۆ ئەو ڕەوتە باڵەکانی دیکەی ڕەوتە ئایینییەکانی تری وەك «سەلەفییەتگەرایی»شی تێوە خزاوە و بوونەتە چەندین گروپ و هەرگرووپە،

بە گوریسێکی ئەستوورەوە وابەستەن بە رەوتە ئایینییەکانی ناوچەکە و جیهانەوە. ئەم رەوتەش جگە لە ئامرازبوون و مقاشبوون بۆ رەوت و هێزە دەرەکییەکان و


> **بۆیە ئەم دۆخە دەبێ لە رەگەوە بگۆڕدرێت و چیدی هەوڵە ریفۆرمیست و پینەوپەڕۆیەکان دادی ئەم دۆخە نادەن**

رۆڵگێر لە هێشتنەوەی هەژموونی دۆگمایی دەمارگیر هیچ دیکە نیین.

رەوتی لیبرالیزمی پاوانخوازیش کە لە هەناوی ئەو رەوتانەی پێشووی خۆیەوە سەریهەڵداوە و هێشتا لە ناو ئەو رەوتانەدا جموجۆڵ دەکات، لە دوای راپەڕینی ١٩٩١ وە لەناو ئەو رەوتانەی تردا خەریکی گەرادانان وبنکۆڵکردنە. ئەگەرچی بە رووکار خۆی لە دەرەوەی دەسەڵات دەبینێت، بەڵام لە کردەییدا باڵێکی بەهێزی نێو ئەو دەسەڵاتە تاڵانکارییەی باشوورە و تادێت باشوورتەسلیمی سەرمایەی جیهانی دەکەن،

تا لە سایەی داگیرکاریی لیبرالیزمی جیهانیدا ئەویش لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە. لەم پانزە ساڵەی رابردوودا زۆرترین هەوڵە تاڵانکارییەکانی سەرمایەی جیهانی لە رێگەی ئەو رەوتە وابەستەیەدا بووە. تەنانەت دوای رەوتی میللیگەرای سەرەتایی، سەرچاوەیەکی سەرەکی ئەو گێژاو و قەیرانەی ئێستای باشوور ئەو رەوتە تاڵانچییە بووە. مرۆڤ دەتوانێ بەروونی ئەوە بخاتەڕوو کە رەوتی لیبرالیزمی پاوانخواز لە باشووردا هەڵگری هزری لومپەنیزمە. لەرێی ئەورەوتەوە بۆیەکەمجارە لومپەنیزم بە ئەقڵییەت و کلتور و کەسێتی لومپەنیستانەی خۆیەوە لە باشووردا خۆی رێکخستە و بەیان دەکات.

لێرەوە دەتوانین ئەوە بخەینەڕوو کە؛ ئەو شەڕ و ململانێ و ناکۆکیانەی ئەمڕۆ لەنێوان رەوت و حزب و لایەنە دەسەڵاتدارەکاندا هەیە لە بنچینەدا شەڕی



پرۆسەی رەخنە و رەخنەدان

جیاوازییەکانیان نییە، چونکە جیاوازی زیهنی و هزری و کلتوریان لەنێواندا نییە، ئەوەی هەیە شەڕی پاوان و قەڵەمڕەوی و دەسەڵاتدارێتییە، بێگومان لە پشت هەر یەکێکیان کۆمەڵێك دەوڵەت و کۆمپانیا و رایەڵ و تۆڕی هەواڵگری ناوچەکە و جیهانی هەن و چەندە بە گوێرەی خواستە پاوانخوازییەکانی خۆیان هەڵسوکەوت دەکەن، دە ئەوەندەش بەگوێرەی خواست و بەرژەوەندییەکانی ئەوان هەڵسوکەوت دەکەن.

ئیدی ئەوە روونە کە؛ ئەو رەوتانەی ئێستا لە دەسەڵاتدارێتی دان، ئەوانەش کە مرخیان بۆ دەسەڵات خۆش کردووە، لەرووی زیهنی و کلتوری و کارەکتەرەوە بەرهەمی دۆگماتیزم و لومپەنیزمن. ئیدی نەك هەر توانستی گۆڕین و وەرچەرخانی ئەو دۆخەیان بەرەو دۆخێکی پۆزەتیف و لە بەرژەوەندی کۆمەڵگەدا نییە، بەڵکو تەواو چوونەتە بەرەی دژە گەل و کۆمەڵگەوە. وەهەمێکی کوشندە و خەڵەتێنەرانەیە کە دەگووترێ؛ زۆنی زەرد و زۆنی سەوز و مۆر، زۆنی فلان و زۆنی فیسار... لەبنچینەدا یەك زۆن هەیە ئەویش زۆنی دەسەڵاتدارانە و هەموو رەوت و حزب و لایەنە دەسەڵاتخوازەکان لەو زۆنە دان، بە کەم و زۆری قەبارە و توانستیانەوە. کۆی گەل و کۆمەڵگەش لە دەرەوەی ئەو زۆنەی دەسەڵاتدا مەمرە و مەژییە ژیان دەگوزەرێنێت و خەریکی سووکە بەرگری و بەرەنگاربوونەوەیەکی ناکاریگەرە.

بۆیە ئەم دۆخە دەبێ لە رەگەوە بگۆڕدرێت و چیدی هەوڵە ریفۆرمیست و پینەوپەڕۆیەکان دادی ئەم دۆخە نادەن. مسۆگەر ئەمەش بە دەرکەوتنی ئەلتەرناتیڤێکی شۆڕشگێڕی ئەو گۆڕین و وەرچەرخاندنە ئەنجام دەدرێت. مسۆگەر ئەمەش بە بەرپاکردنی شۆڕشێکی زیهنی، کلتوری، کۆمەڵایەتی و سیاسی دێتەدی. بۆ بەرپاکردنی ئەو شۆڕشە هەمەلایەنەش هزری شۆڕشگێڕی و پارادیمی شۆڕشگێڕی پێویستە، کارەکتەری شۆڕشگێڕی و رێکخستنی شۆڕشگێڕی پێویستە...

هەوڵدەدەم لە بەشی داهاتوو وکۆتاییدا کەمێك تاوتوێی بابەتی ئەلتەرناتیڤی شۆڕشگێڕی و پێداویستییە زیهنی و پارادیمی و کەسێتی و رێکخستنییەکانی بکەم.

ماویەتی...

# قەیرانی رۆژهەڵاتی ناوین و ئەگەرەکانی



ئازادیی کۆمەڵگە
رۆستە م جودی

بەشی دووەم

هـۆکاری گـشـتی کـە وایـکـردووە لە رۆژهـەڵاتـی نـاویـنـدا قـەیـران رووبـدات لــەســەرئــەوانــە راوەســتــە دەکــەیــن لەسەرووبانەوە پرسی زهنیەتە. زهنیەت وەک پێشتر بەدەستمانەوە دەگرت بەپێی ماتریالیزمی مێژوویی، بەپێی مامەڵەی زانستی کۆمەڵایەتی پۆزەتیڤ یان وەک سەرخانێکی کۆمەڵایەتی لێی دەڕوانرا کە گوایە کاریگەریەکی جددی لەسەر گۆڕانکارییەکان نییە و رەنگدانەوەی دۆخی ماددییە، رەنگدانەوەی دۆخی ئابوریە. ئێمە وەها لە زهنیەت ناڕەوانین، بەڵکو لەوە بە کاریگەرترە کەپێشبینی دەکرێت. هەرچەندە پەیوندی بەدۆخی ماددیشەوە هەبێ، بەڵام لەڕووی پێشخستن و گۆڕینی دۆخی ماددی رۆڵێکی بنەڕەتی دەبینێ.

بۆیە لە پرسە ئابوریەکانەوە بگرە تا پرسە سیاسیەکان وزۆرخاڵی تری کە دەبنە هۆی ئەوەی گەل لە رۆژهەڵاتی ناوین دا بژی، هۆکارەکەی پەیوەستە بە زهنیەتەوە. لەبەرئەوەی کاتێ زهنیەتێکی کراوە نەبێ دەرفەتی ماددی لەوڵاتێکدا چەندیش هەبێ ئەگەرلەچوارچێوەی زهنیەتێکی راست و زانستیدا لێکدانەوەی بۆ نەکرێ مەحاڵە لە بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی کۆمەڵگەدا جێی باس بێ، دۆخی هەنووکەییش ئەوەیە، هەرێمەکە بە فراوانی جوگرافیەکەی، بە زەویە کشتوکاڵیەکەی، بە گەنجی دانیشتوانەکەی، بە سەرخان وژێرخانی خاکە دەوڵەمەندەکەی، دەبوو پێوانەی ژیانی تاک لەرۆژهەڵاتی ناوین، کەنەدا و سەنگافور و زۆر جێی تری تێپەڕین دایە.

> دۆگماتیزم چییە؟ دۆگماتیزم هەڵوێستی داخراو بەڕووی گفتوگۆ، دانوسان، لێپرسینەوە و رەخنەدان داخراوە

بەڵام دەبینین کە نیوەی دانیشتوانەکەی لەژێر ئاستی برسێتی و هەژاری دا دەژی، ئەوە لەنزیکەوە پەیوەستە بە زهنیەتەوە، چونکە زهنیەت لەشتی ئەبستراکت زیاتر هـانـدەری دەرهەسـتێکـن کـە رەوشـت و هەڵسوکەوتی تـاک و کۆمەڵگە ئاراستە دەکـەن، مامەڵەکردن لەگەڵ بەهاکان، لەگەڵ مەسەلە ماددیەکان و چۆنێتی مامەڵە کـردن لـەگـەڵ ژیـان و روانـین لە ژیان هەموو لەسەربنەمای ئەو زهنیەتە پێك دێت کە ئەوتاک وکۆمەڵگەیە قەبوڵی دەکات، هەربۆئەوەش رۆڵی زهنیەت لە سەرهەڵدانی گێژاو و قەیرانی رۆژهەڵاتی ناویندا بەهۆکاری سادە مرۆڤ ناتوانێ راڤـەی بکات. بۆئەوەی مرۆڤ بـاش لە زهـنـیـەت تێبگات زۆر گرنگە راوەسـتـە لەسەردۆگماتیزم بکەین.

دۆگـمـاتـیـزم چـیـیـە؟ دۆگـمـاتـیـزم هەڵوێستی داخـراو بـەڕووی گـفـتـوگۆ، دانـوسـان، لێپرسینەوە و رەخـنـەدان داخـراوە، واتـا وەک چۆنە دەبێت قەبوڵ بکرێ. دۆگماتیزم میتۆدی فکرە لەسەر بنەمای گواستنەوەیە (نقل) نەک لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوە وژیری چۆن باپیرەت بەباوکتی وتووە و باوکت بەتۆی وتووە وەها دەگوازرێتەوە، لێکۆڵینەوە، لێپرسینەوە و لێگەڕین نیە بە فلتەری عەقڵ دا دەرباز ناکرێ. لەبەرکردن، گواستنەوە و قەبوڵ کـردن بەبنەما دەگیرێ. بۆئەوەشـە کە دۆگماتیزم رێ لەسەر پێشکەوتن دەگرێ. لە رۆژهەڵاتی ناویندا دۆگماتیزم پرسێکی جددیە دۆگماتیزم نەک تەنیا لە رۆژهەڵاتی ناین لەهەموو دەڤەرێک هەیە، ئێمەش تـا ئـاسـتێک پـێـدەچێ دۆگـمـاتـیـک بـین، لەوانەیە تـا ئاستێکیش پێویست بێت، لـە چ چـوارچـێـوەیـەک دا پـێـویـسـتـە؟ بۆ

نمونە من ئەمڕۆ بانگەشەیەک دەکەم لێکۆڵینەوەیەک دەکەم و دۆخی هەنوکەیی ئیدی ئارامی بە مرۆڤ نادات، دۆخی باو ئیدی مایەی قەبوڵ نابێ ، لەدژی ئەو دۆخەش هەوڵێك دەدەم بۆتێپەڕاندنی هەم فکری و هەم کردەیی و دەڵێم ئەو هەوڵە راستە، بۆئەوەش ئارگومەنتی بۆپەیدا دەکەم بۆئەوەی کە بەرامبەر باوەڕی پێ بێنێ، بێ گومان ئەوەتا ئاستێک دۆگماتیزمە.

**رۆژهەڵاتی ناوین جێی شتە یەکەمەکانە جێی بەراییەکانە واتە ئەو شتانەی لەمێژوودا بۆ جاری یەکەم دۆزرانەتەوە**

بەڵام دەبێ هەمیشەرێ و رێبازی خەبات دەرفەتێک بهێڵێتەوە کە بتوانین میتۆدی خەبات و زانستی خۆمان رەچاو بکەینەوە و زانیاری خۆمان بەدۆخێکی لەئارادایە بەراورد بکەین کە راستە یان نا، دەبێ ئەو دەرفەتە برەخسێنرێ جاری وا هەیە دۆگماتیزم ئەوەندە بەهێز دەبێ کە ناهێڵێ ئەو دەرفەتە بدرێ، محافەزەکار دەبێ و بەگوێرەی خۆی دەبێ و شتێکی هەیە وەک نەدیو دەبینێ، وەک ئەوەی نیە و پێداگری دەکات. دەبینین زانستی پۆزەتیڤیزم لە رۆژئاواش دۆگماتیزمە، ئەوەش شتێکی خراپە. بەڵام دۆگماتیزم لە رۆژهەڵاتی ناوین زۆر توند، خراپ و مەترسیدارە و کاریگەری زۆری لەسەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان هەیە، ناهێڵێ کۆمەڵگە بجولێ و پێشبکەوێ. دەیەوێ بە زۆرەملێ و بەگوشار لەجێی خۆیدا رایوەستێنێ، ئەوە لەچیەوە دێ؟ لەوانەیە ئەوە لایەنی ئەرێنیشی بێ. ئەگەر بتوانین دەرچوونێک پێك بێنین زیاتر رەسەنایەتی پێوە دیاردەبێ. بەڵام لەرۆژی ئەمڕۆدا گوزارە لەلایەنی نەرێنی (نەگەتیف) دەکات.

رۆژهەڵاتی ناوین جێی شتە یەکەمەکانە جێی بەراییەکانە واتە ئەو شتانەی لەمێژوودا بۆ جاری یەکەم دۆزرانەتەوە و سەریان هەڵداوە، فکر، نیشتەجێ بوون، دەسەڵات، دەوڵەتبوون، میتۆلۆژی، ئایین... یەکەم جار لێرە سەریان هەڵداوە، واتە کاری فکری و کردەیی لێرە خۆیان نیشان داوە. ئەگەر تێبینی بکەین دەبینین مرۆڤ لەجیهان دا شتێکی زۆر جیاواز لەڕووی جەوهەرەوە نابینێ. حقوق، ماتماتیک، دەوڵەت، بیناسازی، دەزگا، پلەداری، زانستی سروشتی لێرە سەریانهەڵداوە و دۆزراونەتەوە. ئەو شتانەی دۆزراونەتەوە شتی بچوک نین. تێبینی بکەن مرۆڤێکی وەک ئێمەی کورد لەڕووی زانستی سەربەخۆییەوە ئاگاداریەکی ئەوتۆمان نیە، بێننەوە بیری خۆتان کاتێ هەڤاڵێکمان یەکەم جار کتێبی (رێی شۆڕشی کوردستان) ی دەخوێندەوە، هەموو شتێکی نوێی تێدا دەبینێ و ئەڵقە ونبووەکەی خۆی تێدا دەبینێ، ئاسۆی رووناک دەبێتەوە و هەست بەجۆش و شادمانی دەکات. هەموو شت وەک مزگێنی دەبینێ. چونکە هەست بە نوێبونەوە دەکەیت و وەک نوێ لەدایک دەبیت. ئەو شتانە وەک شتی پیرۆزیان لێ دێت بۆ مرۆڤ کە ناتەوێ دەستبەرداری بیت، لەبەرئەوەی ئیدی حەقیقەت لەوێ دا دەبینی، مرۆڤێك لە دۆخی پریمات و ئاژەڵبوون دەرچووە کاتێ لەبارەی رێکخستنی ژیانی خۆیدا دەستی دەگاتە زانیاری وەک ئایین، ئەخلاق، داب ونەریت و زانست، کاتێ بگاتە ئەوانە وەک شتی پیرۆز و مەزن دەیانبینێ و قەبوڵی دەکات، وەک پارچەیەکی خۆی دەیبینێ و نایەوێ دەستبەرداری بێ، ئەوەیە سەرچاوەی دۆگماتیزم لە رۆژهەڵاتی ناویندا، چونکە سەرچاوەی ئەو یەکەمین شتانەیە، لە دەڤەری تر دۆگماتیزم ئەوەندە باڵادەست نییە. بۆچوونی؟ چونکە وەک ڤەرسیۆنە (کۆپی)یە، مانۆر و دەرفەتی ئەوەی هەیە کە بەپێی بەرژەوەندی خۆی شێوەی پێ بدات.

**لە رۆژهەڵاتی ناویندا میتۆلۆژی حەقیقەت خۆیەتی، سەرچاوەی حەقیقەتە**

بۆ نمونە؛ میتۆلۆژی رۆژهەڵاتی ناوین هەیە و هی گریک - رۆماش هەیە. بەڵام میتۆلۆژی گرێک - رۆما زیاتر مرۆییە و زیاتر هێزی مرۆڤی تێدایە، زیاتر مرۆڤ دەتوانێ بەپێی ژیانی خۆی شێوەی پێ بدات، تەنانەت هەندێ جار رەتی بکاتەوە و قەبوڵی نەکات، لەدژی ئیرادەی راوەستێ کاتێ لەدژی بەرژەوەندی خۆی بێ. بەڵام لە رۆژهەڵاتی ناوین وانییە. لە رۆژهەڵاتی ناویندا میتۆلۆژی حەقیقەت خۆیەتی، سەرچاوەی حەقیقەتە. واتە بۆ هەموو شتێک بۆ هەموو هەڵسوکەوتێك کە بیانو و دەرفەتی ژیان بۆ خۆی بیبینێتەوە دەبێ لەمیتۆلۆژیدا گوزارەی لێ بکرێ، بۆ ئەوەش میتۆلۆژی زانستی یەکەمە وەک ئەمڕۆ ماتماتیک، فیزیا، کیمیا پێشکەوتنی بەخۆیەوە نەبینیبوو، بەڵام مرۆڤ نهێنی ژیان، مردن و دروست بوون، هەنگاو بەهەنگاو ناکۆکی لەنێوان چینەکان دا، سەرهەڵدانی باڵادەستی، دەوڵەتبوونی ئەو باڵادەستیانە دەکرا لە میتۆلۆژیدا گوزارەی لێ بکات، واتە لەکاتێکدا

زانست پێشنەکەوتبوو هەموو شتێک بە میتۆلۆژی گوزارەی لێ دەکرا، هەرچۆن ئەمڕۆ کاتێ دەمانەوێ ئاماژە بەراستیەک بکەین دەبێ لێکۆڵینەوەیەکی بایۆلۆژی، فیزیایی و کیمیایی بکەین ئەو کاتە دەبوو لە میۆتۆلۆژیاکاندا راستیەکانیان ببینرایە ئەگەرنا راستی و حەقیقەت نەدەبوو و کەسیش بوێری نەبوو گوزارەی لێ بکردایە، هەربۆئەوەیە دۆگماتیزم لە رۆژهەڵاتی ناویندا لەرادەبەدەر قوڵە. تەنانەت لەسەردەمێکدا دۆگماتیزمی رۆژهەڵاتی ناوین نەدەگۆڕدرا، بەڵکو لەناودەبرا.

بۆ نمونە لە بابل دا چاکسازی نەکرا، لە ئاشور دا چاکسازی نەکرا، لە ئەکەد بەهەمان شێوەیە، ئەوەی هەیە یان رەهایە یان بەتەواوی هەڵدەوەشێ دەرفەتی گفتوگۆ، لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوە، رەخنەکردن و هەڵسەنگاندنی تێدا نییە و رەهایە، بۆچی؟ چونکە ئەو میتۆدانە رێنمایی ژیانیان بە مرۆڤەکان دا، ژیانی مرۆڤی خستە نێو سیستەمێکەوە و دەرفەتی مانەوەی بۆ دابین کرد، خواردن و خواردنەوە، ئاسایشی بۆ دابین کرد. بۆئەوەشە کە وەک مژدەیەک، پارچەیەکی ژیانی خۆی دەبینێ و وەک راستیەک لەگەڵی ئاوێتە دەبێ، دەبێتە شتێکی رەها کە ناتوانێ دەستبەرداری بێ، لەرۆژی ئەمڕۆشدا زۆر هەوڵ درا کە چەپ، نەتەوەپەرستی جێی ئایین بگرنەوە. بەڵام نەیانتوانی، ئەوە لە چیەوە سەرچاوەی خۆی دەگرێ؟ دەبێ هەندێ شت لەزەمینەی ماددیانەوە لێی بکۆڵێتەوە و بەنمونەی رۆژی ئەمڕۆش پشتڕاستی بکەینەوە. وای دانێین کە مرۆڤێك لە گوندێکە، ئەو گوندە فەلسەفەی ژیانێکی هەیە، وا هەڵدەستێ، وا دادەنیشێ، وا قسە دەکات و کاردەکات، وا مامەڵە لەگەڵ دایک و باوک و دراوسێیەکانی دەکات... بەوەش شێوەیەک دەگرێ. واتە لەسەر بنەمای ئەو بەهایانەی لە گوند دایە خۆی بونیادناوە، هەمان مرۆڤ دوای ماوەیەک چووە ئەوروپا یان چووە شارە گەورەکان لەو زەمینەیە دوورکەوتەوە، دوای ماوەیەک کاتێ ئەو مرۆڤە دەبینن بۆتە مرۆڤێکی گۆڕاو. بەڵام ئەوەی لە گوند ماوە وەک

> ”
> **لەرۆژی ئەمڕۆدا چ جیاوازیەک لەنێوان زهنی ئینگلتەرا و ئەمەریکا دا هەیە**

خۆیەتی. بۆچی زۆر هۆکاری هەیە، زۆر پرس هەن لەو خاڵەدا ئێمە دەڵێین شتە بەراییەکان لەمیزۆپۆتامیای خواروو سەری هەڵداوە، هەروەها لەدەوری چەمی نیل لە میسر سەریانهەڵداوە. تەنانەت بەرلەوە لە کەوانی زێڕین لە زنجیرەکانی زاگرۆس و تۆرۆس سەریانهەڵداوە لەو دەڤەرە شۆڕشی نیۆلۆتیک بەرپاربووە، بەو شێوەیە وەک جۆگەلە رژاونەتە چەمی مەزن لە میزۆپۆتامیای ژێرین، بۆتە شارستانی و وەها بەجیهان دا بڵاوبۆتەوە.

باشە ئەگەر شتە یەکەمەکان لێرە سەریانهەڵداوە، بۆچی دەستپێشخەری لەدەستدا، یۆنان لێرەوە فێربوون بۆچی ئێمە لەوان پێشکەوتووتر نەبووین؟ بۆچی مەحکومی ئەوان بین، هەرشتێک لەزەمینی خۆیدا مەحکومی هەندێ نرخە و سەربەست نییە و ناتوانێ لێی دەرچێ، بۆئەوەشە کە مرۆڤێک لە رۆژهەڵاتدا مەزن بووبێ لاسایی دەکاتەوە، لەبەر دەکات و سیستەم لە کەسی خۆیدا نەوە بە نەوە دەگوازێتەوە لەسەربنەمای ئەو پەروەردەیەی دەیبینن هەم لە دەوڵەت و هەمیش لەخێزاندا بەو پێیە هەمیشە خۆی دووبارە دەکاتەوە. بۆ نمونە: کاتێ لەوێ دەردەچم و دەچمە دەڤەرێکی تر یان لە دەرەوە لێی دەڕوانم، لەچی بڕوانم؟ دەبینم کە لەوێ دا زۆر بەرهەمی باش هەیە وەک بیناسازی، ئەستێرەناسی، پزیشکی، ئەندازیاری، ماتیماتیک هەیە ئەوانە شتی باشن. بەڵام هەمیشە خۆی دووبارە دەکاتەوە. بۆچی؟ چونکە کلتورێکی کۆمەڵایەتیش هەیە کە مەحکومی دووبارە بوونەوە دەکات وەها دروست بووە و لەبەرکراوە و وەها بەردەوامی پێ دەدرێ، مەحکوم کراوە ئەگەروا نەکات ناتوانێ بژی و نەریت فڕێی دەداتە دەرەوەی خۆی و مەحکومی دەکەن بە مردن، کاتێ یەکێک لە دەرەوە لێی دەڕوانێ شتە باشەکانی بۆ خۆی دەگرێ. بەڵام مەحکومی ئەو لاسایی کردنەوەیەی ژیان نابێ و مەحکومی ئەوە نابێ کە ببێتە کۆپیەکی ئەو، بەڵکو بەپێی هەلومەرجی خۆی پێکی دێنێ. ئاشکرایە ئەو زانایانەی کە رێیان لە سەربباڵابوونی شارستانی رۆژئاوا کردەوە وەک تالیس، فیساگۆرس و ئەو کەسانە لە بابل و میسر فێری ئەستێرەناسی، ئەندازە، ماتماتیک و زۆر شتی تربوون. بەڵام ئەوانە وەک یەکێکی رۆژهەڵاتی کۆپییەیان نەکرد، بەپێی هەلومەرجی وڵاتەکەی خۆی گونجاندویەتی و شتێکی کە کەڵکی بۆ ئەوان هەبوو پێکیان هێناوە، ئەو سەربەست بوونە وای لێ دەکات کە شتێک لەڕەسەنەکەی زیاتر پێش بکەوێ. واتە رەسەنەکە چەندە رۆژهەڵاتیش بێ، بەڵام لەرۆژئاوادا زیاتر پێشکەوتن بەخۆیەوە دەبینێ.

لەرۆژی ئەمڕۆدا چ جیاوازیەک لەنێوان زهنی ئینگلتەرا و ئەمەریکا دا هەیە، تێبینی بکەن ئەمەرێگا کۆلۆنی ئینگلتەرا بوو، ئەمەریکا لەلایەن ئەوروپیەکانەوە دۆزرایەوە، ئەوان چوون لەوێ نیشتەجێ بوون، حوکمیان کرد و کردویانە کۆلۆنی

خۆیان. بەڵام ئەمەریکای ئەمڕۆ بەدەوڵەمەندێتی و هێزی فکری، ئابوری و ماددی لەهەموو جیهان دا بەهێزترینە، لە ئینگلتەرا و فەرەنساش بەهێزترە، هۆکارەکەی چیە؟ زهنییە، لەبەرئەوەی کە میتۆدی ژیانی مرۆڤێکی ئەمەریکی لەو کەسانەی کە لە ئەوروپاوە چووبوون لەوێ نیشتەجێ بوون نەک لەسەربنەمای مەحکوم بوون بەنرخی ئەوروپیەکان، بەڵکو بە فەلسەفەی نوێ لەسەر بنەمای پرۆتستانی ئەنگلۆساکسۆن کە تاکڕەوێتی لەرادەبەدەر و پراگماتیزمێکی لەرادەبەدەر لەسەربنەمای ئەوەی کە قازانج و بەرژەوەندی لەکوێ دایە، چۆن دەتوانێ بژی و سەربەست بێ، لەسەر ئەو بنەمایە ئەو دەسەڵاتداریە زەبەلاحەی بەدەست هێنا. کەسێک بڵێ خۆ ئینگلیز لەو مەزنتربوو چۆن توانی ئینگلیز تێپەڕێنێ؟ زاناترو دەوڵەمەندتر بوو هۆکارەکەی ئەوەیە. کاتێ مرۆڤی ئەمەریکی لە ئەوروپا دەرکەوت نەک تەنیا بەجەستە لێی دەرچوو و لەڕووی رۆحیش لە ئەوروپا دەرچوو. ئەو نرخەی لە ئەوروپا تۆماریان دەکرد نەیانکردە بنەما بۆ خۆیان، ژیانی خۆیان بەپێی بەرژەوەندی خۆیان دەست نیشان کرد، کەنەدا، مەکسیک، بەرازیل، شیلی و ئەرژەنتینیش لەهەمان کات دا دۆزرایەوە بۆ هەموو ئەوانە لەدواوەن، ئەمەریکا لەپێشەوەیە؟ لەبەرئەوەی ئەو زیهنیەتەی ئەمەریکا بەڕێوەدەبات زیهنی ئەنگلۆساکسۆنی پرۆتستانە، نرخی تاکڕەو و پراگماتیست ئاوا کرا، ئەوانەی کە خۆیان لە خووەکان پەراوێزخستووە و تەنیا لەچوارچێوەی بەرژەوندیەکانی خۆیدا دەجولێتەوە، بۆئەوەشە کاتێک یەکێکی یۆنانی شتێک لە ئاشورەوە فێر دەبێ ناچێ وەک ئاشور بژی وەک خۆی دەژی. ئەو شتانەی لە ئاشورەوە فێر دەبن، وەک لێ زیاد کردن نا، بەڵکو وەک جۆشێک دروست دەبێ و قات بەقات لێی زیاد دەکات و لەئاستی تەقاندندا گەورەبوونێک دروست دەکات لە شارستانی رۆژئاوا بەرامبەر شارستانی رۆژهەڵات، بۆ ئەوەیە کە دەبێ پرسەکان لەزهنیەتدا بەدوایدا بگەڕێین.

گرێی زهنیەت چیە؟ داخۆ زهنیەت بەشێوەیەکی دۆگماتیک لەچوارچێوەی پیرۆزکردنی خووەکاندا بگرینە دەست یان هەمیشە قاڵبی باوەڕی مێشکمان و هەڵسوکەوتی ژیانیی لەگەڵ زانستدا بەراورد بکەین و بژین؟ بەداخەوە تا ئێستا بەئەزبەرە ( لەبەرکردن) دەژین یان بەکۆپی کردنی شتی دەرەوەیان بە خووە کۆنەکانمان دەژین، بەهێزی نەریتەوە دەژین، هەردووش گۆڕانکاری دروست ناکەن، بۆ ئەوەشە زهنیەت هەموو شتێک دیاری دەکات، تەنانەت دۆخی ئابوریش دیاری دەکات. بۆ نمونە؛ عەرەب بۆری پترۆڵ بگرنەوە رۆژئاوا شێت و هار دەبن و لەهێز دەکەون کەواتە سەرچاوەی ماددیان لەدەستدایە، بەڵام زۆر دواکەوتوون تەنیا ئەو سەرچاوانە بەس نین بۆ ئەوەی مرۆڤ پێشکەوتن بەدەستبێنێ. زهنیەتی راست دەتوانێ بیابان بکاتە بەهەشت، زهنیەتی چەوتیش دەتوانێ بەهەشت بکاتە بیابان، دەبێ مرۆڤ لە مەسەلەی زهنیەتدا باش قوڵ بێتەوە، زهنیەت قاڵبگەلێکە دانراوە بەهێزی میتۆلۆژی و ئایینی تاکخودایی و بەدەزگای دەوڵەتیش خۆیان بەزۆرەملێیی چەسپاندووە، ئەوە دەبێتە تەگەرە لەرێی پێشکەوتندا، لەم ڕووەوە هەوڵی تێپەڕاندنی دران. بەڵام بۆچی سەرنەکەوتن راوەستە لەسەر ئەوەش دەکەین، بۆچی هەوڵی رێنسانس، رۆشنگەری و ریفۆرم توانی لە ئەورپا دۆگماتیزم تێپەڕێنێ و هەمیشە رووبەڕووی بنکەوتن و رووداوی تراژیدیش بۆوە.



شەهید رۆستەم جودی

# پێشخستنی ئابووری کۆمیناڵ

ئازادیی کۆمەڵگە
ناهیدە زەنگین



یەکێک لەو سیاسەتە و مژارەی کە کۆلۆنیاکان و تاڵانچێکان بەچڕی بەکاریدەهێنن بەسەرهەموویانەوە ئابووریە، هەموو شێوازێکی سیاسەتی ئابووری کۆلۆنیایی لەگەڵ خۆیدا بێناسنامەکردنی و کۆلۆنیایی کلتوری و بەشێوەیەکی کاریگەریانەش جینۆساید دەهێنێتە ئاراوە . بەدرێژایی ساڵان ئەو هێرش و تاڵانییەیی بەسەرکۆمەڵگەکان و بەتایبەتی بەسەرکوردیان هێناوە، چڕترینیان و بەرفراوەنترینیان و بێبەزەییترینیان بەتایبەتی لە دوو سەدەی ڕابردوودا هاتەئاراوە. لەو سەردەمەدا تاڵانی ئابووری و کۆلۆنیایی کە سەپێنرابوو بەسەرکۆمەڵگەکاندا لەڕۆژانی ئەمڕۆماندا بەشێوەیەکی سیستەماتیک کراوە بەشێوازێکی جینۆساید. ژێرخستن و دارمانی کۆمەڵگەیەک شیتاڵکردنەوەی شێوازی هەرە بەڕێوبەرایەتییە بەربەرێکەی داگیرکردنی ئابووریەکەیەتی، دوای لەدەستدانی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی خودی و لەدەستدانی کۆنترۆڵکردنی مامەڵەی ناوبازاڕیان دەبێتە هۆکار کە ئەوکۆمەڵگەیە مەحاڵە بەئازادانە بژێت، لەهەمانکاتدا دیلکردنی ئابووری و نکۆڵی ناسنامە دەبێتەوە بە هۆکاری بەکۆیلەکردنی کۆمەڵگە.

جینۆسایدی ئابووری ئاوێتەی جینۆسایدەکانی تر کراوە و دەرەنجامێکی سەختی هێناوتە ئاراوە و بەتایبەتی سەخترینیان لە کوردستان پەیڕەوکراوە، بەڵام ئەوگەلەی ڕووبەڕووی جینۆسایدی ئابووری بوونەتەوە درک بەم جینۆسایدە ناکەن و تەنانەت هەستیشی پێناکەن،

> **لەهەمانکاتدا پێویست دەکات کە جارێکیتر چەمکەکانی ئابووری سەرلەنوێ بونیادبکرێتەوە**

سەرەتا خاکەکەی داگیردەکەن و سەرچاوە دارایەکانیشی تاڵاندەکرێت و خەڵکەکەش چالاکی و پەیوەندیە داگیرکارێکان و تاڵانچێتی بە پرۆژە و بە سادەی دەزانێت، تەنها لەپێناو تێرکردنی سک و بەرژەوەندی تەسکی تاک و خێزان بپارێزرێت بەشێوەیەکی زانابوون یان نەزانانە دەبنە هاوبەشی ئەم جینۆسایدە، بەرامبەرهەموو جینۆسایدەکان وبەرامبەر

بە سیاسەتی بە کۆیلەبوونەکاندا کە سەرچاوەی هەموو ئەم نەهامەتییە جینۆسایدی ئابوورییە بۆ ئیدامەپێکردنی تاک و مانەوەی کۆمەڵگە وەک ڕەسەنێکەی خۆی بەرگری خودی»جەوهەری» مەرجی سەرەکییە. سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری بەتایبەتی ئەگەرلە رۆژانی ئەمڕۆماندا بیرلە کاریگەریەکەی بکەینەوە، دەبینین کە ئابووری کۆمۆنی دیموکراتی کە لەهەمانکاتدا دەتوانرێت وەک ناوەڕاستەقینەکەی پێی بووترێت بونیادنانەوەی ئابووری خۆبەڕێوەبەر ڕووبەڕووی هێرشی چڕوپڕ دەبێتەوە. لەهەمبەر ئەم هێرشە چڕوپڕەدا پێویستە کە بونیادنانەوەی ئابووری خۆبەڕێوەبەر و بەرگری ڕەوای جەوهەری ئاوێتەی یەکتربن. بەم شێوەیە کاریگەری ئابووری جەوهەری دەتوانێت تاڵانچێتی و داگیرکەریەکانی سیستەمی سەرمایەداری وەلابنێت، بەڵام لەهەمانکاتدا پێویست دەکات کە جارێکیترچەمکەکانی ئابووری سەرلەنوێ بونیادبکرێتەوە. چەمکەکانی بەرگری جەوهەری نەریتەکانی ئەمڕۆ و داهاتووش بەبنەما دەگرێت، لەهەمانکاتدا ئەوبەها بەنرخانەی کە ئەمڕۆ دەیخوڵقێنێت و ئەزمونە نوێیەکەشی دەپارێزێت. بەمشێوەیە ئەم

سیستەمە ئەو میراتەی کە دروستی دەکات بەڕێڕەوی زەمان دەوڵەمەندتری دەکات و ئەمەش ئەو بەها و ئەرکە پێویست و پیرۆزەیە کەدوای خۆی بۆ مرۆڤایەتی جێی دەهێڵێت. شانبەشانی پاراستنی ئەم بەهایەی کەلە ئارادایە و دەوڵەمەندتریشی دەکات و ئەو نوێکارییەی دەشیخوڵقێنێت بۆئەم مەبەستە ئابووری کۆمیناڵ بەرگری جەوهەری بەبناخە دەگرێت. بەم شێوەیە ئەم خاکە بەپیتە و ئاو و دارستان و رووەك و کانزا و دەوڵەمەندێکانی تر کە سروشتی ئەم جوگرافییە بە مرۆڤایەتی بەخشیوە ئەم سیستەمە ڕێگری لە بەهەدەردانی ئەم دەستکەوتانە دەکات کە دەوڵەت - نەتەوەی ناوەندگەراو و هێزە سەرمایەدارەکان و هاوکارە تاڵانچێکانیان کە دەیانەوێت بەهەدەری بەرن. دەتوانرێت بوترێت کە بەم شێوەیە رێگری دەکرێت لەو هێرشانەی کە تەنانەت لە بچوکترین بەهاکانی مادی بکرێت، تەنانەت رێگری دەکرێتیش لە تاڵانکردنی گەورەترین دەستکەوتیش، هەروەها ڕێگری دەکرێت لەهێرشەکانی سەرئەزمونەکانی مادی کلتوری ناوکۆمەڵگە، بەم شێوەیە ئەو هەوڵی تاڵانچێتی و کۆلۆنیایی دەوڵەت و سیستەمی سەرمایەداری بۆ داگیرکاری و بۆ کۆلۆنیاکردنی کۆمەڵگە و جوگرافێکەی هەمووی مایەپووچ دەکرێتەوە و دەزگاکانیان بێکاریگەر دەکرێت. دەتوانرێت بوترێت کە بەم شێوەیە هەموو ئەو هەوڵی دارمانی ئابووری کۆمەڵگە و بەهەژارکردنیان و هەوڵی بێ ئیرادەکردنیان و هەوڵی بەنامۆکردنی ئابووری تاکی کۆمەڵگە و سیاسەتی بەسیخوڕکردنی تاک لەلایەن سیاسەتەکانی ئەو زلهێزانەوە مایەپووچ دەبنەوە.

بەرگریکردن لە ئابووری بەرگری جەوهەری بەشێوەیەکی راستەوخۆیانە تەنها و تەنها چالاکیکانی ئابووری و بەهاکانی لەخۆناگرێت، بەڵکو هەموو ئەوانەی لەدەرەنجامی ڕەنجی کۆمەڵگە بەدەستهاتوون و هەموو ئەو دەستکەوتانەشی کەسەربە کۆمەڵگەن و خزمەتی کۆمەڵگەیان پێدەکرێت پاراستنەکانیان و پاراستنی بەها بەنرخەکانیشیان دەچێتە چوارچێوەی سیستەمی ئابووری بەرگری زاتییەوە.

> **سیستەمی کۆمۆن هەموو چەمکەکانی پێکەوە ژیانی کۆمەڵگە بەڕێکخستن دەکات و بە سیستەماتیکیان دەکات**

سەرلەنوێ بونیادنانەوەی هەستێکی ڕەوان و هزر و ئیرادەو بونیادنانەوەی ڕووحی بەشداربوون لە بەرهەمهێنان و خوڵقاندن و هەموو ئەم دەستکەوتانە بەسەرلەنوێ بەخوڵقاندنی ناسنامە و کەسایەتیەکی نوێوە دەتوانرێت بەرجەستە بکرێت. سیستەمی کۆمۆن ئەو کۆمەڵگە نوێیەیە کەسەرلەنوێ مرۆڤی نوێ دەخوڵقێنێت، هەروەها ئەو کۆمەڵگەیەیە کەسەرلەنوێ خۆی بونیاد دەکاتەوە.

ئەگەرکۆمەڵگەیەک گەشە بەزهنییەتی هاوبەشی خۆی بدات، لەهەمانکاتدا دونیای تێگەیشتنی و هەموو چەمکەکانی بواری ژیانی باشتربە ڕێکخستن بکات، ئەوە دەبێت بەباشترین کۆمەڵگەی بەرهەمهێنەر و خوڵقێنەروگەشەپێدان وجوانکاروخۆی زیاتروزیاتربە دەوڵەمەندتر دەکات.

سیستەمی کۆمۆن هەموو چەمکەکانی پێکەوە ژیانی کۆمەڵگە بەڕێکخستن دەکات و بە سیستەماتیکیان دەکات بەواتایەکیترلەناوکۆمەڵگەدا ئەم سیستەمە خۆی بە نەریتی هاوبەشێتی نوێی ناوژیان و ڕاوێژکاری هەمبەری و لەناو تاکدا یەکسانی دەخوڵقێنێت و ژیانێکە کەخۆی بە ئازادی ژیانی ناوکۆمەڵگەوە بەستۆتەوە. ئەو چەمکانەی کە سیستەمی کۆمۆن بەپێوە ڕادەگرێت، ئەویش پێکهاتووە لە رۆحی هاوبەشی و ئیرادەی ژیان و ئامانجی هاوبەشی بنگەیی و ئامانج و چالاکی و هەڵسوکەوتە هاوبەشەکەیە. یەکێک لە هۆکارە بنگەییەکان کە مەرجی دروستکردنی کۆمۆنە بێگومان دیموکراسییە. بناخەی چەمکەکانی کۆمۆن کە یەکسانی وئازادییە ئەمەش تەنها وتەنها بە کۆمەڵگەیەکی دیموکرات دەتوانرێت بەرجەستە بکرێت. لە دیموکراتی کۆمیناڵدا ناتوانرێت بە نوێنەرایەتییەکی هەڵخەڵەتێنەر ببرێت بەڕێوە، بەڵکو دەبێت بەچەمکی هزر و تێڕوانینێکی پاکژ و چالاکی خوڵقێنەرانە و بە رۆحێکی بەرپرسیارێتییەوە بەشداری تێدابکرێت. هەر کۆمەڵگەیەک یان نەتەوەیەک تەنها و تەنها دەتوانێت بە ئیرادەی جەوهەری خۆی و بە بڕیاری خۆی ،هەروەها بە هێزی جەوهەری کارسازی خۆیەوە دەتوانێت کۆمۆن پێکبهێنێت. بەهەرچی هۆکارێک بێت با ببێت لەناو کۆمەڵگەدا ناتوانرێت بە فشاری دەرەکی کۆمۆن بسەپێندرێت. هەروەکو چۆن خودی کۆمەڵگە خۆی و هەموو شێوازەکانی چەمکەکانی کۆمەڵگە و هەموو شێوازی ژیانی چالاکێکانی ناو کۆمەڵگە کە بیریان لێدەکرێتەوە کە سەرەتا دەبێت لە زهنیەتدا دروست ببێت، کۆمۆنیش بەهەمان شێوە سەرەتا دەبێت لە زهنیەتدا بەرجەستە بکرێت. زهنیەتی کۆمیناڵ بە بەرجەستەکراو بە راستێکانی خۆیەوە خۆی دەردەخات و لەهەمانکاتدا خۆی دەکاتە حەقیقەت، ئەگەر شێوازێک دوورلە زهنیەتیش بێتەئاراوە و ماوەیەکیش



وێنەی کۆمەڵێك ژن لە کاتی کارکردن

خۆی لەسەرپێبگرێت ئەگەرچیش کەمێک بە تواناش ببینرێت لەئاکامدا هەردووچاری هەرەس دەبێتەوە.

بەخورێ بوون و بەردەوامی زهنیەتی کۆمیناڵ تەنها و تەنها بە ڕێکخستنەوە مەحاڵ دەبێت، لەم چوارچێوەیەدا پێکهێنانی چوارچێوەی بە دەزگا بوونی ئابووری دیموکراتی کۆمیناڵ و پێشخستنی تیۆرێکەی و گەشەپێدانی دەزگاکانی و بونیادنانی پێداویستی تیۆری دەزگاکان و ڕێکخستنی پێشەوایەتی کردنیان و بوار و زەمینە خۆشکردنی سیاسەتی ئابووری جەوهەری کۆمەڵگە و پێشخستنی شێوازی تری چالاکی لەم جۆرانە تەنها و تەنها دەتوانرێت لەژێر چەتری ئاکادیمیای ئابووریدا بەدەست بخرێت. هەرشوێنێک کەباسی ژیانی ئابووری کۆمیناڵی لێکرا، واتا باس لە شوێنی کاری ئاکادیمیە ئابووریناسەکان دەکرێت. ئاکادیمیای ئابووری و جێگیرکردنی زهنیەتی ئابووری کۆمیناڵی دەبێت ببێتە سیاسەتی ناو کۆمەڵگە، هەرئەزمونێکی بواری کاری ئابووری و هەڵسەنگاندنی هەموو زانیارێکانی وگرنگی تەکنۆلۆژی ئێکۆلۆژێکان وپێشخستنی شێوازەکانی وئەوئەنجامانەی لەئاکامی کارەکانەوە دەردەکەون بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگە هەموو ئەمانە پێویستی بە پەروەردەی کۆمەڵگە هەیە لەبواری ئابووریدا. پێناسەکردنی نوێی زانستی ئابووری و بونیادنانەوەی ئابووری کۆميناڵ و دیموکراتیدا یەکەم هەنگاویان تایبەتمەندێکانێتی. کۆمەڵگەکان میکانیزمای هەموو جومگەکانی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی ژیان بونیاد دەنێن، ئەم شێوازە خۆی دەبێت بەخۆبەڕێوەبردن بۆ پێکهێنانی دیموکراتی و کۆنفیدراڵی تەواوی میکانیزمەکانی خۆبەڕێوەبردنی دیموکراتییە. ناخی کۆمۆن لەسەرئاستی زانست گەشە دەکات و بەشێکە لە ژیانی کۆمەڵگە، بەڵام ئەوەی لێرە مەبەستە کە دەوترێت ئێمە تەنها چەپکێک کۆمۆن و گرووپ و کۆمەڵگەکان نییە، بەڵکو جگە لە سەرمایە و لۆژیکی دەسەڵات و ئەوانەی بە زانابوونەوە بوونەتە هاوکاری ئەو شێوازەی سیستەمە نەخوازیارە کە بەنیازن بەناچار ئێمەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەخۆوە بچەسپێنێت. هەربۆیە پێویستە لەسەر ئەم بنەمایە ئەو کۆمۆنەی دادەمەزرێنرێت ناچارە کە کۆمۆنەکانی تریش بەئامانجی خۆی بزانێت.

**بەشێوەیەکی گشتی بەدروستکردنی چەمکەکانی ژیانی ئابووری کۆمۆن دەتوانرێت وەک کۆمۆنی دیموکراتی پێناسە بکرێت**

بەشێوەیەکی گشتی بەدروستکردنی چەمکەکانی ژیانی ئابووری کۆمۆن دەتوانرێت وەک کۆمۆنی دیموکراتی پێناسە بکرێت. ئابووری کۆمینالی دیموکراتیک چارەسەرییە بۆئەوژیانەی کەسەرلەنوێ بۆ مرۆڤ بەرجەستە دەکات کە سەرمایەداری دەیەوێت لەڕێگای کرێکارەوە قازانج بەدەست بخات و بێکارانیش بکات بە کۆیلە. هەرکاتێک راستی کۆمیناڵ کرا بە بوونێکی حەقیقەت ئەوکات بوارەکانی ئابووری ولەبواری بەرگری جەوهەریشدا بەرچاوترین دیاریکردنی جومگەکانی کۆمەڵگەیە. لەهەرشوێنێک دەبێت با ببێت مرۆڤێک کە دەتوانێت بەشداری ناو سیستەمی کۆمیناڵەوە لەم حاڵەتەدا ئابووری کۆمۆنیش لەلایەن هیچ ڕەوشێک و هێزیکەوە ناتوانرێت ڕێگری لەپێشکەوتنی بکرێت. رەوشی دەرەکی و مادی تەنها و تەنها شێوازو شێرازەکانی کاریگەری لێدەکات، ئەوەی رۆڵی دیاریکردن دەگێڕێت هزر و ئیرادە و چالاکی و بڕیار و هێزی کاری کۆمەڵگە خۆیەتی. کۆمەڵگەیەک کە بڕیاری پێکهێنانی ژیانی کۆمینالی دابێت لەهەرشوێن ولەژێر هەر بارودۆخێکدا دەتوانێت ئابووری خۆی لەسەربناخەی کۆمیناڵ بونیادبنێت. بۆ ئەوەی کۆمەڵگە بەردەوامی بە ژیانی خۆی بدات و بۆ ئەوەی ئەو پێداویستیانە پێویستی پێیەتی بەدەستی بخات ئەوچالاکیانەی بۆ ئەم ئامرازە بەکاریدەهێنێت و پەیوەندێکانیشی دەتوانێت لەچوارچێوەی ئەوئابووریەدا هەڵسەنگێنێت. لەم چوارچێوەیەدا ئابووری کۆمیناڵ دیموکرات بەشێوەیەکی گران ئەوئابوورییە دەرەکی گشتییە دەخاتە ناوچالاکێکانی خۆیەوە. گۆڕانکاری بەهاکانی ئەمانەش تەنها بەویستی بەرجەستەکردنی داخوازێکانی کۆمەڵگە ولەلایەن دیاریکردنی کۆمەڵگەوە قەبوڵ دەکرێت. ئابووری کۆمیناڵ بەڕەواکردنی لەناویاساکاندا ولە حقوق ونەک بە شێوازە بابەتیەکان، بەڵکو بەسروشتی کۆمەڵگە و ڕەوشت و سیاسەتی کۆمەڵگە تایبەتمەندی خۆی وەردەگرێت. ئابووری کۆمیناڵ تەنها بەدیموکراسی ولەسەربناخەی ئازادیخوازانە ژیانی هاوبەش پێکدەهێنێت، ئەمەش ئەوکۆمەڵگەیانەی باوەڕیان پێیەتی و بەزانستەوە لێی نزیک دەبنەوە و بەڕێکخستنی پێداویستی ئەمە بەرجەستە دەبێت و چالاکی ئەمە دەڕەخسێنێت ئەمەش لەڕێگای گەلان و نەتەوەکان و هێزی کۆمەڵگەوە بونیاد دەنرێت. ئەودارمانەی کەلە ژیانی ئەمڕۆماندا ڕووبەڕووی کۆمەڵگەکان بوونەتەوە و کێشە گەورەکانی و بێچارەسەری لەهەمبەریدا یەکێک لە هەرە سەرچاوکەی ئەوەیە کە هێزە باڵادەستەکان چەمکەکانی ئابوورییان لەژێر دەستی کۆمەڵگە نەهێشتۆتەوە. بەواتایەک فشاری سیاسی و ئەسیملاسیۆنی کلتوری و سەپاندنی سەربازی زۆرەملێ و سەپاندنی چوارچێوەی حقوقی وەک ماف لە بنەڕەتیدا دەیانەوێت ئەم کۆلۆنیایە رەوا بکەن و داگیرکارێکەی پەردەپۆش بکەن. هەموو چەمکەکانی کۆلۆنیایی و کۆیلایەتی سەرچاوەکەیان داگیرکاری ئابوورییە، ئەگەر چەمکەکانی ئابووری ئازاد بکرێت، لەهەمانکاتدا کۆمەڵگە و سروشتیش ئازاد دەبێت. ئابووری و بەسەر هەموویانیشەوە ژن کە خوڵقێنەری ئابوورییە وهەموو هێزەکانی ناو کۆمەڵگە کە لە ئابووری دوورخراونەتەوە و چینەکان و بەواتایەکی گشتی کۆمەڵگە و ئەوئەندامانەی ئەگەرئابووری کۆمۆن لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیدا بیانهێڵێتەوە ئەوە بەواتاتریان دەکات. سەرچاوەی ئابووری کۆمیناڵ ئەگەڕێتەوە بۆ قۆناخی سروشتی کۆمەڵگە کە سەد هەزار ساڵە و بۆ قۆناخی نیۆلۆتیک، قەدەری هەموو دابەشکارێتی ڕۆژانی ئەمڕۆمان و هاوبەشیتی بوون و یەکسانێتی و ئازادیخوازی و بزووتنەوە راوێژکارێکان و بازرگانێکان پشتی بە ئابووری کۆمیناڵ بەستووە ولەهەمانکاتدا ژیانی هەروەرزکاری کۆمینالی مرۆڤایەتی لە حافیزەی کلتوری خۆیدا سودێکی باشی پێبەخشیوە، ئابووری کۆمینالی دیموکراتی و ئەوبەهایانەی کۆمیناڵ کە مرۆڤ خوڵقاندویەتی و کێشەکەی و چەمکەکانی و جوڵانەوەی بەگوێرەی رەوشتی رۆژانی ئێستاماندا بەسیستەماتیک کراوە و سەرلەنوێ بونیادنانەوەی ئابووری بەبناخە دەگرێت.

# ئابووری کۆمیناڵ

ئازادیی کۆمەڵگە
نەجلا باکر



ئابووری (ئێکۆنۆمی) چ وەکو چەمکێک و چ وەکو مانا یۆنانییەکەی بە واتای «ژیانی بنەماڵە، دەستووری ماڵ و ڕێسای بەخێوکردنی ماڵە. ئێکۆنۆموس بە واتای؛ یاسای ماڵ، ئەو کارانەی کە ژن ئەنجامی دەدا، کاری نێوماڵ و بە گشتی ئەو کارانەی کە پەیوەندییان بە ژنەوە هەیە.

ئابووری کۆمیناڵی مودێرنیتەی دیموکراتیک، ئاڵتەرناتیڤی خۆداسەپاندنی ئابووری لیبراڵ و دەوڵەتگەرای مودێرنیتەی سەرمایەداریە. نزیکایەتییەکی بەو شێوەیە لە گۆڕەپانی ئابووری کە تەنیا خۆدەسپێرێتە بازاڕو شتومەک لە جێگای خۆیدا نییە و لە ڕاستی دا دانووستاندنێک کە لە سەربنەمای دابەشکردن بێ نزیکایەتییەکی ڕاسترە. ئابووری کۆمیناڵ داهێنانێکی نوێ یان دۆکتۆرینێک نییە، بەڵکو مودێلێکی ئابوورییە کە ئامانجی سەرەکی ئەوەیە کە کۆمەڵگە لە سەرپێی خۆی ڕاوەستێ وبتوانێ درێژە بە هەبوونی خۆی بدات. بنەمای ئابووری خۆبەڕێوەبەر، سەرمایەداری تایبەت و سەرمایەداری دەوڵەتگەرا بە بنەما ناگرێ. بنەمای ئابووری دیموکراسی خۆی دەسپێرتە پیشەسازی ژینگەپارێزو ئابووری کۆمۆن. ژینگەپارێزی و کۆمەڵگەی دیموکراتی، هێڵی سنوری دەستڕۆیشتووی پیشەسازی، گەشەسەندن، تەکنۆلۆژی و بەکارهێنان و مولکییەت دیاردەکەن.

ئابووری کۆمیناڵ خۆی دەسپێرێتە پارادیگمای کۆمەڵگەی دیموکراتیک – ژینگەپاریێ و ئازادی ژن.

ئابووری کۆمیناڵ سیستەمێکی دیموکراتی و ژینگەپارێزە کە بڕیاری ڕاست سەبارەت بە پێداویستییەکانی کۆمەڵگە، ڕێژەی ئەو پێداویستیانە و تایبەتمەندییەکانیان، بە چ ڕێبازێک و کەرەستەیەک دەستەبەردەکرێن، لە سەر بنگەی چ بنەما و پەرەنسیپێیک ئەو پێداویستییانە دابین دەکرێن دەدات. لە شێوازی ژیانی ئابووری ژینگەپارێز دا، لە بەرهەمهێنان دا سیستەمی کۆمین - کۆپەراتیڤ (تەعاونی – هەرەوەزی) بە بنەما وەردەگرێ و لەو پێناوەدا ئەو بڕیارانەی کە کۆمەڵگە وەری گرتووە، کۆمەڵگە بۆ خۆی ئەیخاتە واری کردارەوە.

کۆمین یان جڤاتی دیموکراتیك و ئازاد، لە سەربنەمای تاکی دیموکرات بونیاد دەنرێ. ئەگەر بەشداری کۆمین نەبێ و کۆمینانە ژیان نەکات، تاکی ئازادیش بوونی نابێ. کۆمینەکان گوزارە لە هەموو جیاوازییەکان دەکات و ئامێزیان بۆ دەکاتەوە، لە هەموو گۆڕەپانەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دا بوونیان هەیە. ئەوەی گرنگە، تاک بە پێی لێهاتووی، ڕەنج و فیداکاری خۆی لە جێگای شیاوی نێو کۆمین دا جێگا بگرێ.

وەك چۆن سەرجەم دابونەریتە مێژووییەکان، بناخەی مودێرنیتەی دیموکراتیک پێکدێنێ. لە سەرەوەی هەموویان نەریتی پشتیوانیکردن لە یەکدی و ئابووری کۆمیناڵ ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن. ئابووری کۆمیناڵ، یەکەی بناخەیی نەتەوەیی دیموکراتیکە. نەتەوەیی دیموکراتیک و مودێرنیتەی دیموکراتیک لە سەربنەمای ئابووری کۆمیناڵ گەشە دەستێنێ.

ژن و ئابووری:

ئابووری مژارەکانی پاراستن، پەنادان و خواردنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە خۆ دەگرێ و لە ڕاستی دا گۆڕەپانی ژیانی کۆمەڵایەتییە. هەبوونی کۆمەڵایەتی لە ڕووی مادییەوە و درێژەپێدانی، لە هەمانکات دا ئافراندنی نرخە مەعنەوییەکانی پەیوەندی بە گۆڕەپانی ئابوورییەوە هەیە و لەم گۆڕەپانەدا گەشە دەستێنێ. لە بەرئەوە ئابووری تێکڕای هەبوونی کۆمەڵایەتی لە خۆ دەگرێ و لەو لایەنەوە نموونەیە.

شۆرشی نیۆلۆتیکی گوند-کشتوکاڵ بە پێشەنگایەتی ژن پەرەی سەند وبەوشێوەیە ڕێڕەوی پێشکەوتنی ژیانی مرۆڤایەتی گۆڕی.

لە دەورووبـەری ژن یەکەمین بنەماڵەکان کـە لـە سـەربـنـەمای کـشـتـوکاڵ ژیـانـیـان بەڕێدەکرد، پێکهات و هەرچەندە کەمیش بێ، دەرفـەتی کۆکـردنـەوە و عـەمبارکـردنی خــواردن لـە پێـنـاو درێــژەدان بـە ژیـان دا، پێشکەوت و بەو شێوەیە ئابووری لە دایک بوو.

ئەو ئابوورییە کۆمەڵایەتییەی کە لە کۆمەڵگەی سروشتی دا پێشکەوت، لە دوای دامەزراندنی دەوڵـەت لە جەوهەری خــۆی دوورکــەوتــەوە، هـێزی ئـافـرێـنـەری نەما و لـەگـەڵ نـاوەڕۆکی خـۆی دا بێگانە کـەوت و بـەو شـێـوەیە لـە دژی ئـازادی ژن، ژینگەپارێزی، هاوئاهەنگی لەگەڵ سروشت و کۆمەڵایەتیبوون دەرکەوت.

کێشـەی ئـابـووری، لـە بنـەمادا لـەگـەڵ دوورکـەوتـنـەوەی ژن لـە ئـابـووری دەسـتی پـێـکـرد. بـە گـشـتی لـە درێــژایـی مـێژووی شـارسـتـانی دا و بـە تـایبـەتی لـە سـەردەمی مـودێـرنـیـتـەی سـەرمـایـەداری دا لـەگـەڵ پەراوێزخستنی ژن لـە ئـابووری و ڕۆڵگێڕانی زیـاتـر پـیـاو لـەم گـۆڕەپـانـەدا، ئـابـووری بۆ خــۆی بــووە بـە گـرێـکـوێـرەی کـێـشـەکان. لــەم سـەردەمــەدا ئـابــووری بـنـاخـەکـەی لــە ســەر پـــارەی ڕەش، هــەمــوو جــۆرە پلەداریەك»هیرارشییەک»، دەسەڵاتداری و پاراسـتـنی هـەبـوونی دەوڵــەت دانــراوە و وەکو گۆڕەپانێک بۆ خۆداسەپاندن بە سەر کۆمەڵگە دا کەڵکی لێوەردەگیرێ.

پـەراوێـزخـسـتن و دوورخـسـتـنـەوەی ژن لـە ئـابـووری و بـە تـایبـەتی لـەو ئـابـوریـیـەی کـە بـنـاخـەی پـێـداویـسـتـیـیەکانی ژیـانـە، لە سـەردەمـە جـیـاوازەکـان دا بــووە بـە هـۆی دروستـبـوونی چـینـایـەتی دەوڵـەتـگـەرا و سیستەمێکی چەوسێنەرەوە. هۆکارەکانی پەراوێزخستنی ژن لە ئابووری ئەمانەن:

* بێنرخ بینینی ڕەنجی دایـک و بێنرخ کردنی ئەونرخانەی ژیان کە لە دەورووبەری ژن دا گەشەیسەند.

*لـەگـەڵ دەسـتبـەسـەراگـرتنی ڕەنـج و پێگەی ژن، ژێروژوورکردنەوەی ژیان.

* چەواشەکاری لە چەمکی ئابووری دا.

لــەم ســەردەمــەدا مـودێـرنـیـتـەی سـەرمـایـەداری جـەسـتـەی ژن وەکـو کاڵا دەبینێ، بـەو شـێـوەیە کۆمەڵگە لـە نرخە پـیـرۆزەکـانی دوور دەخــاتــەوە و ڕێـگـا بـۆ بەرژەوەندیخوازی و هەرزەیەتی دەکاتەوە.

**زانستی ئابووری وەکو بەشێک لە زانستی ژن گەشەی کردووە**

ژن بـە نـزیـکـایـەتی و تـایـبـەتـمـەنـدی ئـابـووری کۆمیـنـاڵی دیـمـوکـراتـیک، پێگە و نرخی ژن- دایـک دەگـەڕێـنـەوە بۆ خـاوەنە ڕەسـەنـەکـەی کـە ژنـە و کاتێ ژن لـە هەموو گۆڕەپانەکانی ژیـان (وەکـو هێزی پێشـەنگی سیاسـەتی دیموکراتیک) لـە سـەربنـەمای ئەونرخانە بـوو بـە خـاوەن گـوتـن، بڕیـارو هێزی چالاکی و جێبەجێکردن، ئیدی ئەو کاتە هەموو ئەوکێشانەی لە ڕۆژی ئەمڕۆدا لە ئارادایە، چارەسەردەکرێن و تەنیا ڕێگای چارەسەریش هەرئەوەیە.

ئــەگــەر بــمــانــەوێ لـــە ڕووی کۆمەڵناسییەوە ئـابووری پێناسـە بکـەین، ڕاسترین پێناسە ئەوەیە کە زانستی ئابووری وەکـو بـەشـێـک لـە زانـسـتی ژن گـەشـەی کـردووە. لە ڕاستی دا ئابووری یەکێک لەو گـۆڕەپـانـە کـۆمەڵایەتیانـەیـە کـە ژن ڕۆڵی سەرەکی تێدا گیراوە. بە درێژایی مێژووئەرکی دابینکردنی خواردنی منداڵان و دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانی کۆمەڵگە هەتا ڕۆژی ئەمرۆ وەکو بەرپرسیاریەتییەکی ژن بـووە، لـەو چـوارچـێـوەیـەدایـە کـە ئـابـووری وەکو گۆڕەپانی ژیانی ژن پێناسە دەکرێ.

لە بەرئەوە بۆ خاوەنداریکردن لە نرخە کۆمیناڵەکان، بۆگەشەدانی زیهنی و پاراستن و بـونـیـادنـانی، دەبێ ژنــان بـە شـێـوەیەکی چـالاک بـەشـداری گـۆڕەپـانی ئـابـووری بن. بـۆ ڕزگـاربــوون لـە هـێزی کـاری هــەرزان و هەڵووشاندنی لە لایەن جەستەیی – ڕۆحی – هەستیارییەوە، دەبێ ژنان بە شێوەیەکی ڕاست خاوەنداری لە ڕەنجی خۆیان بکەن.

نزیکایەتی ئابووری ژینگەپارێز:

زانــسـتی ژیـنـگـەپـارێـزی و ژیـانـی ژیـنـگـەپـارێـزانـە، بـنـاخـەی ئـەونـرخـە مـرۆڤـایـەتـیـانـە پێکدێنێ کـە کۆمەڵگە خـوڵـقـانـدویـەتی، بـە واتـایـەکی دیکـە گەڕانەوەیە بۆ باوەشی سروشت. زانیاری ژینگەپارێزی، زانیاری کۆمەڵایەتیبوونە.

کـۆمـەڵـگـەی سـروشـتی ڕاسـتـیـنـەی سانای کۆمەڵگەی ژینگەپارێزە. کۆمەڵگەی سروشتی مرۆڤایەتی بە ڕێگا کۆکردنەوەی بـەروبـوومی سـروشـت و ڕاوچـیـیـەتـیـیـەوە دەبـاری ژیـانیان دەکـرد، دۆستی سروشت بـوون، لـەگـەڵ سـروشـت دا لـە نـاوئاشتی دا دەژیا و شێوازێکی هاوئاهەنگی سروشتی پـەیـڕەو دەکـرد و ئـەوەش لـەگـەڵ خـۆیـدا ژیانی ئازاد، دیموکراتیک و کۆمیناڵی گەشە پێدابوو. هەبوون و جیاوازیەکی دیکە کە لە کۆمەڵگەی سروشتی دا پیرۆز دەبینرا و پێگەیەکی پیرۆزی هـەبـوو، ژنـە. نزیکایەتی ژینگەپارێزی و کۆمیناڵ گرنگترین پێویستی کۆمەڵگەی ئەخلاقی و سیاسییە.

بنـەماکانی کـاروبـاری کۆردیناسیۆنی ئابووری:

- پـارادیـگـمـایـی دیـمـوکـراتـیـک، ژینگەپارێز، ئـازادی ژن لـە چـوارچـێوەیی ڕێنمای «ئابووری» خۆی دا، بە تایبەتی لە کـوردسـتـان هـەوڵ ئـەدا لـە سـەرانسـەری جوگرافیای میزۆپۆتامیا لە پێناوبونیادنانی

نەتەوەیی دیموکراتیک و مودێرنیتەی دیموکراتیک لە هەموو گۆڕەپانەکان دا لەو پێناوەدا پەرە بە تێکۆشانی زیهنی بدات و بناخە بۆبە کردەوەیی کردنی ئامادە بکات.

- لە کاتێک دا ژن پەرەی بە نەریتی کشتوکاڵ- گوندنشینی دا، لە هەمانکات دا پێشەنگایەتی بۆ شۆڕشی نیۆلۆتیک و کلتوری ئابووری کردووە، کەچی سیستەمی مودێرنیتەی سەرمایەداری لە جێگای کلتوری ئابووری ژن، پەرەی بە ئابووری بازرگانی قۆرخکار، بە سیاسەتی چەوتی ئابووری مرۆڤی لە خاک، کلتوری و سروشت دوورخستۆتەوە. دەبێ لە دژی ئەوە پەرە بە نزیکایەتییەک لە سەربنەمای ئابوورییەکی کۆمیناڵ، دیموکراتیک و ژینگەپارێز بدرێ.

- بۆ وەرچەرخان لە دۆخی پەراوێزخستنی ژن لە گۆڕەپانی ئابووری و لە جێگای ئەوە سەردەستکردنی چەمکی مودێرنیتەی سەرمایەداری بە زیهنیەتی پیاو، پێویستی بە ئافراندنی چەمکێکی ئاڵتەرناتیڤی زارەکی هەیە و دەبێ بە شێوەیەکی خێرا گۆڕانکاری لە چەمکە زارەکییەکانی ئابووری دا ئەنجام بدرێ.

- بۆ چالاکبوونی ژن لە گۆڕەپانی ئابووری دا، دەبێ لە گۆڕەپانی دیکە دا کۆمین و کۆپەراتیڤی تایبەت بە ژنان دامەزرێندرێ و بە گرنگی تایبەتی پێبدرێ و بە شێوەیەکی جدی بخرێتە واری جێبەجێکردنەوە.

- کۆردیناسیۆنی ئابووری ژن لە ئەنجومەنی هەرێمەکان، لەو ئەنجومەنانەی کە لە هەرێمە جیاوازەکان و گەڕەکەکان دا دامەزرێندرێن، وەکو کۆمیتەی ئابووری و کۆمین و کۆپەراتیڤی تایبەت بە ژن بەرێکخستن بکرێ.

- هەموو دامەزراوە ئابوورییەکان لە چوارچێوەی ئاکادیمییەکان دا مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ، چارەسەرییان بۆ بئافرێندرێ و لە پێناو ئەوە ناوەندەکانی پەروەردە بکرێتەوە و لە سەر چۆنیەتی کارکردنی کۆپەراتیڤ پەروەردە بدرێ و ئاکادیمیەکانی ئابووری لێکۆڵینەوە لە سەر زانستی ئابووری ئەنجام بدەن.

- ئەو دەزگا جیاوازانەی لە گۆڕەپانی ئابووری دا رۆڵ دەگێڕن، بەڕێوەبەرییەکی مەدەنی کاروبارەکانیان کۆردینە بکرێن.

کاروخەباتی ئابووری :

*ئاکادیمی ئابووری ژن (بەرنامەی پەروەردە ئامادە دەکات، وەردەکارییەکانی دەسنیشان دەکات، بە شێوەیەکی هاوئاهەنگ لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگاکان خولەکانی پەروەردە رێکدەخات).

*یەکینەی ئابووری بەڕێوەبەرایەتی خۆجێی (لە چوارچێوەی بەڕێوەبەرایەتی خۆجێی دا، رۆژەڤی کاروچالاکییەکانی ئابووری دەسنیشان دەکات).

*کۆمینەکان (لە هەر گۆڕەپانێک دا بە پێی پێداویستییەکان بە شێوەیەکی شیاو کۆمینەکان دادەمەزرێندرێن و تێیاندا ژنان بە شێوەیەکی هاوبەش دەرفەتی بەرهەمهێنان دەخوڵقێنن).

*کۆپەراتیڤەکان (کۆپەراتیڤەکان بۆ کاروخەبات لە هەرێمەکان دادمەزرێندرێن و دواتر بۆ ئەو بەرهەمانەی کە لەلایەن کۆمینەکانەوە بەرهەم دەهێندرێن هەوڵ بۆ ئافراندنی بازاڕبۆیان دەدرێت).

کاروچالاکییە پراکتیکیەکان:

لە سەربنەمای رێنمای ئابووری کۆمیناڵ لەساڵی ٢٠١٤ وە لە پێناو وەرچەرخانی زیهنی و رێکخراوەبوون لە گۆڕەپانی ئابووری دا کارو خەبات دەستی پێکردووە. لە کۆنفرانسی ئابووری دیموکراتیک دا ئەو کێشانەی کە ئابووری باولە ناوچە جیاوازەکان دا خولقاندوویەتی دەسنیشان کران و بڕیاری پێویست بۆ بونیادنانی ئابووری کۆمیناڵ و دیموکراتیک لەو ناوچانەدا وەرگیران. لەو گفتووگۆیانەی لە سەرژن و ئابووری لە کۆنفرانسەکەدا کران، باس لە سەر بەشداری ژن لە گۆڕەپانی ئابووری،

> **بونیادنانەوەی ئابووری بە پێی زمانی ژن ( خاوەن کار، کرێکاری، سەرلەنوێ سەرەڕاست کردنەوەی چەمکی کرێکاری هەرزان لە سەر بنەمای وەرچەرخانی زیهنی)**

چۆنیەتی خۆداسەپاندنی ئەو ئابوورییەی ئێستا لە ئارادایە بە سەرژن دا، سەرلەنوێ بونیادنانەوەی ئابووری بە پێی زمانی ژن ( خاوەن کار، کرێکاری، سەرلەنوێ سەرەڕاست کردنەوەی چەمکی کرێکاری هەرزان لە سەربنەمای وەرچەرخانی زیهنی) ، هەروەها لەم گۆڕەپانەدا ژنان چۆن بەرێکخستن دەکرێن، (ئافراندنی ناوەندی بەرهەمهێنان لە سەربنەمای هێزی جەوهەری ژن، چۆنیەتی گەشەدان بە کۆمین و کۆپەراتیڤەکان) کرا. لە هەمانکات دا راوەستە لە سەر پێویستی دیسیپلینی جەوهەری، بنەما سەرەکیەکان، بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی ئەخلاق و سیاسی لە سەر بنەمای هەرەوەزی و بنەما سەرکییەکانی ژیانێکی بەو شێوەیە وبە کردەوەییکردنی ئەو نرخانە گفتووگۆ و هەڵسەنگاندن کرا. لە کۆنفرانسی ژن و ئابووری ئەمساڵیش دا لە سەر پێکهێنانی یەکەمین شانەکانی رێکخستنی لە سەربنەمای رێنمای ئابووریی کۆمیناڵ ودیموکراتیک، ئەو کێشانەی

هاتنە ئاراوە و چۆنیەتی پەرەدان بە نزیکایەتی پراکتیکی نوێ گفتووگۆ ئەنجام دران. (شۆرشی گوندنشینی نیۆلۆتیک، کشتوکاڵ و ژن، پیشەسازی و پیشەسازی ژینگەپارێز، ژن و ڕەنج، نزیکایەتی لە بەرانبەرڕەنج، کاروخەباتی کۆمین و کۆپەراتیڤەکان).

دەسنیشانکردنی گرینگرتین کێشە و ئاستەنگییەکانی بەردەم کاروخەباتی پراکتیکی:

لە دوای ئەنجامدانی کۆنفرانس، لە ژێر ڕووناکی پەرسپەکتیڤی ئابووریی کۆمیناڵ و دیموکراتیک لە ناوچە جیاوازەکان کۆمینەکانی ژنان دامەزرێندران. گرنگترین کێشە و ئاستەنگ بەردەم کاروخەباتی کۆمین و کۆپەراتیڤەکان، نەبینینی ڕەنجی ژن لە ئابووری، بەرهەم هێنان و بازاڕلە گوندەکان و جێگا نەدان بە رۆڵگێڕانی ژنان لەم گۆڕەپانەدا و سەردەست بوونی گووتەی پیاو. لە شارەکانیش بە شێوەیەکی ڕەها ژن تەنیا وەکو هێزی هەرزانی کار دەبینرێت. گرنگ نەبینینی ژن و ڕەنجەکەی (لە نێو ماڵ، بەخێوکردن و مەزنکردنی منداڵەکان و کارەکانی دیکەی ماڵ) یەکێکی دیکە لە ئاستەنگییەکانە. بە شێوەیەکی گشتی ژن لە سروشتی خۆی، خاکی خۆی و ڕەنجی خۆی بێگانە کراوە و ڕەنجی ئەو تەنیا بە ڕەنجی نێو ماڵەوە سنووردار کراوە و بەو شێوەیە سێبەرێک لە ژن ماوەتەوە. لەم ماوەیەدا گەورەترین ئاستەنگی کە لە نێو کاروخەباتی پراکتیکی دا ڕووبەڕووی بووینەوە ئەوە بوو کە ژن زۆر هەژار، بێدەرەتان و وەکو هێزی کاری هەرزان دەبینرا. زۆر جار ژنان وەکو کرێکاری وەرزی، ژنی ماڵ، کرێکاری نێو مەزراکانی کشتوکاڵ، هێزی کاری هەرزانی کارگەکان، کرێکاری بێ گرێبەستی کەرتی خزمەتگوزاری، بێ ئەزموون و وەکو کەسێکی کە شایانی ڕێزگرتن لە ڕەنجەکەی نابینرێ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ و بەو شێوەیە لە ئابووری دا جێگا دەگرێ. لەو شوێنانەی ژن لە کەرتی بەرهەمهێنان دا جێگا دەگرێ، لە لایەن سیستەمی مودێرنیتەی سەرمایەداریەوە وەکو جەستەی پارچەپارچە دەکرێ و بەو شێوەیە دەخرێتە خزمەتی سیستەمی مودێرنیتەی سەرمایەداریەوە. کاتێ نکۆڵی لە رەنجی ژن لە نێو ماڵ دا دەکرێ، تەنیا لە ڕووی سیستەمی ئابوورییەوە نا، بەڵکو ژن بە شێوەیەکی توندتر بە پیاو دەبەسترێتەوە و وەکو کەرەستەیەک دەرفەت خولقێن بۆ بەردەوامی کۆمەڵگە (لە ڕووی ڕەگەزییەوە و وەچەخستنەوە) چاوی لێدەکرێ و ئەو ژنانەش کە بە شێوەیەکی تاک لە سیستەمی ئابووری دا جێگا دەگرن، جارێکی دیکە دەبن بە هۆکارێک بۆ درێژەکێشانی ئەو سیستەمە ئابوورییە.

پێویستە ئابووریی کۆمیناڵ و دیموکراتیک چارەسەری بۆ ئەو کێشانە بدۆزێتەوە و بە پشتبەستن بە هێزی دینامیکی جەوهەری خۆی ئاڵتەرناتیڤیان بۆ بخولقینێ. ئاشکرایە پراکتیک و بەڕێوەبردن ئابووری ژن، بە بێ پێشەنگایەتی ژن لە بەڕێوەبەری ئابووری دا دەرفەت نییە.

مودێلی کردەوەیی کۆپتەراتیڤەکانی ژنان (ژنان لە بەرهەمهێنانی کەرتی کشتوکاڵ و ئەوزانیارییەی لەم لایەنەوە هەیانە بخرێتە خزمەت بەرهەمهێنان و فرۆشتنی بەرهەمەکانەوە لە ژێر چەتری کۆپەراتیڤەکەدا؛ کۆپەراتیڤەکانی تۆو: BİKAD KOOP ...)

لە ژێر چەتری کۆپەراتیڤەکان دا بە گرانی کاری کشتوکاڵ، ڕستن و چنین و کاری هاوشێوەی ئەوانە کە بەرهەم دەخولقێن پەرەی پێبدرێ.پرۆژەی مودێلی نموونەیی بۆ بەشداری ژنان لەم گۆڕەپانەی بەرهەمهێنان دا ئامادە بکرێن. لەم کارانەدا بە گشتی لە کاتی بازاڕ، فرۆشتن و ئەو شوێنانەی بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکان دەسنیشان کراون، کێشە وئاستەنگی دێنە ئاراوە. لە جێگای نزیکایەتی باوکە ئێستا لە بازاڕەکان دا پەیڕەو دەکرێ، دەبێ بە ڕوانین و تێگەیشتنی ژن خاڵی فرۆشتنی نوێ دامەزرێندرێن. بێجگە لەوە ژنان بەشداری بەرهەمهێنان لە گۆڕەپانی دیکەدا بکرێن و زانیاری بەرهەمهێنانیان گەشەی پێبدرێ بۆ ئەوەی لە کارو خەبات دا بەشدار ببن. لەم لایەنەوە گەورەترین کێشە کەمبوونی زانیاری ژنان لە گۆڕەپانی بەرهەمهێنانی پێشەسازییە.

لەلایەن سیستەمی مودێرنیتەی سەرمایەداریەوە زانست و ڕەنجی ژن لە بواری کشتوکاڵ و بەخێوکردنی کۆمەڵگە بێ نرخ کراوە و لە جێگای ئەوە لە گۆڕەپانە جیاوازەکان دا تەکنیک و زانیاری تەکنیکی پەرەی پێدراوە. لەم سەردەمەدا لە گۆڕەپانی بەرهەمهێنان دا و لە قۆناخەکانی بەرهەمهێنان دا زانستی پەیوەندیدار بەو گۆڕەپانانەوە پارچە پارچە کراوە و لەگەڵ بێکاریگەرکردنی ژن لەم گۆڕەپانانەدا، ڕێگری لەوە دەکرێ کە ببێ بە خاوەن زانستی پێویست.

دەبێ لە گوندەکانیش ژنان لە کەرتی بەرهەمهێنان دا کۆبکرێنەوە و بەهێزکردنی ژنان لە کەرتی بەرهەمهێنان دا، بەڕێکخستن بکرێ و بەو شێوەیە پلانی کارو خەبات ئامادە بکرێ. دەبێ هەموو کاروچالاکییەکان لە ژێر چەتری کۆمین و کۆپەراتیڤەکان دا بەڕێکخستن بکرێن.

# بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوین و ڕێگەچارەکانمان



ئازادیی کۆمەڵگە
بەهرام ڕەحمانی
لە فارسییەوە: دڵشاد خۆشناو

ڕۆژهەڵاتی ناوین، ئەو ناوچە پڕشەڕشەقەی جیهان بۆ هەمووتان ناوچەیەکی نەناسراو نییە، چونکە ئەو ناوچەیەی گۆی زەوی، مێژوویەکی پڕ لە هەوراز و نشێوی تێپەڕاندووە بە گشتی ڕووداوی تاڵی زۆریشی تاقی کردۆتەوە. بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوین، بەتایبەتیش لە کاتی ڕووخانی دیواری بەرلین و یەکێتی سۆڤیەت گرژییەکانی توندتر بوونەتەوە.

گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەی ڕۆژهەڵاتی ناوین، یەکەمین نارەزایەتییە جەماوەرییەکانی خەڵک بەناوی (بەهاری عەرەبی) لە دژی دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرەکان دەستیپێکرد، دواتر بە شەڕە داگیرکاری لیبیا، میسر و شەڕی ناوخۆی سوریا بەردەوام بوو. لە پێنج ساڵی ئەم دواییانەدا، سووریا بووە مەڵبەندی ململانێی زلهێزە جیهانیی و ناوچەییەکان. هەرچەندە ئەو ململانێیانە و شەڕەکان تیرۆریزمی دەوڵەتیی و نادەوڵەتیی لە لیبیا، عێراق، ئەفغانستان، فەلەستین، تورکیا، و یەمەنیش هەموو ڕۆژێک قوربانی لێ دەکەوێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ناتوانرێ ئاسۆیەکی ڕووناک بۆ کۆتایی پێهێنان بەو قەیرانە ڕوولەزیادبووانە بەدی بکرێ. هەربۆیە پێشبینی ڕەوتی ڕووداوەکان چ لایەن چ ڕووی تر بەخۆیەوە دەگرێ، دەرەنجامەکەی چ ڕووداوێک دەقەومێ، هێندە ئاسان نییە. بۆ نمونە وڵاتی تورکیا تا سەرەتای ٢٠١٥، خاوەن سەقامگیرییەکی ئابووری و سیاسی ڕێژەیی بوو، لە کاتێکدا ئێستا دەبینین ڕووبەڕووی چەندین قەیرانی جۆراوجۆر بووەتەوە، بەشێوەیەک کە تیرۆریزمی دەوڵەتیی بە شێوەیەک لە مانگەکانی ئەم دواییەدا بە تایبەت لە باکوری کوردستان کارەساتی هەژێنەری خولقاندوە.

> **هەموویان کەم تا زۆر لەو قەیران و شەڕ و سەرکوت کردنانەدا چ بە ڕاستەوخۆی یان ناڕاستەوخۆ بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە**

یان پێشگرتن لە کۆچی مەزنی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوین، یەکێکە لەو بابەتانەی کە پێویستی بە گرتنەبەری ستراتیژییەکی وردە لەبارەی سەقامگیریی و تەناهی و ئاشتی هەرێمی.

بەڵام تا ئەو شوێنەی کە دەگەڕێینەوە بۆ چوارچێوە و کرۆکی باسەکەم، خاڵێک جێگەی سەرنجە، ئەویش دوورکەوتنەوە لە ئامانج و سیاسەتەکانی هەموو حکومەتەکانە! بە واتایەکی دیکە، بزاڤە جەماوەرییە مافخوراوەکان و دیموکراتەکان، دەبێ بەدوور لە دەسەڵات و لەدژی شەڕو سانسۆر و سەرکوتکردنیان بێ و پشت بە هێزی خۆیان و پارێزەرانی نێودەوڵەتی ببەستن. ئەو شتە ئێوە لە زۆربەی هەڵوێستەکانی حکومەتەکان و ڕاپۆرتە باوەکانی میدیا ڕەسمییەکان دەبینن کە هەوڵ دەدەن لایەنی بەرانبەرخەتاباری بارودۆخی ئێستاکە لەقەڵەم بدەن و خۆیان بێبەری بکەن لەو ڕووداوانەی کە دەقەومێن. لە حاڵێکدا کە هەموو سیستمی سەرمایەداری و حکومەت پارێزەرەکانی، هەموویان کەم تا زۆر لەو قەیران و شەڕو سەرکوت کردنانەدا چ بە ڕاستەوخۆی یان ناڕاستەوخۆ بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە. هەریەک لەو دەوڵەتانە هەوڵ دەدەن قەیرانە ناوەکییەکانی خۆیان بکەنە قەیرانێکی دەرەکی، تا لەم ڕێگەیەوە ناکۆکەکانی خۆیان هەرچی توندترلە ناوخۆی وڵات سەرکوت بکەن و پێگەی خۆیان بپارێزن و بەهێزتری بکەن.

رۆژهەڵاتی ناوین لەرووی پێگەی ستراتیژیی و پێکهێنانی بەشێکی فراوانی سەرچاوەکانی نەوت بەردەوام بووەتە مەڵبەندی سەرنج و چاوتێبڕینی زلهێزەکانی جیهان. لەگەڵ ئەوەشدا شەڕ و نەبوونی ئاسایش لە رۆژهەڵاتی ناوین بووەتە هۆی ئەوەی گێرەی شەڕی هەموو دەوڵەتە مۆدێرن و سەرمایەدارییەکان هەر لە ئەمریکاوە بگرە تا ئەوروپا و چین و رووسیە، بەردەوام بە خێرایی بگەڕێ و گیرفانە پیشەسازییەکانی ئەوان تەژی بکات. هەربۆیە بەردەوامبوونی شەڕ و کودەتا و سەرکوتکردن کپ کردن لە رۆژهەڵاتی ناوین، زەرورەتێکە بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی سەرمایەداریی جیهانی.

بەبڕوای من قەیرانە روولەزیادبووەکانی رۆژهەڵاتی ناوین، دەبێ لە بۆتەی شەڕی نیابەتی (شەڕی بریگرتەیی) زلهێزە جیهانییەکان و حکومەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە لە دژی یەکتری بخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە و دەرەنجامی لێ وەدەست بێ. وەدیهێنانی شەڕێکی ناوخۆیی، بەهێزکردنی گرووپە تیرۆریستییە ئیسلامییەکان، ملیتاریزم، ناسیۆنالیستی، جیاکاری دروستکردن لەنێوان خەڵک بە بەرجەستەترکردنی جیاوازییە نەتەوە و ئاینزا و کلتوورەکان، چەقۆیەکی ژەهراوییە کە رۆژئاوا و هاوپەیمانانی ناوچەکە لە دژی خەڵکی ناوچەکە بەکاریدەهێنن. لەم شەڕانەدا، لە هەشتا وڵاتی جیهان رەوانەی شەڕی ناوخۆی سوریا کراون. بە دەرکەوتنی داعش و بەرەی نوسرە سنوورێکی فراوانیان لەنێوان عێراق و سوریا بۆخۆیان دابڕ کردوە.

ئەم شەڕە تا ئێستاکە بووەتە هۆی گیان سپاردنی پتر لە ٣٠٠ هەزار مرۆڤ و ئاوارەبوونی پتر لە دە ملیۆن مرۆڤی دیکە، لەراستیدا سوریایان کردوە بە مەڵبەندی تیرۆریزم.

شەڕی سوریا دەتوانرێ بە شەڕێکی (بریگرتەیی) بزانرێ، کە تێیدا زلهێزە جیهانیی و ناوچەییەکانی وەکو رووسیە و ئێران و حزبوڵڵای لوبنان و بە پشتیوانی حکومەتی سووریا، سعودیە، قەتەر، تورکیا، ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسە و ناتۆ بە پشتگیریکردنی دژەکانی حکومەتی سووریا، هەوڵدان بۆلاوازکردنی ناڕاستەوخۆی دەوڵەتە نەیارەکان یان پاراستن و فراوانکردنی پەراوێزی کاریگەری خۆیان لەو وڵاتانەدا هەیە.

## ”بەڵام لەپڕ لە دونیای تۆزاوی و رەشی رۆژهەڵاتی ناویندا، ئاسۆیەکی هیوا کرایەوە

دەستێوەردانی تا هەنووکەی ئەمریکا، یەکێتی ئەوروپا، ناتۆ، رووسیە، حکومەتە هەرێمییەکانی وەکو تورکیا، ئێران، سعودیە لە کاروباری ناوخۆی وڵاتانی ناوچەکە بە کردەکی بووەتە تیرۆریزمی دەوڵەتی و نادەوڵەتی و کارەساتی مرۆیی و ژینگەیی کەموێنەی بەدوای خۆیدا هێناوە. لە کاتێکدا خەڵکی رۆژهەڵاتی ناوین پێویستیان بە ئازادی، یەکسانی، خۆشبژێوی وئاسایش هەیە، نەک شەڕ و کودەتا و سەرکوت کردن و چەوساندنەوە.

هەرکام لەو هۆکارانە بە تەنیایی، لایەنێکی راستییەکان و گشتایەتییەکی گەورەتر دەردەبڕن کە بە گشتی بەردەوامبوونی شەڕ و سەرکوتکردن و دیکتاتۆری و چەوسانەوە و مافخوراوین.

لەڕاستیدا هەڵگیرساندنی شەڕ و دیکتاتۆرییەت پێوستی بە ژیرییەکی وەها نییە، بەڵکو پێوستی بە کەمێک سوکیی کەسایەتیی و گێلایەتییە، ئەوەش لە سروشتی مێژووی بەشەرییەتەوە سەرچاوەی گرتووە.

بەداخەوە تاکو ئێستا ئەکتەرانی راستەقینەی رووداوەکانی رۆژهەڵاتی ناوین گشت حکومەتەکان و رێکخراوە نەتەوی و ئاینزایی و پارێزەرە جیهانییەکانیان بە سەرکوتکردن و دیکتاتۆری و شەڕ و لەسێدارەدان بەرەو پێشەوە چوون، بەتایبەت لە ٣٠ ساڵی رابردوودا، چەکە کۆکوژ و پێشکەوتووەکان لە خزمەتی هەموو رێکخراوە ئیسلامی و تیرۆریستییەکان بووە.

تارادەیەک تا بەرفراوانبوونی شەڕی ناوخۆی سووریا و دەست تێوەردانی دەوڵەتە زلهێزە جیهانیی و هەرێمییەکان و گۆڕانکارییەکانی رۆژئاوا، هەموو هێزەکانی دژە شەڕ و دیکتاتۆری و بزووتنەوە سیاسی – کۆمەڵایەتییە مافخوازەکان، بە کردەکی ئەو بارودۆخەیان پەسەند کردبوو، چونکە رێگەچارەی دیکەیان لەبەردەم خۆیاندا نەدەبینی، هەربۆیە، کۆمەڵگە چاوەڕوانی رووداوی لەخۆرا بوو.

بەڵام لەپڕ لە دونیای تۆزاوی و رەشی رۆژهەڵاتی ناویندا، ئاسۆیەکی هیوا کرایەوە، بە شێوەیەک کە نەک تەنیا سەرنجی خەڵکی رۆژهەڵاتی ناوینی بۆخۆی کێش کرد، بەڵکو بوە جێگەی سەرنجی خەڵکی جیهانیش. ئەم ئاسۆیە هیوابەخشە لە ناوخۆی سنوورەکانی سووریا و لە کانتۆنە سێیانەکانی رۆژئاوا (کوردستانی سووریا) بە شێوەیەکی سەرسوورهێنەر درەوشایەوە. قارەمانانی ژن و پیاوی رۆژئاوا، لە هەموو بوارەکانی رێکخستنی ئابووری، بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و سەربازی و ئاسایشی ئەزموونێکی زۆر تازەیان رووبەڕوو کردینەوە. ئەو شەڕکەرانەی نەک بۆ پارە

و پۆست و پێگە و دەسەڵاتێکی حکومی، بەڵکو تەنیا لەپێناو مرۆڤایەتی، ئازادی، یەکسانی و دادگەریی، بەتایبەت لە کوبانێ بە شانازییەوە بەرخودانیان کرد و هێزێکی دێوئاسای وەکو داعشیان تێکشکاند. ئەو ژن و پیاوانەی کە پێکەوە بۆ وەدیهێنانی جیهانی ئارەزووەکانیان کەوتونەتە ناو ململانێی چینایەتی و سیاسی؛ جیهانێکی لێوانلێو لە هاوڕێیەتی، عەشق، ئاشتی و ئاسایش، جیهانێک کە تێیدا، لە نێوان مرۆڤەکان جیاکاریی نەتەوەیی، ئاینزایی، جێندەریی و باوەڕیی نییە؛ جیهانێک کە مرۆڤەکان بەبێ دەوڵەت، سوپا و پۆلیسی پیشەیی، کۆمەڵگەی خۆیان لەڕێگەی شورا و ئەنجومەن و یەکێتییەکانیان بە باشی بەڕێوە دەبەن.

**ئەو تیۆرییانەی کە لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا لە رۆژئاوا تاقی کراوەتەوە و دەرەنجام و دەسکەوتی زۆر ئەرێنی سیاسی و کۆمەڵایەتیشی لێ وەدەست هاتووە**

بەڵام بەدڵنیاییەوە کە ئەو دەستکەوتانە بە رێکەوت وەدەست نەهاتوون و رابردوویەکی چەندین ساڵەی خەباتی تیۆری و پراکتیکی لەپشتە، تیۆرسیەنی سەرەکییەکەشی جگە لە عەبدوڵڵا ئۆجالان، ئەوکەسایەتییە بەرجەستەیەی سەردەمی نوێ و رێبەری ئازادیخوازی گەلی کورد، کەسێکی دیکە نییە. ئەوەی کە ئێمە چ رەخنەیەکمان لەسەر بیر و تێڕوانینەکانی ئۆجالان هەیە، کەمترین گۆڕانکاریی بەسەر ئەو راستییە نکۆڵی لێنەکراوەدا ناهێنێ، ئەویش ئەو تیۆرییانەی کە لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا لە رۆژئاوا تاقی کراوەتەوە و دەرەنجام و دەسکەوتی زۆر ئەرێنی سیاسی و کۆمەڵایەتیشی لێ وەدەست هاتووە، بەمشێوەیە ئێمە ئێستاکە لەگەڵ نمونەیەک و مۆدێلێک و ئەزمونێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی رۆشن و بەرجەستە رووبەڕووین و بەبێ دڵەڕاوکێ ئەو مۆدێلەش بۆ رۆژهەڵاتی ناوین گونجاو و پراکتیکییە.

وەسفکردنی وەرچەرخانە هزرییەکانی ئۆجالان هەروەک زۆرێک لە کەسایەتییەکانی وەکو ئەو، ئاوێتەی نهێنی و سیمبۆلە. ئەو نووسینانەی کە ئەو نووسیویەتی بە بڕوای هەندێک کەس ١٠٠ کتێب و بە بڕوای هەندێکی دیکە زۆر زیاترە لە ١٠٠ کتێب، ئەو کتێبانەی کە لە سەردەمی زیندانیش خوێندویەتیەوە هەروایە، دەگوترێ کە لەو ماوەیەی لە زینداندا بووە سەدان بەرگ کتێبی خوێندوەتەوە. خۆی لە نووسینەکانی ئەوکەسایەتیانەی کە کتێبەکانی لێ خوێندونەتەوە ئاماژەی پێ کردون، لەوانەش (مۆرای بوکچین، والرشتاین، براودل، نیچە، فۆکۆ، گۆردن فرانک، گۆردن چایلد، گیدنز، هانتینگتۆن، برژینسکی). پێش ئەوەش مێژووی مارکس و ئەنگلس و لینین و لێکۆڵەرە مارکسیەکانی دیکەی خوێندوەتەوە.

بەڵام زیاتر لە هەموان دەتوانرێ دیدگا سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی مۆرای بوکچین لە نووسینەکانی کاتی بەندکردنی بەدی بکەین.

بوکچین، بناخەدانەری ئایدیای ئیکۆلۆژی کۆمەڵایەتی یان ئەو رەوتەی بە (ئیکۆ ئەنارشیزم) لەگەڵ رابردووی مارکسیستییە. ئەو دوای شەڕی جیهانی دووەم کە زۆرێک لە هزرە شۆڕشگێڕییە چەپەکان دامرکانەوە و زۆرێک لە چالاکە چەپەکان روویان کردە چالاکییە ئاکادیمی و رۆژنامەنووسییەکان، رۆحیەتی کۆمۆنیستی و دژە سەرمایەداری و شۆڕشگێڕیی خۆیان پاراست.

ئەو تیۆرەی کە عەبدوڵڵا ئۆجالان لەگەڵ شوێنپێ هەڵگرتنی دیاردەی (دەوڵەت- نەتەوە) خستەڕووو پێش ئەویش بوکچین چەند تیۆرێکی بەرهەم هێنابوو. ئەو سیاسەتەی کە ئاسۆ و رۆژنەیەکی چەپ و سۆسیالیستی تازەی لە بەرانبەر هەموو هێزە سیکۆلار، ئازادیخواز، یەکسانیخواز، دادگەرخواز، رۆژهەڵاتی ناوین دروست کردوە. بە واتایەکی دیکە، ئێمە ئەمڕۆکە مۆدێلێکی تەواو تازەمان بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە بە رەخنە و تێپەڕین بە (دەوڵەت- نەتەوە)مان لە بەرانبەردا هەیە. مۆدێلێک کە کۆتایی بە شەڕە نەتەوەیی و ئاینزایی و ململانێ کاپیتالیستییەکان ستەم لە مرۆڤەکان و نابووتکردنی ژینگەییەکان دێنێ و جیهانێک دروست دەکات کە شایستەی مرۆڤ بێ. مرۆڤێک کە چارەنووسی خۆی ناسپێرێتە دەستی قەزاوقەدەرو حکومەتێک، بەڵکو راستەوخۆ خۆی چارەنووسی خۆی و کۆمەڵگەکەی دیاری دەکات.

ئۆجالان بە خستنەڕووی پرۆژەی (ژیانی ئازاد) هەوڵ دەدات (دەوڵەت- نەتەوە) بکێشێتە ململانێیەک کە لە ڕوانگەی ئۆجالان هۆکاری سەرەکی دروستبوونی نایەکسانی کۆمەڵایەتی، جیاکاری چینایەتی، جێندەریی و شەڕە. ئەو لەو باوەڕەدایە کە دیموکراتییەتی بونیادنراو لەسەر سەرمایەداری ناتوانێ پرسی کورد لە ناوچەکە و رۆژهەلاتی ناوین چارەسەر بکات. دیموکراتی سەرمایەداری نەیتوانیوە تا ئەمڕۆکە کۆتایی بە گرفتەکانی نایەکسانی چینایەتی و کۆمەڵایەتی و جێندەری بهێنێ. لە دڵی دیموکراسی بنیاتنراو لەسەر بنەمای

لیبرالیزمی ئابووری، سەرمایەداری رووت لەدایک دەبێ و بەرفراوانبوونەکەی بەسەر هەموو رەهەندەکانی ژیانی مرۆڤ، بە کردەکی شوێن بە دیموکراتی تەسک دەکات.

**(سیستەمی دیموکراتی نادەوڵەتیی خەڵکە، سیستەمێکە تەواوی توێژەکانی خەڵک و لەسەرووی هەمووشیانەوە، ژنان و گەنجان، سیاسەتی رێکخستنی دیموکراتیی خۆی دیاری کردوە**

سەرمایەداری ئەمجارە دیسان لەسەر فۆرمی هۆکاری نایەکسانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و شێواندنی سروشت دەردەکەوێت. دیموکراتییەکی لەم شێوەیە لە راستیدا یارمەتی چۆنیەتی سەرمایەداری دەدات. دیموکراتی بنیاتنراو لەسەر سەرمایەداری کە لەسەر سێ بنەمای سیاسەت، ئابووری، سیستەمی کۆمەڵایەتی بونیاد نراوە؛ پێکهاتەی بازاڕی ئازاد و کێبڕکێ بەسەر تەواوی بنەماکانی کۆمەڵگە دەسەپێنێت و لە راستیدا کۆمەڵگە دەکاتە جۆرێک سەرمایەداری بێ دیموکراتی.

لە روانگەی بوکچین و ئۆجالان، رێڕەوی مێژوو هەمیشە توانیویەتی رێگەیەکی دیکە بگرێ و هەر ئەوەی کە ئێمە لە سەردەمی کۆمیناڵ دەژیاین، لە نوێوە دەتوانین هەمان شێوەی ژیان زیندوو بکەینەوە. لەوانەیە ئەمە هەمان ئەو بینینە ئازادیبەخشە بونیادییە بێ لە دیدگاکانی بوکچین و ئۆجالان. هەمان ئەو هیوایەی کە بۆ زیندووکردنەوەی فۆرمێکی وەهای ژیان لە ئیکۆلۆژی ئازادی بوکچین دیار نییە لە پەرتووکی بەرگریکرد لە گەلێک (٢٠٠٤) ئۆجالانیش بەرچاو دەکەوێ؛ ئەم هەستە خۆشەی کە خەڵک سەردەمێک لە جۆری پێکەوەلکانی کۆمیناڵ ژیاون و ئەوەی کە ئێمە ئەگەر بڕیار بدەین بەرنامەی کۆمەڵایەتیمان بگۆڕین دەتوانین دووبارە ئەو تاقی بکەینەوە.

(بەیاننامەی کۆنفیدرالیزمی کوردستان) کە ئۆجالان لە ئاداری ٢٠٠٥ بڵاوی کردەوە، بانگەوازێکە بۆ وەدیهێنانی (پێکهاتەیەکی کۆمیناڵی دیموکراتی) بونیادنراو لەسەر کۆمەڵگەی سروشتی کە تێیدا (بڕیارەکانی جێبەجێکاریی سەرەکی لەو ئەنجومەنەی گوند، گەڕەک و شار و نوێنەرەکانیانن، هەربۆیە، ویستەکانی خەڵک و کۆمەڵانی خەڵک جێگەی بایەخە). ئەو سیستەمەی کە:

(سیستەمی دیموکراتی نادەوڵەتیی خەڵکە، سیستەمێکە تەواوی توێژەکانی خەڵک و لەسەرووی هەمووشیانەوە، ژنان و گەنجان، سیاسەتی رێکخستنی دیموکراتیی خۆی دیاری کردوە و بەگوێرەی شارۆمەندی کۆنفدراسیۆنی راستەوخۆ و یەکسان، ئەنجومەنەکانی شارۆمەندە ئازادەکانی خۆی لە ناوچەکە دروست دەکات. هێزەکەی خۆی لە خەڵکەوە وەرگرتوە و لە بواری ئابووریشدا دەیەوێ ببێتە خۆبەڕێوەبەر.)

ئازادبوونی ژنان و رزگاربوون لە روانینی پیاوسالارییانە و ناموسییانە جوغزی هەیە. لە روانگەی ئۆجالان، (ژن ئازاد بێ، کۆمەڵگەش ئازاد دەبێ، کۆمەڵگەی ئازادیش گەلێکی دیموکراتە.) ئەمە بەمانای هەوڵێکە بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو تێڕوانینە باوەی جێندەریی لەسەر بنەمای زاوزێی نێوان ژن و پیاو. ئۆجالان بایەخی ئازادبوونی ژنان بە رادەیەک دەزانێت کە لە شوێنێکدا دەڵێ: (دەڵێن کرێکارە ستەمدیدەکان جیهان رزگار دەکەن، بەڵام من دەڵێم ژنان جیهان رزگار دەکەن) ئۆجالان، ١٣٨١ ب:١٧

شرۆڤە و لێکدانەوەی جیاواز بۆ پەیامەکەی ئۆجالان دەخرێنەڕوو، بەتایبەت لە بواری ئۆرینتالیزم، مارکسیستەکان چەند کەموکوڕییەک لەو باسەدا دەبینن و رەخنەیان هەیە لەو پشتگرییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی ئۆجالان.

رەخنەگرەکانی دیکەی ئۆجالان لایەنگرانی ناسیۆنالیستین کە چاویان لەوەیە کە ئۆجالان قارەمانی ناسیۆنالیستی کورد بێ. لە کاتێکدا کە ئۆجالان رەخنە لە هەموو ئەو شتانە دەگرێ کە بە ناسیۆنالیستی کورد دەپێوڕێن. بە بڕوای ئەو لایەنگرانە، ئۆجالان لە دروشمەکانی ٣٠ ساڵ لەمەوبەری خۆیدا، واتە لە دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان پەشیمان بۆتەوە، کە ئامانجی گشتی و ستراتیژی پەکەکە بوو، ئەوەش لەژێر کاریگەری هەلومەرجەکانی زیندان روویداوە. ئۆجالان لە مێژوووناسیی خۆیدا دژی ئەو پرسانەی خوارەوەیە: ١. نەتەوەییبوونی لە رادەبەدەر، ٢. شۆڤینیزم و فاشیزم، ٣. دەوڵەتگەرایی، ٤. لیبرالیزم، ٥. زانستگەرایی (ساینتیزم) بە شێوەی مۆدێرنیتە و سارمایەداریی کە لەسەر شێوازی پۆزەتیڤیزمی موتلەقگەرا پایەدارە، هەروەها پرسە دەمارگیرییەکان. بێویژدانی، نائەخلاقیی بوون لە شیکردنەوەکان. ئۆجالان ناهێڵێ هەژموونی هزری و مێژوونووسینی هیچ میلەتێک بەسەر میلەتێکی تردا هەبێ، هەربۆیە نەک تەنیا لە بەرانبەر هەژموونگەریی دەوڵەتەکانی رۆژهەڵات، بەڵکو لەبەرانبەر سیستەمی جیهانیی سەرمایەداریش

وەستاوەتەوە. ئەو هەڵویستی رادیکاڵانەی هەیە لەسەرئەوانەی کە بە ئاسانی بە دەسەڵاتی مێژووی دەسەڵاتخوازان لەبەر خەڵکی خۆیان هەڵدێن. لە هەڵوێستی شۆڕشگێڕیدا رووبەڕووی رەخنەی توندی دەکەنەوە.

خۆرهەڵاتناسی و خوێندنەوەی خۆرهەڵات لەوکۆمەڵە ململانێ دروستکەرەی کۆمەڵگە فکرییەکان بووە. بایەخی ناسینی خوێندنەوە رۆژهەڵاتناسییەکان و پەراوێزەکەی دەورووبەری، بۆ هەر چالاکێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی شیکەرەوەی سیاسی پێویستە.

بەرهەمە تیۆرییەکانی عەبدوڵڵا ئۆجالان، هەرکامیان لە شوێنی خۆی پێویستی بەرەخنەلێگرتن ولێکۆڵینەوەهەیە. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی بەندکردنەکەی لە دوورگەیەک و کەمیی سەرچاوە دەتوانێ کەموکوڕی لە باسەکانیدا دروست بکات. هەرچەندە (کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی) کەموکوڕییەکیشی هەبێت نابێ ببێتە هۆی لەمپەرلەبەردەم دەستێوەردانی هەمەلایەنەی و بەدواداچوونی ئێمە لەوبوارەدا. چونکە ئێمە لە پرۆسەی چالاکییە تیۆری و کردەکییەکاندا دەتوانین لە کەشە ناسک و خۆشەویستییەکان و کاری هاوبەش، کەموکوڕی و کەمتەرخەمییەکانمان لاببەین و کامڵتری بکەین.

هەربۆیە ئەوەی کە باس کرا، نەبینی جیاوازییە سیاسییەکانی نێوان ئەو دوو لایەنە نییە، بەڵکو دەتوانرێ لە کەشێکی پاک و سیاسی و کردەکی، کەموکوڕییەکان بخەینە بەررەخنە ولێکۆڵینەوە و کامڵی بکەین. لەگەڵ ئەوەی کە کۆنفدرالیزمی دیموکراتیش جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەنارشیزم کە بە فکری ئیکۆلۆژی کۆمەڵایەتی مۆرای بوکچین ئاوێتە بووە. بەڵام بێگومان بەبێ لەبەرچاوگرتنی باشیی و چۆنیەتی ئەو پەیوەندییە، ئێمە دەبینە کەموکوڕییەکی بنەڕەتی لە ئامادەیی خەڵک و پێکهێنانی شوراکان و ئەنجومەنەکان و سەندیکاکان و رێکخستنە دیموکراتییەکانی دیکەی جەماوەر.

> **تەنیا نابێ کارمان تەنیا رەخنەگرتن لە کارەکانی ئەوانی دیکە بێ، بەڵکو ئێمە دەبێ باس لە سەلمێندراوەکانی خۆمان جێبەجێ بکەین، خۆشمان لەسەر خاڵە لاوازەکانی خۆمان بوەستین**

بە بڕوای من، هەرئەوکۆنگرە و ئەکادیمی ئەندێشەی دیموکراتییە ئەتوانێ رۆڵێکی گرنگ لە گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە ولە دروستکردنی پەیوەندی دۆستانە و هاوڕێیانە بگێڕێ. لەم ڕووەوە زۆر پێویستە کە ئەو ئەکادیمیایە فراوانتر بێ و بەهێزبێ.

رێکخستنی هێزەکانی بەرگری لە خەڵک لەبەرانبەرشەڕدا، جیاوازی دروست کردن و ئەو کارەساتانەی کە رۆژانە لەو ناوچەیە روودەدەن، بەشێکی گرنگی ئەرکی هەموو هێزە ئازاد و مرۆڤدۆست و یەکسانیخواز و سۆسیالیست لە هەموو ئەو ناوچەیەیە. رێکخستنی بەرەوپێشەوە بردنی ئەو پرسە بێگومان پێویستی هاوڕایی هەموو هێزە خەباتکار و گۆڕانخوازەکانە بۆ گۆڕینی ئەو بارودۆخە کارەساتبارەی کە هەیە لە ناوچەکە.

ئێمەی کەسانی یەکسانیخواز، دادگەرخواز و دژی چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤین، لەسەرمانە بەتەواوی هێزمانەوە پشتیوانی رۆژئاوا بکەین. بەتەواوی هێزمانەوە دژی تیرۆریزمی دەوڵەتی تورکیا بین لە بەرانبەر گەلی کورد و کەمەنەتەوەکانی دیکە و رۆژنامەنووسان و پارتی دیموکراتی گەلان. بەتەواوی هێزمانەوە بۆ لەناوبردنی گشتی حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران هەوڵ بدەین و لە هەموو ئەو وڵاتانەش ئەلتەرناتیڤی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رێگەچارەکانمان هەمان نمونەی رۆژئاوا بێ. چونکە ئەو ئامانج و سیاسەتانەی کە تا ئێستا لە رۆژئاوا جێبەجێ کراوە، مژدەبەخشی سەقامگیریی و ئارامی لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناڤینە. مۆڵەت بدەن باسەکەی خۆم بەم رستەیە کۆتایی پێ بهێنم: لە روانگەی من، فرە گرنگە کە ئێمە نابێ لە رەوتی خەباتماندا، دوژمنانی خەیاڵیی بۆ خۆمان دروست بکەین؛ واتە نەک تەنیا نابێ کارمان تەنیا رەخنەگرتن لە کارەکانی ئەوانی دیکە بێ، بەڵکو ئێمە دەبێ باس لە سەلمێندراوەکانی خۆمان جێبەجێ بکەین، خۆشمان لەسەر خاڵە لاوازەکانی خۆمان بوەستین. لە هەلومەرجێکی وەهادا، بیرەکانمان لە رێگەی وەدیهێنانی باوەڕەکانمان و دروستکردنی دنیایەکی لێوانلێو لە عەشق بۆ مرۆڤ بێ، عاشقبوونی ئازادی و یەکسانی نێوان ژن و پیاو، عاشقبوونی منداڵان، عاشقبوونی سروشت، عەشق بە ئاشتی و ئاسایش برازێنینەوە.

# خەونەکە رک



ئازادیی کۆمەڵگە
نزار بێجان

نیڤرۆژەك ژ هەشتیکا هاڤینێ یە، ئەلنتیێرك فوولە، ڤیلە یا من دوقاتیە، هاویردوورێن وێ سپلێتە؛ هینك و فەرەشینە. با پەردەیێ داڤێژە سەردەرزێن راستێ، هەیلۆۆ!

هوندرێ ئەڤێ ڤیلەیێ دشبهە بهوشتێ، بەلێ وەکە کولسەردەستێ هەسەن.س. بە دلەیزە، لەۆرە دخوازم ل گەل شکەفتەکێ ب گوهەرم ببم هەڤالێ شکەفتێ؛ برازێم و ب چەرخان د خەو دە بمینم. هوندرێ ئەڤێ ڤیلەیێ خوەشیەکە ب ترسە. ئەرێ ئەزرازایی مە بەلێ هەرکێلیکێ دلڤم؛ چ خەوەکا تامسار، گران وتال دلێ من دۆرپێچ کریە، چ خەوەکا پووچە؛ مینا بەخت و بزاڤێن کوردان د هاتنا خوە دە دچە. ئەز نە ئارامم، دبە کوکێماتیەکە من هەبە. وەکە کو من نڤێژا خوە نەکربە، لۆل من ژ خوەرە گۆت: دەهەرە لۆ، نمێژا چ هالێ چ! ژ خوە ئها نمێژ، رۆژی، کۆمبوون و فەرمۆدە د بێ واتەنە؛ مە زۆر، زەهمەتی و ئەزموون، دەرباس کرنە، نەخوەشی ب داوی هاتنە. ها دیسان ئەزرازام و د خەیالێن خەوێ دە چووم... لێ ئەڤێ جارێ مامۆیێ کورێ من ناهێلە، ب سمبێلێ من دلەیزە، واتەیا سمبێلان نزانە کو سمبێل خێروبێرە؛

سەمبوولا زلامێ دینەمێرە. دگرە، دکشینە و هەی دکشینە. ئەزهێرس کرمە، کو ئەز رابم ئەزێ ب چەنگێ وی بگرم و ل سپلێ بخینم، ئەزێ وی ب سپلێ ڤە بکم هەڤیر. هە! من جاردن ژ خوەرە گۆت: دە بەسە لۆتوچقاسی درەوینە، قاشۆتو ژ خوە باوەری نە!؟ قەی تو نزانی ئەولاوك یەکی یەکانەیە، لێخستنا وی قەدەخەیە؛ ژهێزا تە وسەد باڤێن تە ژی زێدەیە.! همم.. ئەرێ راستە ئەوکورێ من یێ رووهانی یە، بێ دایکە، خوەدێ ژکەربێن مێرەمێ دە ب من بەخشیە، لەۆما نکارم ژئالیێ خوەدێ پاراستیە.. ئوفففف بژانکێن چاڤێن من وەکە بەنووشتێ بێ کەزوانێ ب هەڤ ڤە دزەلقن. ئەڤێ جارێ ژی مامۆبێ پیێ من د خوەرینە و د بەرخوراندنا پیێ من رە ب نازکی دبێژە: "باڤۆ، باڤۆ دە رابە شیاربە مێهڤانێن تە هەنە، لبەردەری ل بەندا تەنە. ئەرێ گۆتنە خەوهنگڤە لێ جارنا ژی دبە ژەهرو هنگی ئەزژخوەراندنا بێ پی ئاجزبوومە، ئها نە دوورە کو ئەزهاربم، خوین ژچاڤێن من دبارە؛ خوینا من زەر کەڤزی وەکە پشتا ماسیێ هلوو ل بەرپێ من د تەڤزە. جاردن دەنگێ وی د گوهێن من دە چەندبارە بوو لەۆما من تفکر چاڤێ «ئەردۆگان»ی، راست رابووم سەرپی. پیێ من لسەرپشتا ماسی شمتی، گرێل بووم.



گرێلبووم ژسەری هەتا بەردەری، دەما کو سەرێ من ل دیوارکەت ئێدی هشێ من کەت جیێ خوە من ژنوو زانبوو کو ئەڤ خەونە. من وەکە کالێ خوە کورمانجی (هەمد و شۆکور ) کر. ئەزهندەکی هاتم بەرهەڤ من پۆرێ خوە راستکر، دەرپیێ خوە یێ پێناسەیا شەرەفێ ل خوە کر، ژ خوە ئەزژگونەهان داوەشیایی بووم، لۆما من ب بێ ترس دەری ڤەکر، لێ چ ڤەدکم،! من گرسەیەك مرۆڤان دیت! د وێ دەمێ دە من هەست ب سەرۆکاتیێ کرکو ئەزسەرۆکم، ئەڤ گرسە جڤاکا کەسێن چالاکە، نەرازینە، هۆۆهۆپ! من رك و رك ل ئەوان نێری، من خوەست ئەز ب ئەهمەڤی ژوان رە ببێژم: دە هەرن بەلاڤ بن هوون کینە، هوون چنە؟ هایا من ژ تشتەکی تونە ئەزد خەوم، ئەزمریمە!

پاشی من خوە ب خوە دادگەهکر، نا، لۆ، خەونا چ مرنا چ!، ئەڤ ئێن کول پێشبەری من خوەیانی نە، لێ پر ژهەڤدۆ جودانە. من ل قورتە بەرانێ سەرەش نێری،

شەرەفکەندی، خدرێ دین، هێرۆخانێ، مایکل ئەبباسی، کەك مێرکوژی، تمۆخی و هولیا ئەڤشارێ، هۆ، هێ چ کۆمەکە تەڤلیهەڤە! خوەدێیۆ دە لەز بکە، د هەوارا من و خوە وەرە!

پاشین دەنگەکی خوتمی دهات گوهێ من، وەکە کو پەرە و پاری د قرکا وی دە مابوون بانگ دکر؛ واا خوەشمێرۆ شۆرەشگەرۆ تو نها ژی شۆرەشگەری، ما قەی تو نزانی ئیرۆ ل دهۆکا رەنگین وێ سینەما یا نەورۆز فلیمەکی شۆرەشگەری بدە نیشاندان؟ ها دە وەرە دەرەنگە ئەم هەرن. ئێدی بوو قاژەواژێن وی:» هەرنە پێش هەرنە پێش» دەنگێ وی ل بەرگوهێ من نە خەریب بوو لێ من نەددی ئەو دناڤا وێ جڤاکێ دە کنك و وندا ببوو، ئێدی نەدهات ناسکرن. ژنیشکان ڤە یەکی دەستێ خوە د بن باسکێ من رە بر، تلیێن خوە یێن هەڤرمووشی خستن ناڤا تلیێن من، پۆرێ وی سپی بەربایی بوو. دیسا ئاپەك دناڤا ناڤێ وی دە ژی هەبوو لێ نایێ هشێ من، ئەو ب فیتان دئاخڤی من ب زاراڤێ فیتکان نزانبوو، هما من گوهداری دکر. ئەم ژخوە رە هێدوو هێدوو بەرب سینەمایێ ڤە دچوون؛ گاڤ ب گاڤ هەیا کو گەهاین بەردەری، من چاڤەکی خوە ڤەکر ل وێ دەردۆرێ مێزە کر. ل سەردەری ناسناڤ نەهاتبوو نڤیساندن، بێ رەکلام و ئافیش بوو. ل وێدەرێ ژبلی دارێن چاما، تەنێ مرۆڤەك هەبوو ئەوی ژی، ژگەرما رۆژێ کۆچی بن سیا دارەکا چامێ یا کو د پاییزا تەمەنێ خوەدە ژهەڤ کەتی کربوو. ئەو مرۆڤ یەکی رەشکی درێژ بوو، شاشکەکە سۆر ل سەرسەری بوو، ژهەموو قرالێن کرێت کرێت تر بوو، د بن لێڤان دە ب دەنگەکی کۆلەتیك بانگ دکر، وەرن بلیتا-وەرن بلێتا هەربلێتەك ب نانەکێ یە، یێکو نان نەبە ب «گ...»؛ هەرکەسەکی بێ هەردوبە ئەو مریە، بلا بەلگە یا شەهادەتا خوە بینە. ژبۆ شەهیدا هەروەیە، وەرن بلێتا بلێت قەدیان، زوو وەرە فلیمێ سەیێن شۆرەشگەر. تەماشەی ئەڤی فلیمی بکە، ژدەست خوە نەکە، کا وەرن ب چاڤێن سەرێ خوە ببینن کا چاوا کوچك ببراتی هەستیان ل خوە پارڤەدکن،

**ل وێ هۆلا جیێ سەدان بینەرا ئەز تەنێ بووم، ئێدی ئەز د هزرێن ڤالاتیا وێ دە چووبووم**


بلێت نەمان وەرن بلێتا. پاشین ل من نێری و گۆت: «کەرەمبکە ئەزبەنی کەرەمکە سەیدا هەربلێتەك ب نانەکێ یە، یان ئەوەکێ فەرمۆ تو بخێرهاتی دزستانێ، ئەرێ یاسایا ئەڤی وەلاتی ماف، مۆچە، نان و گ... کەرەمبکە ئەزبەنی. ژخوە تشتەکی مریان تونەیە لۆما ئەزبێجان و نان بووم، بەلێ من تێرا خوە ب قاچاخیێ ژی زانبوو. ئەزهنەکی ژوی دوور کەتم و من وەکە ناعمێ چاڤێن خوە گرتن سەرێ خوە تەواند و کەتم هندر، پشتی کێلیکێ من چاڤێن خوە ڤەکرن و سلاڤدا، ل وێ هۆلا جیێ سەدان بینەرا ئەزتەنێ بووم، ئێدی ئەزد هزرێن ڤالاتیا وێ دە چووبووم، ژنیشکان ڤە بوو تاری د تاریکتیێ دە تەقینیەك هات:، ل هێلا دکا سینەمایێ من ژنەکا نێردی، ئەو پەردەیا ژپەرۆکێ نامووسێ ئەوا کو ب درێژیا دیرۆکێ ب کەدا دەستێن کەدخوار و فەئودالان هاتبوو درووتن، ب کوژیەکی وێ گرت، ب هێز و هێرس ژچراند. وێ دەمێ خشێنیەك کەت هۆلێ دیوار زەلال بوو. ئەڤ جارا یەکەمین بوو کو ئەز ل دەسپێکا فلیمەکی ببینم وها د نڤیسێ دە دەرباز ببە: سەیێن شۆرەشگەر دەرهێنەری و هەرتشت «مووران خورکی». هێدی-هێدی ناڤچاڤێن کوچك خویا بوون سەرێ خوە د کەفا دەستێ تۆنی یێ خوەدیێ خوە دە ڤەدگەراند. فلم وەکە تەرزێ هۆلیوودێ بوو، بەلێ دیمەنێن دەردۆرا دەڤەرێ وەکە خوەزایا سکوتلەندێ بوو.. ئێدی ناڤێن رەنگان ژی د چاندا مە دە دەرکەتبوو هۆلێ، لەۆرە من فێمکر کو کووچکەکی بەلەکە. ناڤێ کووچك ئونی بوو، خوەدیێ وی سەر ب سکوتلەندیا ڤە نەدچۆ، رەنگێ روویێ وی زەرگەنمی، لاواز و چلمسی بوو. تۆنی گۆمان دکر کو پەیوەندیێن دناڤبەرا سیۆنا ژنا وی و ئونی یێ کوچکێ وی دە خراب بوونە، لەۆرە گەلەك جاران سیۆنا ژنا خوە شیرەت دکر و ژێرە د گۆت:» تەقەزبلا هایا تە ژئونی هەبە. فەقیرۆ نزانبوو کو د هەمان دەمێ دە سیۆن پێ حەسیایە کو ئونی فێری دزیان بوویە بەلێ نەدخوەست راستەراست ژمێرێ خوەرە ببێژە، وێ زانبوو کو تۆنی یێ مێرێ وێ بین تەنگە و زوو هێرز دبە ئەوێ خوە کونتروول نەکە و وێ ببە کوژەرێ ئونی. ما قەی کوشتنا کوچك ئاسانبوو؟ راستە دگۆتن کوچك ئێ (هەرام) بەلێ ناسنامە و پاسپۆرتا وی ژیێن هەموو مرۆڤێن رۆژهەلاتاناڤین گرنگتر بوو. سیۆنێ گەلەك هەزژنیقاشێن نەرم و دانۆستاندنان دکر براستی ژی ژنەکە ژیروزانەبوو..ئێڤارەکە زوو هەوشا مالا خوە ژقامووش و پەلێن داران پاقژ دکر ماسەیاکا کەڤنار هەبوو ئانی ل نیڤا هەوشا مالێ دانی شووشەیەك وێسکی ل گەل پێکەکی شەرابا سۆر ل سەردانی. ژخوە سیۆنێ ب بهانەیا کو شەرابا سۆر ژبوویی نەخوەشیا مەمکان باشە پر ژێ هەزدکر. بەلێ ئەڤ ئامادەکاریا روونشتنێ نە ژبۆ ڤەخوارنا مەی و مۆرالەکە دەمکی بوو، ئەڤ پێڤاژۆیا چارەسەریێ بوو. د دەما ئامادەکرنا خوارن و ڤەخوارنێ دە، تۆنی یێ مێرێ وێ ژوێدە دهات جاڤێ وی ل وێ ماسەیا خەملاندی کەت گەلەکی کێفخوەشبوو. گرنژینەك دیاری ژنا خوە

کرو ب دەڤ ژی ژێرە گۆت:»هەڤالا من تو هێژایی ئەزپرژتە هەزدکم». سیۆنێ ب کەن ڤەگەراند، نا لۆئێ من د دخوەست ببێژم ئەزژی پرژتە هەزدکم لێ مخابن دو عپرعی د رێزمانا مە دە تونەنەیە ببورینە، هەه. مێرێ من مە پەیڤێن ئەشق و مەشقێ قەدانەدنە ئەم پیرو کال بوونە، مالنەك، تو هین ژی وەکە گێنجەکی رۆمانتیك تەڤدگەری نە؟ هەهە، دە کا روونە کو تو بخوازی ئەمێ ژخوەرە هنەکی ژی بەهسا خوەزا روە، ڤین و ئاخلاق ژی بکن باشە جامێرۆ؟ بەلێ دڤێ مرۆڤ ل سەرهەرتشت بفکرە و نیقاش بکە خانم. «ئەرێ تۆنی تو ئاگەهداری کو ئەڤ دەمەکە ئونی ژخوەزایا خوە دەرکەتیە و هینی دزیا بوویە؟». تۆنی دەستێ خوە یێ چەپێ ئاڤێتبوو شووشەیا وێسکیێ و ب دەستێ راستێ دەریێ وێ گرتبوو، دکرکوو ژخوەرە ڤەکە بەلێ پرسا سیۆنێ دەستێن وی سست کرن، چاڤێن وی ژوێ پێکا شەرابێ سۆرتر بوون، ب هێرس شووشە ئاڤێت سەرماسەیێ و هێدی سەرێ خوە زڤراند، دەست دا چفتەیا خوە رابوو کو هەرە ئونی، بەلێ سیۆنێ خوە ئاڤێت پێشیا وی و ژێرە گۆت: "مێرێ من دیالۆگ ب زیندەوەران رە ژی تێ کرن، هندکی ئارامبە؛ پێشی بشۆپینە شووندا بریارا خوە ب زانەبوون بدە". تۆنی جاردن روونشت چفتەیا خوە سپارت ماسەیێ، دەست دا گلاسا وێسکی یا کو سیۆنێ ژێرە داگرتبوو، بلندکربەردەڤێ خوە، هەیلۆکو خوەدێ ژیەکی دستینە وهایە، نان د دەڤێ ئونی دە بوو ب دزیکی د بەرچاڤێن تۆنی رە ژچێشتخانەیێ دەرکەت و وەکە سیتاڤێ ل ئالیێ دن یێ مالێ وندا بوو، تۆنی ب ئارامی گلاسا خوە دانی سەر ماسەیێ، چفتا خوە راکرو کەت پەی. ئونی ژگوند دەرکەت و چەپ چووبوو، ل وی ئالی کونگاڤەك هەبوو بەلێ ژبوو ئاڤێ نە دهات بکارئانین زوا مابوو، تۆنی هەیا بەردەریێ وێ کونگێ ژی ئونی ددی، لێ پشتیرە ئێدی ل بەرچاڤێن وی وندا بوو، تۆنی زانبوو کو ئونی کەتیە هوندرێ وێ کونگاڤێ، هما وی ژی فیشەك بربەرچفتەیا خوە هندکی خوە تەواند ژبەرکو رۆنیا رۆژێ دکت چاڤێن وی تشتەك نەددیت، رابوو دەرکەت چوو ژهێلا دن ڤە هات و کەت هوندرێ کونگێ، دیت کوچکەکی پیری پەکەفتی لسەرکێلەکا خوە رازایی زمانێ وی درێژ، هلکە هلك

”

**دەنگێ زارۆکان بلندبوو د هشێ من دە عامۆدێ جەرەکەدن شەوتی، من نەزانبوو کو زارۆکێن ئەڤی سەردەمی کەسکەسۆری دکن حەفتێ پەرچە و رەنگەکی ژی ناپەژرینن**

دکرکەف بسەردەڤێ وی کەتبوو دیت کو ژلنگەکی خوە برینداره و کورما لسەربرینا وی گۆڤەند گرتبوو، ئونی ژی ب دەستێ خوە کورم ژجانێ وی دەردخستن، چاڤێن تۆنی و ئونی لهەڤ کەتن هەردویان ب ئەپە- ئەپ خوە ئاڤێتن...، هین نەگەهابوون سەرو ستوێن هەڤ، من فەلسەفەیا سینەماکاران فێمکر، کا چاوا مژاران نیڤجی د مەرێخێ دە دهێلن، من زانبوو وێ پەیڤا داوی بێ نیشاندان و هوندرێ هۆلێ ببە رۆنی. د وێ کێلیکێ دە ئەلەکتریك هات برین، دەنگێ زارۆکان بلندبوو د هشێ من دە عامۆدێ جەرەکەدن شەوتی، من نەزانبوو کو زارۆکێن ئەڤی سەردەمی کەسکەسۆری دکن حەفتێ پەرچە ورەنگەکی ژی ناپەژرینن هەواره ئەڤ زارۆك چقاسی جەلالن کەن و گریا وان نائێ فێمکرن ئوفف، دە بەسە زارۆکنۆ بهێلن ئەز ئەنجاما شۆرەشگێرێن سە، ببینم؟ ئەوان زارۆکان خەوا من ل من هەرماند، من خوەست بکەڤم سەر کێلەکا دن سەرێ خوە تەنا لسەرپالگوهی دانم، ئێدی لگەل خوە قولپاندنێ من دیت ئەولنگێ من یێ پرۆتەز، ددەستێ برایێ من دەبوو، و هشك دگۆت:» نزار، نزارکا رابە پیێ خوە ل پیێ خوە بکە هەرە بنگەها رەشەپێدانا جڤاکی، ئانها نرت تف دگۆت: ساقتا نیڤەك ژنیف مووچەیێ سەقەتا برِی!».




# کەوتنە




# بەردیدی




# خوێنەران

